

# دیوانِ حقی



اهدائی از طرف
رحیم خسروزی

۵هزار ریال

اداره کل کتابخانه های عمومی استان
کتابخانه
شیخ شلتوت

# بسم الله الرحمن الرحیم

کتابفروشی و چاپخانه موفقی مهاباد
خیابان جمهوری اسلامی تلفن ۳۴۴۲
روبروی بانک ملی

اهدائی از طرف
رحیم خـرازی



# دیوانی حەقیقی

سەرگوریشتە ........................ ٧
موناجات ........................ ٢٣
شای ئەنبیا ........................ ٢٩
مەدحی حەزرەتی رەسوول ........................ ٣١
مەولوودنامە ........................ ٣٢
جێژنی میعراج ........................ ٣٦
شنەی رەحمەت ........................ ٣٨
شوکرانە ........................ ٤٣
بەهار ........................ ٤٦
بەهار ........................ ٤٨
بەهار ........................ ٥١
نالەی بولبول ........................ ٥٣
بانەمەڕ ........................ ٥٦
بەهاری نیشتمان ........................ ٥٨
بەهار ........................ ٥٩
هاوین ........................ ٦٠
پاییز ........................ ٦١
زستان ........................ ٦٢
تەخمیسی غەزەلی حاجی قادر ........................ ٦٣
تەخمیسی غەزەلی بێخود ........................ ٦٥
تەخمیسی غەزەلی نالی ........................ ٦٧
تەخمیسی غەزەلی سالم ........................ ٦٨
تێهەڵکێشی شیعری حافز ........................ ٧٠
تێهەڵکێشی شیعری حافز ........................ ٧١
پەیکی ئازادی ........................ ٧٢
جوانی ........................ ٧٤
پیری ........................ ٧٦
چاوەکەم ........................ ٧٧

دەردی دووری..........................٧٨
خەرمانی گوڵ...........................٧٩
ئافەتی دین...........................٨١
باخچەی خەیاڵ.........................٨٢
داری مراد.............................٨٣
دارەبووز..............................٨٤
شۆخی موکریان.........................٨٥
کیژی کوێستان.........................٨٦
تەمڕەوین.............................٨٧
دایک ...............................٨٩
موعەللیم.............................٩١
چلدانەی راز..........................٩٣
عیلموزانین..........................٩٥
سەری بورج..........................٩٦
هەرەوەز.............................٩٩
ئەموئەو............................١٠١
میوانی.............................١٠٢
متفەرک ............................١٠٤
دەسەڵات ...........................١٠٥
قەناعەت ...........................١٠٧
مانگاپیوازی........................١٠٩
گامێشە کوێرە.......................١١١
دۆ.................................١١٤
بەرهەمی ژیان.......................١١٦
نێوی مانگەکان......................١١٧
مەڕوبزنێکی لەڕ.....................١١٨
باز و راوچی........................١١٩
بەیتار.............................١٢٥

مەڕۆکە و بزنۆکە........................١٣٣
فەقێ و تەپکەچی.........................١٣٤
بووکی شاران.............................١٤٩
مهاباد....................................١٥١
سنە......................................١٥٣
سەردەشت.................................١٥٥
سەقز.....................................١٥٧
مەریوان...................................١٥٩
بۆکان.....................................١٦١
بانە......................................١٦٣
شنۆ......................................١٦٥
پاوە......................................١٦٧
خانە......................................١٦٨
لە ئیمامی بۆ حەقیقی.....................١٦٩
وەڵامی حەقیقی...........................١٧٠
لە ئیمامی بۆ حەقیقی.....................١٧١
وەڵامی حەقیقی...........................١٧٢
لە ئیمامی بۆ حەقیقی.....................١٧٣
وەڵامی حەقیقی...........................١٧٤
ساڵێ دوو بەهار...........................١٧٥
برای بەڕێز...............................١٧٧
وەعدە....................................١٧٨
بۆدۆستانی دوور وەڵات....................١٧٩
قەهری گەردوون..........................١٨٠
شوێنی مەردان............................١٨٢
عەریزەی من..............................١٨٥
شینی بانە................................١٨٦
شینی هێمن...............................١٨٨

گولّی ژاکاو ........................ ۱۹۰
کۆچی سواره ........................ ۱۹۱
مەرگی بێ واده ........................ ۱۹۳
چوارینه ........................ ۱۹۵
دوو بەیتی ........................ ۲۰۰
قسمت فارسی ........................ ۲۰۲
ستایش خدا ........................ ۲۰۳
در نعت پیامبر ........................ ۲۰۸
میلاد ........................ ۲۰۹
معراج ........................ ۲۱۲
عید رمضان ........................ ۲۱۵
تخمیس غزل مولانا ........................ ۲۱۶
تخمیس غزل مولانا ........................ ۲۱۷
تخمیس غزل سعدی ........................ ۲۱۸
تخمیس غزل حافظ ........................ ۲۲۰
تخمیس غزل عبرت ........................ ۲۲۲
تخمیس غزل کردنژاد ........................ ۲۲۴
بهار ........................ ۲۲۷
برده دهقان ........................ ۲۲۹
زمستان ........................ ۲۳۳
شور عشق ........................ ۲۳۶
تمنای وصال ........................ ۲۳۷
شعله ........................ ۲۳۸
رمز عشق ........................ ۲۳۹
نگار ........................ ۲۴۰
جدایی ........................ ۲۴۱
بوی یار ........................ ۲۴۲
مهمان ........................ ۲۴۳

تاریخ جنون........................ ۲۴۴
بوکان.............................. ۲۴۵
دانشگاه آزاد مهاباد.................. ۲۴۶
کارمند............................. ۲۴۸
گور به گور......................... ۲۴۹
انتظار.............................. ۲۵۲
جام دانش.......................... ۲۵۷
یاد یاران........................... ۲۶۰
هجران............................. ۲۶۱
پاسخ به سیدکامل.................... ۲۶۲
تبریک عید.......................... ۲۶۴
پاسخ نامه منظوم سیدکامل............ ۲۶۵
عاطفه.............................. ۲۶۶
مهین استاد......................... ۲۶۹
سعادت............................. ۲۷۰
فرزندم.............................. ۲۷۱
تبریک نوروزی....................... ۲۷۲
مهر دوست.......................... ۲۷۳
مرگ نوجوان......................... ۲۷۵
مرگ محمود......................... ۲۷۷



ئێرەیی نیم وەدەرۆم میوانم　　ئەوەیە وێنەکەم و دیوانم

خوایە بم بەخشە چلۆن بێمە حوزوور　　شەرمەسارم نیە رووی دیوانم

اهدائی از طرف
رحیم خسروی

"بەناوی خوای بەرزوبێ هاوتا"

حەمدوسەنای بێ نهایە هەرشیاوی زاتی ئەڵڵایە کە بەروەردگاری عالەمیانە وبەخشندەومیهرەبانە ومالکی رۆژی جەزابە .شوکروسپاسی ئەوبەڕی قیاس هەرشایانی شانی ئەوە کە خالیقی ئەرزوئاسمانە وهەرچی ئاشکراونیهانە هەڵسووڕێنەری چەرخی رۆژ وشەوە ،هەرچی هەیە دەستکەری قودرەتی ئەوە ،خولقێنەری مەخلووقاتە ،وەدی هێنی مەوجوداتە بێ راگەی کاینـاتە وپێک هێنی حاجاتە ،رۆزی دەری زیندەوەرە بەڕێوەبەری هەرچی بەشەر وگیان لەبەرە ،فەرمانڕەوای عالەمیانە سوڵتانی هەردووجیهانە ،بێ نایب ووەزیرە ، بێ وێنە و نەزیرە زاناوتوانایە ،ذوالجلال وبێ میسالە ، ساحەبی کەماڵ وجەماڵە ،خێوی جەلال وجەبەڕووتە ، لەهەموو عەیبان بەری یە ، کەس چی بەدەست نیە ،هەمووشت بەدەست وی یە .....

سەلات وسەلامی خودای عالەمیان بەقەدەر پەڕی گوڵی گوڵزاران وچڵی گیای مێرغوزاران وگەڵای داران وخیزی رووباران ورێژنەبارانی پاییز وبەهاران بەغوڕڕەم بڕژێ بە سەر گیان ولەشی پاکی خاتەمی پێغەمبەران ومەزنی سەروەران و هەڵبژێراوی ئادەمیان ورەحمەتی عالەمیان پێغەمبەری ئاخری زەماندا کە محەممەدی مستەفایە .ئەوکەسەی کە خوای بەرزو بێ وێنە لە کەلامی خۆیدا بەخولقی عەزیم ناوی بردووە و خۆی ومەلایکەی سەلەواتیان بۆناردووە وبەسەلەوات ناردن بۆ ئەو ئەمری فەرمووە ، هەروەها بۆرووح وجیسمی ئال و بەیت ویاران وئۆمەتی کە بەچاکترین ئۆمەتی باسکردووە .

سڵاوی گەرموگوڕم لە قووڵایی دڵەوە پێشکەش دەکەم بە خوشک وبراخۆشەویستەکانی ئەدەب دۆستی گەلەکەمان ئەوانەی کە بڕێک لەوەختی ئازیزی خۆیان لەپێناوی خوێندنەوەی چەند دێڕێک لەئەدەبیاتی زمانەکەمان دەنێن ودەبنە هۆی هاندان و

راپەڕینی نووسەر وشاعیروهونەریان بەڵکوو خوا یاربێ تا ماون پەرە بەخزمەتیهونەر وئەدەبی گەلەکەمان بدەن .

ساڵی ۱۳۶۴ی هەتاوی بەهۆی داخوازی خوالێ خۆشبوو ماموستاهێمن ژیاننامەیەکی خۆم بەکورتی نووسیبوو کە لە گۆواری سروەی ژمارە ۳دا چاپکرا .هێندێک رەخنەیان لێ گرتم کەبۆچی کەمم نووسیوەو زووم کۆتایی پێ هێناوە هێندێکیش لایان وابوو باشە وچی دیکەی ناوێ.ئەوەنەقڵێکی خستەوە بیرم کە کردووشمەتە شیعر:

باب وکوڕێک چوون بۆسەفەر بیلامانێ بەسواری کەر
پیادەوسواریان بەنۆبە بوو هەرجارێ یەکیان سوار دەبوو
لەنۆبەی سواربوونی کوڕدا تووشی پیاوێک بوون لەپڕدا
لێی تووڕەبوومەگەر ئاوسی؟ باوکتدەڕوا بەپێ خاوسی
کوڕدابەزی بابی سوار بوو بەیەکی دیکە دووچار بوو
پێی گوت بۆچی ئەونازدارە بە پێ یان بڕوا وتۆسوارە ؟
دووپشتەکی سواربوون ئەوجار تووشی کابرایەک بوون رێبوار
کوتی چاوئەو بەستەزمانە پێوە بووە بەدەس ئەمدوانە
ئەوجارهەردووکیان دابەزین یەکی دی لێوی لێ گەزین
کوتی تەماشا چەن هینن ! کەرێکیان بێیەو نای بینن

نووسەریش تا هەر رادەیەک وبەهەرشێوەیەک بنووسێ.هێشتا ناتوانێ دلی هەموان بەجێ بێنێ .جاکەوایە منیش هەر وەک پێشوورێگای کورت هەڵدەبژێرم ورێ لەخۆم وخوێنەر دوور ناخەمەوە .دۆستانی رەخنەگریش دەبێ لێمببوورن چونکە من بەجحێڵیش هەرکەم بلێ بووم چ بگا بە ئێستە کە پیرموهێزی چەنم نەماوە !

لەسروەدا گوتوومە ئەگەر بتەوێ شێوی بوورەوبەیاری زەوی وزاری ژیان بەوردی وەرد بدەیەوە تەمەنێکی دووپاتەتپێویستە ئەویش بەومەرجەی تەواوی رووداوی ، ژیانتپشوو بەپشوو وهەنگاوبەهەنگاو لەبیرمابێ کە ئەوەش

هەرگیز پێک نەهاتووە ونایە کەوابێ منیش یەک لەهەزار ودەنک لە خەرواری دێنمە ئەژمار دەنا :
وردەچیرۆکی بەسەرهاتی ژیان چاری ناکا دەفتەری حەفتامەنی!
ناوم عەبباس .نازناو وشۆرەتم "حەقیقی"یە کوڕی کوڕی عەلی پاشای کوڕی برایمئاغای تالاو، کوڕی شێخ ئاغا ، کوری بەپیرەمئاغای باپیرەگەورەی عێلی دێبوکریم .دانیشتووی شاری بۆکانم ولەسالی ١٢٨١ی هەتاوی لەدێی مەرجان ئاوای دەشتی حاجی حەسەن،ناوچەی مەهاباد هاتوومەتە سەردنیا . .
دایکم ناوی زارا بووەختێک منی بووە تەڕایی لەمەمکیدا نەبووە وئەمن بەشیوی دایەنێک بەناوی شەوکەت فرچکم گرتووە . بابم باسەواد وئەهلی عیرفان بوو . دایکم نەی خوێندبوو بەلام بەقەد خوێندەوارێکی دەزانی چونکە لە مالە بابی ولەماله بابیشم لەگەل خوێندەواران ژیا بوو.
چەند سالێکپێش شەڕی هەوەلی جیهانی بەهۆی دژمنایەتی عەشیرەیی، منیش لەگەل هۆزوعەشیرەی خۆم پەڕیوەی هەندەران بووم کە چۆنەتی یەکەی لێرەدا شیاوی باس نیە ودیزە بە دەرخۆنەی باشترە .
لەوئال وگۆڕەدا مالی ئێمە دەچێتە مەرخوزی ناوچەی سەقز. منیان لەوگوندە ناردە قوتابخانە لای مەلاقادرئاغا ناوێکی ئیفلیج کەبەداشقەی دەستی دەیان هێنا حوجرە و دەیان بردەوە مالێ .لەهەوەلەوە ٢٩ حەرفی ئەلف و بێ و سوورەی حەمد کەهەریەکەیلەدیوی تەتەلە یەک دەنووسرا پێی خوێندم دوایە"جزء عم"ی قورئان ووردەکتێبی "سمایل نامە" و " ناگهان" و "جورمبەخش" و"ئەی شودە"م کە هەموویان شیعری فارسی بوون خوێند ولەبەرم کردن .لەوسەروبەندە دا ئاوری شەڕی هەوەلی جیهانی گەیشتە ئێران ولەشکری تورک و رووس ولاتی ئێمەیان کردە شەڕگە .ئێمەش بازرە بووین و چووینە مەلبەندی شاری سولەیمانی .لەومانەوەدا کەلەبیرم

نەماوە چەندی خایاند خوێندنم پەکی کەوت ، پاش ماوەیەک، گەڕاینەوە ولآتی خۆمان وئەوجار لەخزمەت بابم دەستم بە خوێندن کرد .

گولستان وبۆستان وکیمیای سەعادەتم لەلای بابم خوێند . دیسان چەرخ سووڕا وسووڕێکی دیشی بە ئێمەدا . رسق و نەسیبمان لە ولآتی باووباپیری هەلکەندرا و لە کۆکە و قەرەداغی ناوچەی "ئێل تەیموور"ی مەهاباد گیرساوە . لە قەرەداغ بابم ئەمری خودای بەجێ هێنا و منی بێ باب و ماموستا بەجێ هێشت . من مابوومەوە ودنیایەک خەم وخەفەت ومالێکی پڕلە دیوانی شاعیرانی قەدیمی .بۆنەجات بوون لە چنگ خەموپەژارە وهەستی هەتیوی بەتەنیایی رووم کردە ئەوکتێبانە . بەهۆی موتالآی زۆری ئەم دیوانانە وردە ،وردە زەوقی شیعرگوتنم بزووت وبەرە بەرە پەرەی ئەستاند . تەمەنم چاردە سال بوو کەدەستم بەدانانی شیعر کرد کە ئێستا جگە لەچەند بەیتێک لام نەماون کە لە باری ناوەرۆکیشەوە چونکە سەردەمی لاویم بوو هەر بابەتی ئەو تەمەنەیە. بڕوانە :

شەککەر شکەنی لێوت بۆ تووتیی رووحم قووت
تاری شکەنی زولفت بۆ تاری دلم مزراب
نەرگس شکەنی کالت ،کالآیی دلی بردم
سونبول شکەنی ئالت، ئالآلە دلم بێ تاب
گەرماهی موقەننەع بێ،گەرمیهری موشەعشەع بێ
بنوێنە هەتا ون بن روخساری وەکوو مەهتاب

وە لە جێیەکی دیکە :

بە نووکی تیری موژگانت شەهیدو دل برینـــدارم
لەغەمزەی نەرگسی مەستت غەریقی بەحری حیرمانم
لەپێچی زولفی چەوگانت سەرم گۆیە لەمەیدانــت
لەتاوی مەجمەری رووتە جگەرسووتاو و بریانم

نیە مانەندی شەمعی رووت لەدنیادا بەمەحسووسی
مەکە مەنعم کە وەک پەروانە سووتاوە دڵ وگیانم

ئەوەش نموونەیەک لە شیعرە فارسی یەکانی ئەو کاتمە :

سحر درگلش افتاد اتفاقی — کەلعل نابمی آورد ساقی
یکی بلبل زشاخ سرو میخواند — بروی گل نواهای عراقی
کەای سنگین دل بی مهرحونحوار — تو تاکی مایل هجرو فراقی
دلم هرساعت وهرلحظه هرآن — بدیدار تو دارد اشتیاقی
خوش آنرا شدزوصل جان جانان — حقیقیوار مست جام باقی
میان بتان چون توکس رانزیبد — لب وچشم میگون خط وخال زیبا
قدت سروبستان لبت لعل خندان — رخت ماه تابان دوزلفت چویلدا

* * *

ئەوکەسانەی کە شیعرەکانم بۆ دەخوێندنەوە تەشویقیان دەکردم ومنیان پتر بەشیعرگوتن عەلاقەمەند دەکرد. ئەوجار قەسیدە وغەزەل وچوارینە و تەرجیع بەندم دادەنا. غەزەلی مەولانا و حافز وعیبرەتم بە فارسی وهی "نالی" و "سالم"م بە کوردی دەکردە پێنج خشتەکی. لەو سەروبەندەدا بیستم کە خوالێ خۆشبوو حاجی بایزئاغا لە گوندی "ئیسکی بەغدا" مەدرەسەی علوومی دینی داناوە. منیش بۆ درێژەی خوێندن چوومە ئەوێ ولەگەڵ شاعیری بەڕێز ودۆستی خۆشەویستم "خاڵەمین" لە خزمەت مامۆستا شێخ حەسەنی شێخی دەستمان بە خوێندن کرد. بەڵام چ خوێندن بەرواڵەت "سەرف ونەحو"مان دەخوێند ئەمما لە راستیدا وەختی خۆمان "سەرف ومەحو"ی شیعرگوتن دەکرد. ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی لەگەڵ برای زۆر خۆشەویستم مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی بەنیازی درێژەدان بە خوێندن چووینە مەدرەسەی "باخچە"ی بەشی مەهاباد. مامۆستای ئەوێمان مەلا سەیدکەریمی مودەڕڕیسی بوو. خوێندنی ئەوێشم لەگەڵ جەنابی سەیدکامیل هەروەک خوێندنی "ئیسکی بەغدا"یە لەگەڵ خاڵەمین هەر بەشیعرگوتن وشیعرخوێندنەوە وموشەرعێن وگاڵتەرابوارد. لەبیرمە ساڵی ١٣٠٨ بوو رۆژی

جێژنێک لەگەڵ سەیدکامل چووینە خزمەت زانای بەناوبانگ حاجی باباشێخ لە گوندی "حەمیان". مەلا وفەقێی ئەو مەڵبەندە زۆریان لەوێ بوون. رووی کردە من فەرمووی بە وەرگێڕانی ئەم دوو شیعرە عەرەبی یە کە "حضرت عایشه" لە وەسفی "حضرت محمد"دا فەرموویە ئیمتیحانی شاعیری تۆدەکەم بۆی نووسیمەوە وهەر لەو کۆڕە لەخزمەت خۆیدا وەرمگێڕاوە سەر شیعری فارسی کە لە رادەبەدەر پێی خۆش بوو وپەسندی کرد وتەحسینی کردم.

ئەو رووداوە شوێنێکی تایبەتی لە لاپەڕەی بیری مندا جێ هێشتووە. شیعرە عەرەبی یەکە و وەرگێڕاوەکەی ئەمەیە :

ولو سمعوا فی مصر اوصاف خده
لما بذلو فی سوم یوسف من نقد
لوامی زلیخا لو رئین جبینه
لآثرن بالقطع القلوب علی الاید

ئەمەش وەرگێڕاوەکەی :

اگر اوصاف خدش مصریان آندم شنیدندی
خریداران یوسف را بەپولی کی خریدندی
رخش را طعنەگویان زلیخا ار بدیدندی
بجای دستهای خویش دلها ا بریدند،

* * *

پاش ماوەیەک خوالێ خۆشبوو حاجی بایزئاغا مەدرەسەکەی ئیسکی بەغدای گوێزتەوە دێی "قوڵقوڵە" تا لەژێرچاوەدێری خۆیدا بێ وپێشنیاری بەمن کرد بچم لەوێ بخوێنم. چووم و ماوەی ساڵێکی لەماڵ ومەدرەسەی ئەو شادڕەوانە بووم. لەو ماوەدا وەک کوڕەکانی خۆی ئامۆژگاری کردم. رووحی شاد و یادی بەخێر.

حەوشەی حوجرەی فەقێیان لەو دێیە بە هەموو چەشنە گوڵێک رازابۆوە و دیمەنێکی وای پێک هێنابوو کە بزەی بە گوڵستانی ئیرەم دەهاتێ و روانینی ئەو روانگەیە

ئینسانی لەو عالەمە جسمانی یەدەبردە عالەمێکی رووحانی و بەراستی گەشەونەشەی بەچاوو دڵ دەدا. رۆژێکی کە لەگەڵ فەقێکان لەنێو ئەو باخچەیە دانیشتبووم ورەنگ وبۆنی گوڵان هۆش وبیری لێ ستاندبووم ئەو شیعرانەم دانا کە ئێستاش دوای نزیکەی ٦٠ ساڵ ئەو دیمەنە جوانەم لەبەرچاوی زیندوو دەکاتەوە وبرینم بەیادی لاوێ دەکولێنێتەوە:

لالەزاری حەوشی حوجرەی قوڵقوڵە
شەرحی حاڵی "جنت الماوا" دەکا
بۆ نموونەی خولدئەگەرمەیلی هەبێ
حەق تەعالا نەخشی وا ئینشا دەکا
زەردوسوورو کەسک وئاوی یەک بە یەک
کاری لەعل و لوءلوئی لا لا دەکا
لالە وژالەو وەنەوشەو نەستەرەن
هەر یەکەی ماڵی دڵێ ئاوا دەکا
خەیری وخەتمی لەبازاڕی ئەوین
سەربەسەر ئیستەبرەق ودیبا دەکا
تەختەکەی فەڕشێکی سەوزی مەخمەری
حاشیەکانی ئەتڵەس وخارا دەکا
بۆنی ریحانە ووەنەوشان تێکەڵن
عەتری گوڵ تالانە کێ داوا دەکا
هەرچی دەی بینم دڵم بێ ئیختیار
زەمزەمەی "قلنا اهبطومنها" دەکا
دڵ بەبۆنەی سێوی سووری کوڵمی یار
یادی عیشقی وامق و عەزرا دەکا
بولبولی عاشق بەبووکی سووری گوڵ
حەقیەتی ئەلحەق کەشینی وادەکا

ئیدی من دوای خوێندنی سەرف ونەحو ومەنتیق دەستم لە خوێندن هەڵگرت وساڵی ١٣١٣ چوومە مەهاباد ولە ئیدارەی

دارایی دامەزرام. ئەوجار ژنم هێناومنداڵم وەسەریەک نا.
ئەودەم کارمەند پازدەتمەنی حقووق بوو وزۆرکەم وابوو
بگاتە ٢٠ تمەن .تەنانەت رەئیسی ئیدارەش ٢٠ تمەنی پتر
معاش نەبوو .ئەمنیش پازدە تمەنم وەردەگرت وپێشی بەرێ
دەچووم چونکە ئەودەم کەمالم لە مەهاباد بوو لە گەڕەکی
سەهۆڵ خانە ماڵێکی دەربەستم بەکرێ گرتبوو مانگێ بە
دوو تمەن!

رەفیقەکانم لۆمەیان دەکردم کە بۆچی نەچووم لە حەساری
ماڵێکی دوو وەتاغ وپێشخانەیەک بەکرێ بگرم بە پێنج یا
شەش قران .ئەودەم تەغاری چوارپووتی گەنم بەپێنج قران
بوو ، فرووجێک بە پازدەشایی یا قرانێک ومریشک بە دوو
قران بوو ، کەڵلەی قەند بەحەوت قران وگۆشت کیلۆی قرانێک
وهێلکە دانەی شایی یەک وئەگەر لەسەریەک کڕیبات سێ
دانەی بەقرانێک بوو.

دانگێکی قەرەداغم فرۆشت بە سێسەد تمەن ولەبری برێک
لە پوولەکەی دووسەد تەغارم گەنم وەرگرت بە سەد تمەن
دە مەڕم بەخوری وبەرخەوە لەنێو چوارسەد مەڕدا هەڵبژارد
یەکی بە شەش تمەن بەڵام بەنرخی ئەودەم هەر مەڕەی تمەنێک
مەغموون ببووم وئەسپێکی چاکیشم وەرگرت بە چاردە تمەن .

بەڵام کارەکەم بەدڵ نەبوو وزۆرجاریش لای رەئیسی
ئیدارە گلەییم لە کارەکەم دەکرد بەڵام کاری دڵخوازی
خۆمی پێ نەدەدام. جارێک بەدڵمدا هات نامەیەک بەشیعر
لە "مەحموودی بەدر" وەزیری دارایی ئەودەم بنووسم وسفرەی
دڵمی لەلا بکەمەوە وهەرچی گلەیی هەمە لەبەر دەمی هەڵڕێژم
دەمگوت تیرێکە دەیهاوێم یا دەیگرێ یا نایگرێ . بیگرێ
زۆرباش دەبێ ونەیگرێ لەوە خراپتر نابێ . لای کەس دەنگم
نەکردودەستە شیعرێکم بەفارسی کە چەندبەیتێکی لەخوارەوە،
دەبینن دانا وبە پۆستیدا بۆم بەرێ کرد.

درجهان الم‌ومحنت ورنج وشر وشور

عاقل اززندگی خویش نگردد مسرور

عاقبت دراثر گردش پرگار فلک

آرزوی توشودخاک وبیادی زتو دور

ای که ازجام‌جهان آب‌گوارا طلبی

آب این چشمه‌گهی تلخ بودگاهی شور

تا دەگاتە ئەو جێیە کە دەڵێم :

گرچه‌این دایره‌خودنظم‌واصولی دارد

لیک شغلی است مرامختلف وجوربجور

گاه‌ماموردی چارم‌وگاهی صدی سه

گاه‌ماموربقایایم ازاموات قبور

گاه‌درحومه‌شهرستم وگه چار محال

شهرویران وبهی،اختاچی وایل‌تیمور

گه بدروازه تبریزو ارومیه گهی

گه‌بدروازه سردشت وگهی داشتیمور

معنی گوربه‌گور آندم فهمیدم من

که‌از این‌پست به‌آن‌پست‌شدم گوربگور

وە لە ئاخریدا کوتوومە :

امر فرماکه‌به‌شغلی دگرم بگمارند

هم‌به‌ترفیع حقوقم زکرم ده‌دستور

لێرەدا پێویستە بڵێم ئەودەم پایەوگرووە نەبـــوو. لـــە حوکمەکەدا راستەحقووقێک دەنووسرا وچیدی . نامەکەم نـارد ماوەیەکی زۆر پێچوو، وا کە خەریک بووم لەبیر خۆمی بەرمەوە کەچی ئێوارەیەک دوستێکی ئیداریم هاتە لام وکوتی فـلانـــی ئەوە چت‌کردووە کوتم چۆن ؟ کوتی جا چ لەوە سەیـــرتـــر حوکمێکت بۆهاتووە کارێکی چاکیان پێ سپاردووی لــــەوەش سەیرتر وخۆشتر حقووقت بۆتە سی تمەن ! زانیم ئەنگاوتوومە چوومەوە ماڵ وهەواڵەکەم لەگەڵ خۆ بردەوە. ئیدی نێـــوان

ناخۆشی کەوتە بەینی من ورەئیسی ئیدارە کە کابرایەکی فارس بوو. چونکە بەبڕوای ئەو من نەدەبایە سەربەخۆ نامەم لە وەزیر نووسیبایە. بەڵام بۆخۆم دەمزانی دەردەکەی چیە. ئاخر من ٣٠ تمەنم وەردەگرت وئەو٢٠ تمەن!

هەر لە مەهاباد بوو لەگەڵ کاک هەژار کە ئەودەم فەقێ بوو شناسیم پەیدا کرد. گەلێ جومعان دەهاتە لای من نوقلی کۆڕەکەمان نەقلی شیعروئەدەبیات بوو .ساڵی ١٣٢١ کە من بەناوی مەسئوولی دوخانیات ناردرامە بۆکان ئەویش ماڵی هاتە ئەوێ وهەموو کات پێکەوە بووین وماوەی چەند ساڵێک ژیانێکی تێکڕایی خۆشمان رابوارد. پاشان دەستی رۆژگار لێکی کردین .هەوەڵ جارێ کە کاک هێمنم دی ساڵی ١٣٢٠ بوو بۆی گێڕامەوە گوتی لەگەڵ کاک هەژار لەخانەقای شێخی بورهان دەمان خوێند. فەقێیەک هاتە ئەوێ ئەوشیعرە بەهاریەی تۆی پێ بوو کە دەڵێ:

سەحەر لەتەرفی بۆستان لەسەحنی لالەزارەوە

نەسیمی جانفزا وەزی بەموژدەیی بەهارەوە

زەوی زومورڕودی بووە بەفەرشی زەڕنیگارەوە

وەکوو دوڕ وعەقیق ئەچن شکۆفەکان بەدارەوە

ئەوادەچێتەگوڵ چنین گوڵێ بەلەنج و لارەوە

زۆرمان پێ خۆش بوو. خێرا نووسیمانەوە ولەبەرمان کرد. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم پێموایە زیاتر ئەوشیعرەی تۆ منی هاندا بۆشیعر کوتن. ساڵێک دۆستێکم لەمەهاباد کتێبێکی چاپی عێراقی پێشاندام کە ئەو بەهاریەی منی تێدا بوو. دیتم مامۆستا "علاء الدین سجادی" لە لێ کۆڵینەوەیەکدا رەخنەی لێ گرتووە کە حەیف پڕە لە وشەی فارسی و کەمتر لە کوردی پەتی کەلک وەرگیراوە. بەداخەوە دەنگم نەیگەیشتێ بڵێم قوربان زەمانی زوو شیعرێک پەسند بوو کەئاوا چەتوون بایە. نالی وسالم وحەریق و وەفایی وبێخود ومەحوی ودەیان

شاعیری قەدیمی دیکە ئەوەی فەرموویانە کامـەی کـوردی
پەتییە ؟ نالی کە وەلای سەرووی هەموو هاوچەرخەکانی
کەوتووە نەتدیوە چی فەرمووە وچەندیش لەبەردڵانە ؟
نالی لەبی حەبیبە هەم تیبە هەم تەبیبە
خولاسەوولەبیبە فەرمانبەری لەبی بە
هەروەها شاعیرەکانی دیکەش هەوڵیان داوە بەسڵسڵەوفلڤلەی
گوێ نەبیستوو وچاونەدیتوو شیعری خۆیان برازێننەوە
وخۆی پێوە رانێن وشانازی پێوە بکەن . ئەودەم شوێن
وابوو . منیش هەرئەو شوێنەم گرتبووە بەر ئێستا دنیا
گۆڕاوە وهەمووشتی لەگەڵ خۆی هەڵگێڕاوەتەوە . لەبیرمە
ساڵی ١٣٢٢ شاعیری بەناوبانگ قانع ماڵی هاتە بۆکان وکرا
بە ماموستای گوندی کەلبی رەزاخان . رۆژێک کە هاتبووە لای
من لێم پرسی ئێستا لەکام گوندی گوتی لە "سەگی پێشەوا"
گوتم یانی چی ؟ گوتی برا دنیا دەوران دەورانە . دەوری
رەزاخان پێیان دەگوت کەلبی رەزاخان ئێستا کە دەوری
پێشەوایە دەبێ بڵێین "سەگی پێشەوا" .ئەمما منیش ساڵی
١٣٠٠ هەردەبوو بەوشێوەیە شیعر بڵێم .بەڵام ئێستا بزانن
شیعرەکانم هەروان ؟
ساڵی ١٣٠٩ ئەودەم کە قوتابی علوومی دینی بووم ئەو
غەزەلەی نالیم کردە پێنج خشتەکی کە دەڵێ :
لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانیدا سپیدەی باغی سێوان
ئەو تەخمیسە گەیبووە دەست خوالێ خۆشبوو "سەیف القضات" ،
فەرمووبووی دەڵێی هەموو تەخمیسەکە لەتەبعێک هاتۆتەدەرێ
بە حەقیقی بڵێن "حەسەن" تەحسینت دەکا . ماموستا هێمن کە
موخالیفی تەخمیس بوو ولای وابوو تەخمیس وەکوو ئەوە وایە
نانی خۆت بەری لەسەر سفرەی خەڵک بیخۆی جارێک بۆی
گێڕامەوە گوتی لە عێراق شاعیرێک هاتە لام . غەزەلی

شاعیرێکی کوردی تەخمیس کردبوو. بۆی خوێندمەوە و نەزەری لێ ویستم ئەمن تەنیا بە جوملەیەک وەڵامم داوە کە " هەر حەقیقی حەقی تەخمیسی هەیەوبەس" وبەندێکی تەخمیسەکەی تۆم لەسەر شیعری نالی بۆ خوێندەوە کە دەڵێ :

لەبەر ئەسرۆی کەوان و تیری سەر ژێت
هیلال ئەوشۆبەخۆی گوت تەنگ ئەبێ جێت
خزی رووبەند وکاتێ کەوتە بەرپێت
لەخەوفی تەڵعەتت رۆژ هەر وەکوو شێت
بەروو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

هەڵبەت ماموٚستا هێمن لەڕادەبەدەر لوتفی لەگەڵ من بووە دەنا بۆخۆم پێم وانیە. ساڵی ١٣٢٨ ماموٚستا گیوی موکریانی لە هەولێررا نامەیەکی بۆ نووسیم وبەدەروێش سمایلی سەرمابردووی دەف زەن ودەنگ خۆشی بەناوبانگی ئەودەمدا بۆی ناردمە بۆکان ولەودا داوای کردبوو وێنەوشیعرو بەسەرهاتی خۆمی بۆبنێرم کە لە چاپخانەکەی خۆی لە هەولێر لەچاپی بدا بەداخەوە لەو سەروبەندەدا کە ئەوپەڕی زوڵم وزۆر و بگرەوبەردەی رژێمی شایەتی بوو نەمتوانی حەتتا وەڵامی نامەکەشی بدەمەوە ولەبەرخۆمەوە گوتم"هەولێرەوە دەروێش سمایلم کە خۆی شاهیدی هەوروهەڵا بوو لێ راسپارد کەحاڵەکە ئاوایە وناتوانم ئەمرەکەی بەجێ بێنم لێم ببوورێ. تەنگ وچەڵەمە وهەوروهەڵای رژێمی شایەتی هەر ئەو زەرەرەی لێ نەدامکە نەمتوانی شیعرەکانم بنێرم بۆ ماموٚستا گیو بەڵکوو زەرەری لەوانە گەورەتری لێدام کەقەت نەمتوانی جێگای پڕ کەمەوە. ئەویش فەوتان ولەبەین چوونی زۆربەی ئەوشیعرەنیشتمانی یانەمەکە هەموو لەجێ وکاتی خۆیدا ، گوتبووم . بەڵام چونکە ماوەیەک لەژێر چاوەدێری جاسووسانی شادا بووم ئەوی بووم سووتاندم وئەوی ماوە ودەی بینن وێنەیەکی زۆرکەم لەوانەیە کە لەسینگی خەڵکم دەرهێناوە -

ئەوە وهێناومەتەوە سەرکاغەز. خەوی غەفلەت سەردێری شیعرێکە کە لەساڵی ١٣٢١ ی هەتاوی بەسوورەتی تەرجیع بەند گوتوومە وپێنج بەشن کە ئەودوانەیانم بە ناتەواوی وەگیر کەوتۆتەوە :

بەشی یەک

نەوبەهارە و گوڵەکان پشکووتن
سوێسنە ونەرگس و نەسرین لەنوێ
لالە و گوڵ دەدرەوشن لە چەمەن
وەکوو ئەستێرە بەتاریکە شەوێ
بۆنی وەک عەترە نەسیمی سەحەری
پێش گزنگی کە وەکێوان دەکەوێ
نیشتبوو بولبولی شەیدا لەگوڵێ
وای دەفەرموو لەزمان خاسەکەوێ
ئەتەوێ گەر هەموو دنیات بدەنێ
بەدڵێکی بەخەم و لێرو لەوێ
دێتە گوێم دەنگی فریشتەی رەحمەت
بە هەموو نەزمێ دەڵێ وناسرەوێ
خەوی غەفلەت بەسەهەستن لەخەوێ
گەر ژیانێکی بە ئازادوو دەوێ

بەشی دوو :

پیرەمێردی خەرەفی زستانێ
هاتە ئاخر نەفەسی گیان دانێ
باغی رازاندەوە نەققاشی قەدەر
بەگوڵ و یاسەمەن و ریحانێ
شای گوڵان چادری هەڵدا لە چەمەن
لەشکری لالە لەپای کوێستانێ
لە گەڵای سێوەرە شەونم دەکەوێ
قەترە قەترە بە نمەی بارانێ

با بەرێ بۆنی هەڵاڵەو بەیبوون
ئابڕووی عەتری گوڵی کاشانێ
پێم دەڵێ هاتفی غەیبی لە نەکاو
نیە بۆو دەردە مەگەر دەرمانێ
خەوی غەفلەت بەسە هەستن لەخەوێ
گەر ژیانێکی بەئازادوو دەوێ

زۆرجاریش بە پێشنیاری دۆستان سەرگورشتەو بەسەرهاتی جۆراوجۆرم کردووە بە شیعر. یەکێ لەوانە "فەقێ وتەپکەچی" ـ یە کە لە کتێبێک بەناوی "زهرالربیع"دا دیومە و بە پێشنیاری خوالێ خۆشبوو مەلاحەسەنی قزلجی کردوومە بە چیرۆکێکی "٢٠٠" بەیتی کە ئەوەش هەروەک زۆربەی شیعرەکانم باسی قازانجی زانین وفێربوونە. چونکە بەبڕوای من هۆی دواکەوتن وچارەڕەشی وژێرچەپۆکەبوونی گەلەکەمان تەنیا نەخوێندنە ومانەوە لە شەوەزەنگی نەزانی وبێ خەبەری دا. ئەو چیرۆکەم بەو شیعرانە کۆتایی پێ هێناوە :

تۆپێت وانەبێ خوێندن بازی یە
خوێندن کارخانەی ئادەمسازی یە
خوێندن سەرمایەی ژین وحەیاتە
خوێندن پێک هێنی هیواو ئاواتە
خوێندن ئاوێنەی بێ وێنەی هاتە
خوێندن ئاوێتەی نوقڵ و نەباتە
نەکێو نەچێوە بڵیند و بەرزە
سەری لە ئاسمان بنی لە ئەرزە
زەوی ئاواکرد بەبێ هەراوبانگ
دای لەشەقەی باڵ چووبۆکووی مانگ
وێستاون لەوێش بەسەف موشتەری
دەڵێن چاوەڕێن زوهرەو موشتەری
هیواپێک هێنە مایەی بژیوە
وەک ڕۆژ ڕووناکە ولەچاو نەدیوە

نێوی زانینـــە و بـــە بۆنەی وینە

لەبەحرێ بینەو لەحەو سەفینە

بەرێی زانینندا رۆین بۆ سەما

بێگانەی زانا بە رەقس و سەما

وادیارە چەنەم هێشتا هێزی تێدا ماوە چونکە زۆری لەســەر رۆیشتم وگەلێکم تاریفی خۆم کرد وسەری ئێوەم ئێشانـــد . بەڵام ئێستا دڵتەزێن ترین رووداوی ژیانم بۆ ئەگێڕاونەوە. تازە نامەیەکم لە مامۆستاهێمن نووسیبوو ولەودا دەعوەتـم کردبوو بێتە بۆکان کە هەواڵی کۆچی دوایی ئەویان بۆهێنام ئەژنۆم نوشتاوەوبێ ئیختیار سێلاوی فرمێسکم بە چاواندا هاتە خوار :

حەقیقی چاوەڕێی دیداری تۆ بوو داخی داخانـــم

نەنیشت ئەوبازەبەختی من لەبەختی بەدئیبا ناکەم

بەداخ وکەسەرێکی بەقورسایی تەواوی کێوەکانی کوردستـــان وەک بۆخۆی گوتەنی مەرگ مۆڵەتی نەدا شەمێکی تر لەســەر کێکی تەمەنی هەڵکرێ . کاخی فەرهەنگ وئەدەبی گەلەکەمـان رووخا . خەرمانی سووری ئاوات وئامانجی پیر و گـــەنجـــی ئەدیب وئەدەب دۆستی گەلی کوردی لافاوی ئەجەل رایـــدا و بردی. هێمن کۆچی دوایی کرد وجەرگی دۆستانی بـەداخـــی جودایی خۆی بە کوچکیەوەدا و ناڵەی جودایی بۆ بـەجـــێ هێشتین . سەعدی دەڵێی ئەوشیعرەی بۆئەم رووداوە دانـــاوە

رفتی و ماند مارا نار غم تو در دل

ازکازوان نماند جز آتشی بەمنـزل

لەخوای مەزن داوا دەکەم ئەو رووحەبەرزە بخاتە بەر روحـم وکەرەمی خۆی وبە بەهشتی شاد بکا .

من لە ساڵی ١٣٤٢ دا بازنشەستە بووم وئێستا کە هاوینـی ساڵی "١٣٦٥"ە وتەمەنم گەیوەتە ٨٤ ساڵ تازە بەنیوە ونیوە چڵێ خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانم ونووسینـــی ئـــەم

سەرگورشتەیەم کە بڕیار وابوو ماموستاهێمن چاپیان بکـــا. ئێستاش بەیاد وبیرەوەری ئەو خۆشەویستە هەر دەی سپێرم بە شوێنەوارەکەی ئەو ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی "ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی". دیارە هەرکەس یا هەر نووسەر وشاعیرێک لە رەخنە وپێشنیار بترســێ مەبەستی نووسین وخزمەت بەگەلەکەی نیە بەڵکوو خۆنواندن و پاڵەوان پەموساز کردنە. جابەوبڕوایەوە هەرکەس بەوردی و بەچەشنێکی عیلمی وشاعیرپەسندانە نەقدی لەسەر دیوانەکەم هەبێ پێم ناخۆش نیە وپێی دەڵێم دڵسۆزێکی "حەقیقی".

بۆکان ـ هاوینی ١٣٦٥ی هەتاوی

* * *

## موناجات

بە ناوی خوای مەزن ئەو پادشایە
کە تەنیایە وشیای حەمدو سەنایە
سپاسی ئەوپەڕی شایانی بەرزی
پەڕی مێشوولەیە بۆ شانی بەرزی
ئەوە پەروەردگاری عالەمینێ
هەیە وهەبوەودەبێ ودەبیەودەبینێ
بەروحموميهرەبان و موستەعانە
تەجەللای نووری عەرزو عاسمانە
خەدیوو خاوەنی رۆژی جەزایە
نەزاو خێوی بەزەی ئەهلی نەزایە
ئیلاهی چاک وپاک وچەوت و بێخود
هەموو هەر عەبدی تۆین"ایاک نعبدٌ
بەیاری و رێ نوێنێ تۆ نیازین
بە رەحمان ورەحیمی تۆ دەنازین
کەرەم کەی شارەزاییمان لەڕێی راست
بەڕێی "انعمت"دا بۆچوونی جێ راست
ببووری وانەکەی مەغزووبی تۆبین
لەڕێ لامان نەدەی یارەببی ئامین

خودایا هەرلەتۆ جوانە خودایی
لەسەر تەختی جەلال وکیبریایی
ئەزەل هەربووی خودایی شانی تۆیە
ئەبەد هەر هەی سەنا شایانی تۆیە
خودایی هەربەشی تۆیەوئیتر بەس
هەموو کەس تۆی کەسەئەممائەتۆکەس
خودای ئاوو زەوی وحەوت ئاسمانی
خودای بەرزونەوی وچی خۆت دەزانی
وەدی هێنی هەموو بوون ونەبوونی
بەری زاتت لەماندوویی وزەبوونی
هەموو مەوجوودی عالەم تۆ دەناسێ
لەئاساری عەجیبت سەر دەماسێ
نیە وێنەونموونەت نیتە هەمدەم
نیەلای تۆ خەوو خواردن ژەمو دەم
نەدیوو دیمەنی نێو بەحرو نێو بەڕ
لەخەلق وئەمری تۆن "اللەاکبر"
بە تۆیە عیززەت وزیللەت بەم وبەو
بەتۆیە نووری رۆژوزولمەتی شەو
لەسەر کوللی دەروزووری هەناسە
وجوودت واجبی شوکر و سپاسە
خەجالەت بارو شەرمەندەم لەبۆچی
ئەمن چی ووەسفی تۆمن چی وئەتۆچی
لەنەختێ ئێسک وپێست وچۆڕە خوێنێ
منی عەبدی نەزان چۆنت وەخوێنێ
بەشەر چۆنت بکا وەسفی کەمالێ
بەفیکری کاڵ وئەندێشەی بەتالێ
سەنا بۆتۆ نەوێنەی قەترەیەو یەم
لە زەڕڕەش کەمترە خورشیدی عالەم

خودایا من بەتۆ ئـومـمـێدەوارم
بە ڕەحمان ورەحیمی تۆیە کـــارم

ئەتۆ زانای هەموو رازی نیهانـی
گوناهی من لەمن چاتر دەزانـــی

گوناهم زۆرە هـاتووم سەربەشۆڕی
لەرێگا راستەکەت ڕێملێ نەگـۆڕی

خەتابارم خودایا لێـم ببـوورە
لەدیوانی خودایـی کینـــە دوورە

ئەمن عاسی ونەزانم تۆ غـەفووری
گەلێ دوورە لەعیسیانم نـەبـووری

بەقەولی داوتەپێم دڵ خۆشە "باللە"
وتت "لا تقنطوا من رحمت اللـــه"

بەهیوام ئەودەمەی گیانم دەسێنی
نەجاتم دەی بە ئەلتافی نهێنـــی

خوداوەندا بەحەققی بێ نەزیریت
بە حەققی پادشایی وبێ وەزیریت

بەزاتی پاکی بێ وێنەو میسالـــت
بەعیلم وقودرەت وجاەو جەلالـــت

ئەتۆ کردت بەگوڵزار ئاوری کـــڵ
لەبۆ ئاور بەنێو ئاوا دەبەی گـڵ

لەئیبراهیمی تۆ ئاور بووە عەون
بەعەونی تۆلەلەی مووسایە فیرعەون

بەهۆی "اقرا" دەزانێنی بەموخبیر
بە"مدثر" دەفەرمووی "قم‌فانـــذر"

لەخەو هەستە بلێ هەرچی مەبەستـە
بناسێنە، بترسێنـە ، مەوەستـــە

بەحەققی سوورەیی" الحمد"و" اخلاص"
بەسوورەی "فاتحە"تا سوورەیی"ناس"

بەحامیمی لەقەب تاها ویاسین
کەحەڵقی کوللی مەخلوقت لەبەروین

بەحەققی سوورەیی "انا فتحنا"
بەوانەی تۆدەیان زانی ئەمن نا

بەماڵی کەعبەوو "بیت المقدس"
بەرووحی ئەنبیا هەرچی تیا هەس

بەحەققی گوڵڕێزی رەهبەرانت
محەممەد خانەمی پێغەمبەرانت

بەحەققی مەهبەتی "روح الامین"ت
بەحەققی "رحمة للعالمین" ت

بەحەققی چوار یاری یارو یاوەر
ئەبووبەکر وعومەر، عوسمان وحەیدەر

شەشی دیکەش لەیارانی وەفادار
بەشارەت پێ دراوانی شەش و چوار

بەحەققی ئال وئەسحابی کیرامی
خسووسەن هەمزەوعەبباسی مامی

بەدووخونچەی گوڵی رەوزەی جینانت
نەوەی پێغەمبەری ئاخر زەمانت

بەئیمانی ئەوانەی خاسی ناسن
بەچاکانێ بەچاکی تۆ دەناسن

بە ئوممێدی دلانی پڕ لە ئیمان
بەشەرمی شەرمەسارانی پەشیمان

بەوانەی دێنەدەربارت بەرووی سوور
بەوانەی رادەوەستن مل کەچ ودوور

بەوانەی "قائم الیل"ن بەبێ خەو
بەوانەی "صائم الدهر"ن هەتا شەو

بەچاوی پڕلەفرمێسکی سەغیران
بەرووی زەردوهەناسەی ساردی پیران

بە ناموّیی ئەسیرو خوّف و ترسی
بەکەم روویی غەریبی رووت وبرسی
بەوانەی پیرە دلّیان و منالّن
بەوانەی زوّر منالّ وئەهلی حالّن
بەوانەی خوّت دەیانناسی ودەزانی
لەگەلّیانا هەتە لوتفی نیهانی
لەچاکەی چەک کراوم رێ بەترسە
لەتاوانم ببوورە ولێم مەپرسە
دلّوّپێکە هەزاران بەحری بێ بن
لەدەریای رەحمەتت چوون وچرا چن ؟
پەلّەی هەوری کەرەم چی لێ دەبێ کەم
پەلّەی رەحمت بدا سەرجەم لەعالەم
لەکن تیشک وترووسکەی خوّرو نووری
چ فەرقێکی هەیە نیزیک و دووری
عیبادی توّ ئەوەی بوون وهەن ودێن
بەمەیلی خوّ نەبوون ونین وناهێن
لەخانی بێ دریغت جیرە خوّرن
لەبوّ عەفوت کەمن هەرچەندی زوّرن
بەشی چاورێخشانی نوّبەیێکە
بەکوردی سەدگوناە و توّبەیێکە
لەقاپی رەحمەتی توّ شا ، گەدایە
گەدای "الفقروفخری" پادشایە
کەرامەت بوّ کەریمان شوێن ورەسمە
فلاتنهر ، کەلامی توّیە بەسمە
زەوی وزاری عیبادەت وبشکە دێرە
پەلّێکی هەوری رەحمەت بوّ بنێرە
بە خوڕەم رێزنەیەکی لێ ببارێ
تەم وژەنگی گوناهی لێ بنارێ

سەراسەر کردەوەی ژینم پەرۆشـــە
چ خۆشە عەفوی تۆ بۆم بێ بەتۆشـە

لە هەرکەس تۆ بپرسی کاری نەخشین
چیە فەوری دەڵێ جێی تۆڵەبەخشین

دروستی دەستی تۆم وتۆ دەناسـم
بەدەس تۆیە سبەینێ باس و خواسم

بە "انا" ووبە "للە" مانە ئیمـان
"الیەراجعون" ە ئاخریمـان

حەقیقی ئەوسەری عسیانە بـاری
وەلێکن بێ سەرە ئیحسانی بـاری

شای ئەنبیا محەممەدی موختار و سەروەرە
سەر حەڵقەیی نبووەت و مەحبووبی داوەرە
لەوح و قەڵەم لە عەقڵ وکەماڵی سەنادەکەن
عەرشی بەرین لەنووری جەماڵی مونەووەرە
سوڵتانی ئەنبیایە لەئادەم هەتا مەسیح
فەرمانڕەوا و خاتەم و سەردارو سەروەرە
ئەو مەحرەمەی لەبەیتی حەرەمفەخری عالەمە
بۆ ئەنبیا لە مەسجیدی ئەقسایە رەهبەرە
بەدری دوجایە بۆشەوەزەنگی زەلال و کوفر
شەمسی زوحا و مەزهەری میحراب و منبەرە
نوورێکە سێبەری نەبووە فەخری کائینات
ئەممالەرۆژی حەشر پەنا و پشت و سێبەرە
بێ وێنە وێنەیێکە لە ئاوێنەیی کەماڵ
نووری جەماڵی سانیعی تێدا موسەووەرە
گەر مانگی ئاسمان هەیە نووری لە رۆژەوە
مانگی زەوی لە نووری تەجەللا مونەووەرە
خالق ئەگەر بەخاتری خەیرولبەشەر نەبا
کاری چبوو بە خیلقەتی ئەم حەوت پەیکەرە
ئەی سەییدی بەشەر شەوی ئەسرا مەقامی تۆ
عەرشی عەزیم وبارگەهی حەیی ئەکبەرە
هاورێ بوو جەبرەئیل وبەجێ ما لەنیوەڕێ
تۆ رۆیی ئەو ئیزن نەدرا بچتە ئەو سەرە
قوربان لەسیدرە سەدرنشینی موقەڕڕەبی
ئەو مەسندو سەدارەتە بۆ تۆ موسەددەرە
هەرچی سیفاتی چاکە خودا دای بە ئەنبیا
تۆ وارسی ئەوانی بەتۆ گەیوە یەکسەرە
ئەمری خودا بەناردنی رەحمەت لەرووحی تۆ
ویردی سەفی مەلایکە تا رۆژی مەحشەرە

پرگاری نەخشەکێشی برۆی تۆیە مانگی نوێ
ئینجا لەرووت مونەووەرە کاتێ مودەووەرە
"ام القرا" بەرۆڵەیی وەک تۆ فەخر دەکا
یەسریب مەتافی قودسە بەڕەوزەی موتەهەرە
ئەو ئاوو خاکە جەننەتی مەوعوودە بێگومان
ئاوی مەعین و کەوسەرە خاکی موعەتتەرە
خوڵقی عەزیمی بۆیە لەدیوانی عەدڵی تۆ
ئەی دادگەر، غەزالە تەمەننای مویەسسەرە
مەحکەم دژێکە ئەمر بەمەعرووفی دینی تۆ
مولحید دەژی کەسێکی دژی نەهیی مونکەرە
ئاور بەئاوڕت لەگوناهی مە، لادەدا
ئاوڕ دەوە، کە ئاوڕی تۆ بۆمە، لەمپەرە
فیدیێکی عەیبدارە حەقیقی قەبووڵی کە
فەرموو گوناهبار و پەشیمانەکەم وەرە

بۆکان ١٣٤٥ی هەتاوی

واجمل منک لم ترقط عین واکمل منک لن تلد النساء
خلقت مبرئا " من کل عیب کانک قد خلقت کما تشاء

وەرگێڕاوی حەقیقی بە کوردی

جوانتری لەتۆنەدیوەقەت چاو لەدایکی نەبووە کەس بەوێ شیاوی
خەلق کرای بەری لەکوللی عەیبێ دەڵێی بەکەیفی خۆت خەلق کراوی

وەرگێڕاو بەفارسی

جمال چون ترا ندیدە دیدە نزادەمام چون توبرگزیدە
بری زعیبت آفریدە گویی خدا بەمیل خویشت آفریدە

بوکان –٢/ ١/ ٦٦

## مەدحی حەزرەتی رەسوول (د.خ)

## لە زمانی حەزرەتی عایشەوە

ولو سمعوا فی مصر اوصاف خدە
لما بذلو فی سوم یوسف من نقد
لوامی زلیخا لو رئین جبینە
لاثرن بالقطع القلوب علی الاید

وەرگێڕاوی حەقیقی بە کوردی

لەمیسرێ بیستبایان ئەودەمی وەسفی جەماڵی ئەو
بەبێ شک بۆ کڕینی یۆسفی کەس نەیدەدا پارە
ئەوەی لۆمەی زولەیخایان دەکرد ئەویان بدیبایە
لەباتی دەس بڕین جەرگ ودڵی خۆیان دەکرد پارە

وەرگێڕاو بە فارسی

اگر اوصاف خدش مصریان آندم شنیدندی
خریداران یوسف را بە پولی کی خریدندی
رخش را طعنەگویان زلیخا ار بدیدندی
بەجای دستهای خویش دلها را بریدندی

گوندی جەمیان – ١٣٠٨ی هەتاوی

سپاسی بێ حەد بۆ زاتی بێ چوون
"سبحان اللە عما یصفون"

مالک الملکی تەنیا و بێ شەریک
لە عەیب وعاران موبەڕرا وتەریک

دانەری زەوی و حەوت ئاسمانە
بەو جێ ومەکانە خۆی بێ مەکانە

هەڵسووڕێنەری چەرخی رۆژ وشەو
لە عەرزو ئاسمان کێ بە غەیری ئەو

تاک وبێ هاوتا پاک و بێ باکە
خالقی ئاوو خاک و ئەفلاکە

سەلات وسەلام لە سەر مستەفا
رەسوولی ئەکرەم خەتمی ئەنبیا

بباری دایم وەک رێژنەی باران
سەدهەزار هێندی خیزی رووباران

جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
رووناکی چاوی حەوواو ئادەمە
رەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا
صلوا علیە فەرمووە خودا

مزگێنی هێنا عیسای موجەڕڕەد
"یاتی من بعدی اسمە احمد"

مزگێنی هێنا وروۆیی بۆ فەلەک
لێرە بۆبەشەر لەوێ بۆ مەلەک

یانی دوای من دێ ئیسم ئەحمەد دێ
لەوچاتر نەبی نەهاتووەو نەدێ

ناوی محەممەد نێوبانگ ئەمینە
لەقەب رحمة للعالمینە

تەنیا گەوهەرە لەنێو بەحرو بەڕ
هەڵبژێراوی اللە اکبر

شەوی زهووری رەحمەت دەبارێ
نوور شەبەق دەدا زولمەت دەتارێ

٥٧٠ میـــــژووی زاییـنـــــــی

هــەڵکــرا چــرای دینـــی مـوبینـــی
هەرئەو ساڵەی بوو حەملەی عامالفیـــل
ساڵـی واقعــەی طیــراً ابــابیــل
بـە شـــەوی ١٢ی ربیـــــع الاول
رۆژی دینـــی حـــەق سـەرکـەوت لەکـــەڵ
لەشەڕق و عەڕب و نیـزیـــک و دووری
دنیـا رووناک بوو بە قوببەی نووری
لە رۆژئاوا را هەتا رۆژ هـــــەڵات
مـەلـەکداوەری شـەیـاتیـن هـــەڵات

جێــژنـــی مـەولـــوودی فەخری عالـەمـە
روونـــاکـی چاوی حـەوواو ئـادەمـــە
رەحمـەت بنێـرن بـۆ نووری هـــودا
طلـــواعلیـــه فـەرمووە خـــودا

جاء بـاالـهدی فـــی ام القـــــرا
نـــور مثلـــه عیـــن لـــم یــــــرا
ئـــاوری ئـاورگـی گـاور کـــــوژاوە
رۆچوو هـەڵچـۆرا دەریـاچـەی سـاوە
تـــەقـــی درزی دا تـــاقی نـــۆشیــــروان
یـــانــی ئیعجـــازی نـــەبـــی نۆشیروان
هـەڵبـوو چلـــچرا لـــە جێگـەی ئـــاور
گـــڕی دامـــرکـــا چـۆڵـە چرای گاور
عوزا بێ عیززەت ،مەنات بێ مـــەنـــات
هـەبـەل بێ بـەها نـەمـا قەدری لات
تاجی لەسەرنـا شـای اولـوالعـزمـــان
چـەمـان پەرچەمان چەم و خەم نـەمـان

سەمەک تا سەما رەقس وسەمایە
جێژنی مەولوودی رەسوول اللەیە
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
رووناکی چاوی حەوواو ئادەمە
رەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا
صلوا علیە فەرمووە خودا

سوورەی والشمسێ قەسەم بە رووتە
«واللیل اذا سجا» بە مووتە
لەنێو ئەنبیا دورڕی یەتیمی
خودا فەرموویە خولقی عەزیمی
شفاعەتی تۆ بۆ تۆبەی ئادەم
قەڵەم لە لەوحی نووسیبوو ئەودەم
خودا ناخودای کەشتی کردە نووح
تۆ سەوڵت لێدا بە عالەمی رووح
لە ئیبراهیمێ ئاور بەکوڵ بوو
نوورت لەبەینا پەرژینی گوڵ بوو
میقاتی مووسا عەرزە و کێوی توور
جێی تۆ سیدرەیە و سەراپەردەی نوور
بەئاوی دادا مووسا دەستە گوڵ
پێشوازی کردی عیسا یەک مەنزڵ
مانگ تۆی دی حەق بوو بێژێ من نیمە
نەی گوت جەزای بوو کردت دوو نیمە
تۆ بووی پێ ڕاگەی سکاڵای غەزاڵ
لەسەر تۆ خەتمە موعجیزەی کەماڵ
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
رووناکی چاوی حەوواو ئادەمە
رەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا
صلواعلیە فەرمووە خودا

گوڵی بۆن خۆشی باغی کیبریا !
ڕووناکی شەمعی جەمعی ئەنبیا !
شای تاجداران بەتەخت وئەورەنگ !
نەخشی تایبەتی نەقاشی یەکرەنگ!
شیرەی شیرینی شرابا "طهور
سوورەت ڕۆژی ڕوون نووری عەلانوور!
مەزەوتاموبۆی جۆی شیروهەنگوین !
ساقی کەوسەر وتەسنیم و مەعین !
تەنیا گەوهەری دەریای کەرامەت!
ئالاهەڵگری ڕۆژی قیامەت !
چرای "بیت الله" نووری مەدینە !
پەیکی ڕەحمەتت رووح الامینە
لەبەر تۆفەرمووی خودای پاک وتاک
"لولاک لما خلقت الافلاک "
خوڵقت عەزیمە ، لوتفت عەمیمە
تەبعت کەریمە من خەمی چیمە
ترسی مە شەرمە لەڕۆژی ئەژمار
خودا بەرەحمە وئەتۆش تکاکار
بەڵام زۆر خێرە چاکەی نەهێنی
تۆخوا لای چاکان نێوم نەهێنی
خاکی دەرگاکەت لەعلەو پیرۆزە
ڕووحم فیدات بێ جێژنە پیرۆزە
جێژنی مەولوودی فەخری عالەمە
ڕووناکی چاوی حەوواو ئادەمە
ڕەحمەت بنێرن بۆ نووری هودا
صلواعلیە فەرمووە خودا

ئەومانگە مانگی "رجب" اللەیە
مانگی میعراجی رسول اللەیە
بیست وحەوتەم بوو جەبریلی ئەمین
هێنای فەرمانی "رب العالمین"
عەرزی کرد سەلام یا "رسول اللە"
دەعوەت کراوی بۆخزمەت "اللە"
فەرموو خۆسازکە بەوەجهی لازم
بوراق حازرە و منیش مولازم
لەخزمەتتدام تاجێگەی موجاز
هەتا نیزیکی سەراپەردەی راز
کردی حەرەکەت رەسوولی کەریم
بێ چوون و چرا بۆ عەرشی عەزیم
شەوی میعراجە وشاسواری بوراق
رێبواری رێگای بەرزترین تاق
رۆیی بۆخزمەت حەزرەتی باری
لە عەرش و کورسی رەحمەت دەباری
بەشەوقی لالەی "لیلەالاسرا"
بوو بە چراغان سەراو سەرسەرا
تا حایل نەبێ بۆ حوزووری حەق
پەردە لادران تەبەق دوای تەبەق
رووحی ئەنبیا و چاکان و پاکان
بەدینی شادبوون سڵاو لە پاکان
سەفی مەلایک چوونە پێشوازی
باڵیان رادەخست بۆ پایەندازی
هاواری کردێ هاورێ جەبرەئیل
یا "رسول اللە" دەخیل سەد دەخیل
ئەگەر بەولاتر بەموو تێ پەڕم
بە نووری یەزدان دەسووتێ پەڕم

شەوو شەو ڕەوی شیاون لەوی
جوانی فەرمووە مەولا مەولەوی:
"چوو دیتی و گوتی وبیستی وگەڕیاوە
حەڵقەی درگاکەی هەر ئەلەریاوە"
سەدوبیست وچوارهەزار پێغەمبەر
ئەتۆیان بوویە ئیمام و ڕەهبەر
خەلاتی هێنا جەبریلی ئەمین
لەقەب دوای لەقەب "طەویاسین "
یارەب بە حەققی ڕەسووڵی ئەکرەم
بە " خیرالبشر" ،"شفیعالامم"
یارەب بە حەققی حەبیبی باری
بە ئال و بەیت و بە چوار یاری
لە بەحری عەفوت نەمێک یەمێکە
کەرەمکە ، لای تۆ یەمێک نەمێکە
دەریای ڕەحمەتت بێ سەروبنە
تۆ بێ نیازی، بۆ ئی وەک منە
بۆخۆت دەزانی خەجاڵەتبارم
بە لوتفی خەفیت ئوممێدەوارم
گوناهم زۆرە دەزانی رازم
تۆی کارسازم بەتۆ دەنازم
حەکیم نەخۆشم دەردم گرانە
چارەی نەخۆشی دەواو دەرمانە
بە "لاتقنطو من رحمت اللە"
ئوممێدەوارم ناترسم لەولا
نەبی شەفیعە و ئەتۆ شەفیقی
یەقین دەبەخشی جورمی "حەقیقی"

بۆکان – ١٣٦٤ ی هەتاوی

• ئیشارە بەم شیعرەی سەعدی یە :
اگر یک سر موی برتر پرم فروغ تجلی بسوزد پرم

خودایا خەلق و ئەمری تۆ هەوانین
لە خەلقی کایناتتدا خەتا نین
قەدیم و باقی یە زات و سیفاتت
هەی و بووی و دەبی بۆ تۆ فەنانین
زەمین و ئاسمان و مانگ و ڕۆژت
ڕیاز و ڕاز و ڕەمزی بێ بەها نین
لە ڕێی ناسینی تۆ وەستان لە ڕێوە
ئەگەرچی هەردوو وەستان عەقڵ و زانین
سەنا مەخسووسی تۆیە وحەمدی بێ حەد
کەسی دی لایقی حەمد وسەنا نین
هەور لەو ڕۆژەوە فەرمووت ببارە
هەتا ڕۆژی حەشر دایداتە بارین
ئەوەندەی بەفر و باران دێنە خوارێ
ئەوەندەی چۆم و چاوە وجۆگە جارین
هەموو بەحر، ئایەتن ئەمما بە ئایەت
ئەوەندەی هەن ئەوەندەش بێنە یارین
ئەگەر دونیا هەموو تۆفانی نووحە
چەم و بەحر و کەرێز وبیروکانین
موڕەککەب بن بنووسن گەورەیی تۆ
لە شەئنتدا بە قەدری پووشی کانین
بەشی ڕامان و دامانن لە نەخشت
ئەگەر زەڕڕاتی عالەم پاکی مانین
شەریکت نین و پێویستی کەڵەکنی
لەبۆ ملکت سنوور و ئینتیها نین
دەڵێن حوسنی تەبیعەت سەربە خۆیە
بە ماهیەت ئەوانەی شارەزا نین
لە بەفرانبار و ڕێبەندانی ئەوساڵ
نیشانتدا خودا ناسی و خودا دین

دەی و بەهمەن کە وێنەی زەمهەریرن
بە دەستی قودرەتی تۆ بوونە هاوین
لە کوێستان تەیری گەرمێنێ نەچۆوە
کەدی گەرمێن وکوێستان لێک جیا نین
دەسی حوکمت لەباتی رنسوە بەفران
رووانـدی نەرگس و لالە و ریاحین
چەلان قەندیل مەلای مەندیل بەسەر بوو
ئەوێستا شێخی سەر سەوزە وکەوا شین
سەری بە گوڵاڵە دەدرەوشێ وەکوو تاج
هەوراچی تەختە جێی وەک شان وشانین
هەڵاڵە و سوێسنە راوەستاوە سەف سەف
لە شان وباسکی چەشنی فەوج وتابین
فەرش هەن رایەڵ و پۆ زێڕ و زێون
بە نەخشە و وێنەکەی باغ وچیا نین
لەخەیری و خەتمییە تاری کەش و تووش
گوڵێ شەوبۆیە پۆی، هەڵز وکەما نین
نە شانەی دی نە خم ئەو رەنگ و ریسە
بە ئەمرت سوور و شین و ئاڵ و ئاوین
گوڵێ ژالەن نە چەتری تاوسی مەست
گوڵ ئەستێرەی شەوانن شەوچرا نین
بە رەنگی سووڕەتی و زەرد وسپی وسوور
شکۆفان بوونە گوڵ بولبول مونادین
دەمی پشکووتنی خونچەی بەیانان
نەسیم ئامادە بۆ عەنبەر فشانین
دەرو دەشت و چیا خەملێ وەکووبووک
هەوا زاوا،گوڵاوو عەترە کابین
نموونەی پێکەنینی گوڵ بە شەونم
گرینی بولبول و خەندەی بەیانین

بە عەتری مێخەکی وسووسەنبەر و یاس
کە خۆشبۆتر لەوان میشکی خەتا نین
کەژوکێومەست وبولبول مەست وگوڵ مەست
دەڵێی ئەو دەشتە هوشیاری تیانین
خەتایە نیسبەتی بۆنی هەڵاڵان
لەگەڵ میشکی خوتەن چین وخەتا چین
لە تەفسیری ئیرەمدا مووشکافان
بە فەسڵیوا خەریکی مووشکافین
لە شیوان قاسپە قاسپی خاسەکەو دێ
لەسەر شیوان چریکەی باز و شاهین
دەمی سوبح و مەسا قازو ، قورینگان
بە ڕێژە و سەف چەپ وراست و موساوین
لە دەم چۆمان قولاغەی داوە ماسی
بە سێلاوی خڕاوان جۆگە ماسین
لە چۆمان و لە گۆمان قەڵپەزەی ئاو
لە هەڵفڕ هەڵفڕی قاز و مراوین
خەزاڵان کاتی تێبەردان و هاوێر
لە نەخشی بێرییا حۆری وەهانین
بەدینی دەس لەنێو دەسنانی چۆپی
سەماچی حەوتەوانەی ئاسمانین
لەگەڵ رەنگین کەوانێ لێت نەگۆڕێ
کەوای رەنگینی وان رەنگین کەوانین
وەکوو ئەستێرە دەدرەوشن مەداری
لە ئەستێرەی مەداری ئوستووانین
هەوا تاریک و روونی پەرچەم وروون
قەمەر کەوتۆتە عەقرەب بۆ روانین
بە چاوی موشتەری بڕوانە زوهرە
ئیشاراتی عوتارید نارەوا نین

لەسەر سەریان دەسووڕێن پۆلی کۆتر
دەڵێن ئێمەش بەلاکەردانی وانین
کەوی دڵ سەیدی چاوی بازی نازە
لە حوکمی چاوی بازان کەو ڕەهانین
چ شیرینن گزەی جەرگ و بزەی لێو
لە لایەک خەندە بۆ لای دیکە نالێن
گوڵان خەرمانی گوڵیان سوورە ئەمما
بەفکری موستەحەقق و بێنەوا نین
سەنەی ئەوساڵە تایبەتیەی بەشەمسی
دەنووسم بۆ ئەوانەی نەسلی سانین
هەزار و سێ سەد و پەنجا و شەش بوو
لە حەفتا تێپەڕی بوو عومری فانین
لەبەر دەردی گوناهان دڵ نەخۆشە
حەکیم ئامان چ دەردان بێ دەوا نین
گەدایێکم لەبەر دەرکی خودایەک
" فلاتنهر" کە غەیری تۆ خودا نین
بەهۆی " لا تقنطو من رحمت اللە"
دڵم خوشە کە وەعدەت بێ وەفا نین
بە " سبحان الذی اسرا بعبدە"
بە شای مەسنەدنشین و ماسیوا بین
بە نووری سەییدی سەردار و سەروەر
کە ئەلقابی ئەون " طە ویاسین"
موحەممەد ئەشرەفی ئەولادی ئادەم
کە لەو چاتر لە لای تۆ ئەنبیا نین
شەوی ئەسرایە دی و بیستی و گەڕاوە
بە گشتی هەرچی ئەسرار و مەعانین
بە ئیخلاسی ڕەسوولانی ئولولعەزم
بەوانەی وا خوداناسان و نامین

پەشیمانم لە تاوانم ببووڕە
پەنام هێناوە غەیری تۆ پەنانین
لەگەڵ بەحری کەرەم ناجۆرە نارت
بە کوردی ئاوو ئاور ئاشنا نین
بنێرە و بیکە دەرمانی " حەقیقی "
شنەی رەحمەت کە لەو چاتر شفانین
سیراتی موستەقیمم بۆ کەرەمکەی
نەسیبم کەی سەفی ئەنعەمتە ئامین

سەنا بۆ "اللە" خودای میهرەبـان
لەدین ودنیا رەحیم و رەحمـان
لە حاندی حەمدی زمانـم لالـە
باقی هەر ئەوەو باقـی بـەتالـە
خوای سەما و زەوی بەرزو نەوی یـە
نەدیوو دیمەن پاکی ئـی وی یـە
فەلەک و مەلەک، مانگ و رۆژو شـەو
مەخلووقاتی دی کێ خولقاندی ئـەو
هەور و بارانـە ، ئاوو خاک و بـا
چۆن خەلق دەبوون ئەمری ئەو نەبا
لە خەلقی ئادەم عـەقـلٚ دامـاوە
ئەندێشە ماندوو، فیکر وەسـتـاوە
دوو چاوو دوو گوێ،دوودەست ودووپێ
بەبێ تەفاوەت ،کێ وەک کێ دەچـێ
بەشکلٚ ودەنگ ورەنگ وخولق و خـوو
کێت دی وەکوو یەک،کێت دی وەکێ چوو
بەشەو دیمەنی مانگ و ئـەستێـرە
بەعەرزو توولی کانی و ئەستێـرە
کانی بچووکە ئـەگـەر دەریـایـە
قیاسی ئەویش وەکوو ئەم وایـە
بەڵام دەبینی ئـەرزو ئـاسمـان
دەشتەپانـەکـان، کێوەبەرزەکـان
هەرچی مەوجوودی دیـارە لێتـەوە
لەنیسکی چاودا جێـی دەبێتـەوە
شوکرانەی باری قەتنابـێ تـەواو
شەواوێ بگرە بە فرمێسکـی چـاو
فەسلی بەهارێ باغان دەکا خـۆش
گوڵت دەداتێ بە باوەش و کـۆش

کارگ ، کوراده ، کەنگر و ڕێواس
قەیسی ، بەلاڵووک ، هەڵووچە، گێلاس
دارودەوەن و چڕو کەژ و کێو
بووکی رازاوەن ، بزە لەسەر لێو
خونچە دەکاتە نەشە و گەشە و گوڵ
بولبول دەکاتە دڵێک و سەد کوڵ
شەماڵ ساف دەکا هەوای دەرەوە
کانی روون دەکا ، ئاو روون کەرەوە
هاوینێ دێنێ دوای فەسڵی بەهار
پڕن لەنیعمەت دەشت و زەوی وزار
هەرچی پێت بوێ خوا پێتی داوە
دێنە بەردەستت لەو خاک و ئاوە
نایەتە ئەژمارئەو خێرو بێرە
نەخۆماندوو کە نەبی ئەژمێرە
لێشاوی نیعمەت نە سەرە و نە بن
چی نەفست بیوێ و "تلذالاعین"
پاییزێ حاسڵ هەمووی دەگاتێ
زەکات یەکێکە لە واجباتێ
بیدە و خەرجی کە وپێی بچۆ مەکە
ئەگەر هاتیەوە خراپەی مەکە
هەر لەبەر خودای بچۆ زیارەت
دەخیل سەد دەخیل نەکەی تجارەت
لێت پووچەڵ دەبێ وەک بنێشتی جوو
تەماشا دەکەی دین و دنیات چوو
ئەوجار زستان دێ دوای فەسڵی پاییز
سەرما و کرێوە وبا ، بە ویزە ویز
دەکورسی بخزێ هەتا نەوروزێ
سەفەران مەکە ، لێ مەدە پۆزێ

لە چەقەخانان درۆ بە تێرە
گوێی بۆشل مەکە، نوێژان وەگێرە
ئەگەر ئازا بی هەلی شەو نوێژە
لەدەستی مەدە شەوگار درێژە

بۆکان- ١٣٦١ی هەتاوی

سەحەر لەتەرفی بۆستان لەسەحنی لالەزارەوە
نەسیمی جانفزا وەزی بەموژدەیی بەهارەوە
زەوی زوموڕڕودی بووە بە فەڕشی زەڕنیگارەوە
وەکوو دوڕ و عەقیق ئەچن شکۆفەکان بەدارەوە
ئەوا دەچێتە گوڵ چنین گوڵێ بەلەنج و لارەوە

نیگاری ماهروویی من بەشەو دەمێ کە دێتە دەر
لەدەوری کوڵمەپەرچەمی دەڵێی لەعەقرەباقەمەر
لەبۆنی میشک وعەنبەری جیهان بەهەشتەسەربەسەر
دەمی مەسیحە وا کەدێ لەبەر دەمم دەمی سەحەر
وەیا شەمیمی میشک بۆ لە نافەیی تەتارەوە

شکوفتە بوون گوڵ وسەمەن بەئەمری"حی ذوالمنن"
یەکێ عەرەق بە کوڵمەوە وەکوو نیگاری سیمتەن
یەکێ شنەی موعەتتەری میسالی عەتری یاسەمەن
بەبێ قیامەت ئەو دووە دەکەن قیامی تەنبەتەن
لەسەحنی گوڵشەن و چەمەن لە لێوی جوێبارەوە

عەرووسی مانگی بانەمەڕ وەدەرکەوت وەکوو پەری
بە عیشوە وبەنازەوە بەخشڵ و زێڕو زیوەری
چیا وەکوو بەهەشت ئەچێ لەبۆنی میشک وعەنبەری
لە قەهقەهی کەوی دەری کە دێنەدەر لەدوو دەری
چ زوهرە بێ چ موشتەری دەکەونە ئیزتیرارەوە

نەمامی داری سەروە یاقەدی نەمامی دڵبەرە
شەمیمی عەتری یاسە یا بخووری عوود و عەنبەرە
لەبۆنی یاس و یاسەمەن چرو چیا موعەتتەرە
دەمێ بەداری سێوەوە شکۆفە میشکی ئەزفەرە
دەمێ عەقیقی خالیسە بەدەم لقی هەنارەوە

فرێدە غەم کە مووسمی نیشات وشادیە و سروور
دوبارەغەملێ کێووکەژبەرەنگی زەردوسەوزو سوور

بەرەغمی ئاهویی خوتەن هەلاڵە بۆنی دێ لە دوور
گوڵ ئاتەشی بەرەنگی سوورەکوو قەبەس لەکێوی توور
بەسانی خشڵی کێوی نوور بەسینەیی نیگارەوە
دەڵێن لەپەردەیی خەفا ئیرەم چەلێکی هاتەدەر
بە سەد هەزار رەنگ وبۆ بەزیوەری دوڕو گوهەر
وەلێ گوڵی بەهاری من وەرای تەسەووری بەشەر
دەسی مەشاتەیی قەدەر کراسی نازی کردە بەر
کڵاوی زێڕی نایە سەر بەتۆق و گۆشوارەوە
گەلی کچانی چاوبەکل فریشتەکانی ئاوو گڵ
دەمێ کە دەچنە گوڵ چنین بەعەینی هی خەزاڵی سڵ
دەسێ لەگوڵ دەدەن دەمێ،دەمێکی پەنجەیێ لەدڵ
هەڵاڵەکان چەپک چەپک دەبەن وەنەوشە چڵ بە چڵ
بەری بەیان وتاوپەڕان بەبەرقەدو نسارەوە
نە هەرلەخەڵوەتا بەشەو خەریکی زیکرە مورغی حەق
نە ئینس وجنن وجانەوەرنەهەرمەلەک تەبەق تەبەق
وەرە ببینە بێ خەبەر دەمێ بەیان ئەدا شەبەق
چیا ،چەمەن،گوڵ وسەمەن،گەڵاگەڵا، وەرەق وەرەق
بەیانی کیبریایی حەق بەکێوو چێوو دارەوە
بەشەو کەدەنگ ئەداتەوە لەکێوی قاسپەقاسپی کەو
تروسکەیێ بەگوڵ دەدا نەسیم ونووری مانگە شەو
من ونیگاری نازەنین بەمەزهەبم حەرامە خەو
دەمێ نیازوڕازی من دەمێکی غەمز ونازی ئەو
"حەقیقی" فرسەتی وەها قسەی دڵت مەشارەوە

" گوندی قەرەداغ ،ناوچەی مەهاباد
بەهاری ١٣٠٠ی هەتاوی"

چزەی برژانی جەرگم بوونە بۆسۆ
قەلای بەفری سپی کردن قەلاچۆ
نەیاریکی دژە زستانی نامۆ
شوکر دەرچوو لەناخی دلّ کولّ و کۆ
ئەوا بای وەعدە هێنای بۆنی شەوبۆ

بەهارەوسەردەمی سەیران وگەشتە
دەرودەشت و چیا وێنەی بەهەشتە
لە بژوێنی زەمەندی کێو و دەشتە
تەبەق جاران حەوت بوو ئێستە هەشتە
زەوی هەروا لەشک دا هەشتە یا نۆ

پەلّەی هەوران کران دیسان حەوالّە
لە کێوان گرمە گرم و نالّە نالّە
لە حاندی بۆنی بەیبوون و هەلالّە
عەبیر و میشکی چین مەشکەی هەلالّە
لە مەولا عەتری قەمسەر کەم دەکەن بۆ

لەنێو باغی گولان شەونم دەبارێ
سەفا دێ خەو دەتۆرێ خەم دەتارێ
لە رازان قاز و قومری دێنە خوارێ
قەلی رووڕەش بلێ با خۆی وەشارێ
لە بەر چنگ و پلی بازان و شاهۆ

ئەگەر بەرز و نەوی دیوە و نەدیوە
ئیرەم دیو دیمەنی ئاوای نەدیوە
رەقیبی کاخ و قەسران کۆخ و دیوە
نموونەی جەننەتی کەیوان خەدیوە
هومای ئەندێشە ماون دەستەوئەژنۆ

لەدەشت و چیمەن و یالّ وقەدوشان
سەف ئارایی دەکەن پۆلی وەنەوشان
شلێرو سوێسنە هەم سولّتان وهەم شان
رەفیقان خەو بەسە وەختی تەماشان
بەیان بەربوو گزنگی دا لە ئاسۆ

لەسەر سینەی چیا لێزگەی گولّی یاس
بە عەینی خشلّ و گەردنبەندی ئەلّماس
گولّ و بولبول لەگەلّ یەک لێ دەدەن لاس
دەخوێنن.ان یکاد، و سوورەیی «ناس»
هەتا دوور بن لەچاوی پیس وشانۆ

شەوی مەهتابە شەونم شوعلە رادێر
دوڕی وردن پڕیشکی ئاوی هەلّدێر
رەفیق و هەمدەمم لەودەشتی زەنوێر
حیکایەت خوانی مەولانایە بلوێر
کەوی کێوی دەفە و چەنگەوپیانۆ

گزنگ ئەنگووت و گولّ پشکووت و باری
لەسەر فەڕشی زومورڕود رەنگی باری
بەهارا ئەی بووکی بێ وێنەی لەباری
قەتاری بارەشایی زێڕە باری
کەمە بۆ زێروەشان سەرباشە کۆکۆ

بەیاری رۆژی رووت و پەرچەمی شەو
بە رۆژی روون دلّت بردم بە شەو خەو
قسەن پەیمانی ئاتلانتیک و وەرشەو
ئەوان با هەر لەفێلّێ بن لەم ولەو
ئەمن پەیمانی تۆ نادەم بە ناتۆ

بە خونچەی پێ کەنی گوڵ بۆیە سڵ بێ
نەڵێ وێنەی دەمم پەرژینی گوڵ بێ
لەدووری تۆ ئەگەر ژینم بەدڵ بێ
ئەگەر دڵ غەیری تۆ بۆکەس لە کوڵ بێ
لەپێی مەحشەر وەباڵی تۆم بەئەستۆ

پەیامی دا جەوانێکی هەوەسباز
بە پیرێکی کەهێنا بووی لە ژین واز
کە تۆش بووتە وەکوو من یاری مومتاز
ئەتۆش دیوتە لەیاران عیشوەوو ناز
چ ماون خاترەی ئەودەم لە لای تۆ

ولآمی داوە ئێستا هەر مناڵی
ئەتۆ عیشقی مەجازیت دیوە کاڵی
لە شێخی مەسنەوی جۆیا بە حاڵی
کە* دڵ بێ عیشق سندووقێکە خاڵی*
دڵێکی واکە تۆ نەت دیوە ئەوتۆ

لە شەوقی روومەتی وەک شەم دیاران
شەوارەن کەو لە کوێستان و هەواران
بەیاران بوونە باغی گوڵ بەیاران
حەقیقی تۆ بڵێی کاتی بەهاران
رەفیقانم بکەن یادێکم ئاخۆ

بۆکان ـ بەهاری ۱۳۶۳

* ئیشارە بەم شیعرەی مەولەوی یە کە دەڵێ :
سینه کو خالی ز معشوق بود
سینه نبود کهنه صندوقی بود

دیسان شنەی نەسیمی بەهارە و کزەی شەماڵ
دیسان بەبەرگی تازەیەوە تازە بۆوە ساڵ
تۆقی سەراوی کانی لەبەر گرمە گرمی رەعد
شین بوو زەوی بەنمنمی هەوری گەواڵ گەواڵ
خەملێ چیاوچەمەن بەسپی وسەوزو زەرد وسوور
دارو دەوەن بووە بەهەزار رەنگی ئاڵ و واڵ
لاچوو بەجارێ پەردە لەرووی جەننەتی ئیرەم
رازاوە تاقی ئەتلەس وکیمخواوو حەریرووواڵ
کوێستان لەبۆیهەلاڵە وبەیبوون عەبیری خاو
رەنگاوە باغچەکانی وەکوو بووکی چاردەساڵ
ئەشکەوت وکێووکەژ بەخڕی قاسپەقاسپی کەو
گوێ کەڕ دەبێ لەقاڕەیی قازوقورینگ و داڵ
یا بارە باڕی بێچووە یا کاڕە کاڕی مەڕ
یا قارە قاری قومری یە یا هارە هاری باڵ
دێن ودەچن بەدوندو قەدی زەردو ماهەوە
گا کێوی تاق وجووت وبەگەل مێگەلی مەڕاڵ
پێش ئەودەمەی گزنگ لەسەران دابەری بەیان
یا ئەودەمەی کە زەردە لەکێوان دەدا بەحاڵ
بڕوانە عەینی قەوس وقەزەح دێنە بەرنەزەر
خاشخاشکی سوورو سەوزەیی سەوزی بنارو یاڵ
کیژان بەپۆل بەیانی دەمێ دەچنە گوڵچنین
وەک حۆریان دەچن هەموو لێوئاڵ وچاوکەژاڵ
قەدیان وەکوو بلوورە بڕویان وەکوو هیلال
چاویان میسالی نەرگسە مەست وخومارو کاڵ
دەم چەشنی غونچەیی گوڵەباغی بەری بەیان
روومەت دەڵێی شەهیدە لەخوێن دابووە شەلاڵ
عەینەن دەڵێی بەمێخەکی نەخشاوەسێوی سوور
وەختێ کەدێن دەبینی لەسەر کوڵمە وردەخاڵ

جووتەی مەمک بەراست وچەپی سینەوە دەڵێی
پەیوەندی داری عەرعەرە نارنج و پرتەقاڵ
شێوەی شەمامەیێکە دەسی وێ نەکەوتبێ
وێنێکە سێوی نۆبەرە عەکسە هەناری کاڵ
بۆباس وخواسی زەرڕەیەک ئاساری کردگار
فیکری بەشەر دەوەستێ زمانی لە وەسفی لاڵ
ئەو سوێسنە و وەنەوشە و نەسرینە بۆ چیە
ئەو رەنگ رەنگی سوور وسپی وزەردوشینوئاڵ
بۆیەن هەتا لەبیرچێ خەمی بەفری نەگبەتی
بۆیەن هەتا نەمێنێ نیشانێ لــە دڕک و داڵ
بۆیەت شەواوی باغی دەدا شەونمی کەرەم
تا گەش ببێتەوە گوڵی عومرت لە ژینی تاڵ
هەستە لەخەو بەیانە حەقیقی زەمانی گوڵ
سەیران دەکا لەباغی گوڵان بولبولی خەیاڵ

بۆکان ١٣٢٣ی هەتاوی

خاکەلێوە سەرەتای سالی نەوم
دلڕفێن دلبەرەکەی چاو بەخەوم
هاتنت هاتە لەبۆ باری ژیان
گیان لەبەر سەهلە گیا دەگرێ گیان
بەهەوای هاتنی تۆ پەیکی شەمال
پێشەکی موژدە دەبا مالە ومال
هاودەسی تۆن لەهەرەس هەورو هەتاو
تا لەجێ مالێ دەرێنن چالاو
ژینەوە چاوە بە ئەمری باری
ئاوی هەلدێر و چەم وجۆباری
دەمی زیندووکەرەوەی بەحروبەری
قاسیدی خۆش خەبەری بانەمەری
بانەمەڕ دەفتەری خۆشی بەشەرە
لاپەڕەی دووهەمی ئیسنا عەشەرە
کلی چاوە گلێ دەشت و چەمەنی
جەننەتە دیمەنی دارو دەوەنی
باغ و باغات و چیا رەنگینە
کاتی خەرمانی گول و نەسرینە
مەخمەری سەوزە بناری کەژو کێو
گولی سوورە لق و پۆپی پەل وچێو
ئەو چراخانە لە داوێنی چیا
گولە خاشخاشکە لەنێو سەوزەگیا
خێوەتی سوور و سپی هەلدا باغ
گول لە پشکووتنە بولبول بەدەماغ
باغ وبەر کردیە بەر خشل وکراس
گیان لەبەرمەستەلەبەربۆی گولیاس
بەر قەدی کێوی بە ئاوی هەلدێر
پڕ گیا و سێوەڕە مەزرا زەنوێر

سونبول و سوێسنە مەزرا مەزرا
لەسەران ولەدەران دامەزرا
ژالە مەی لالە پیالەی هێنا
بای شەماڵ بۆنی هەڵاڵەی هێنا
کزەبا بۆنی هەڵاڵان دێنێ
عەتری گوڵ موفت وبەتاڵان دێنێ
زێڕوەشانی‌قەدەمی بووکی گوڵە
پەڵە هەوران دڵی پڕیان لەکوڵە
دوای شەوی شەونم و ڕۆژی باران
وەرە بڕوانە دەمی ئێواران
دیمەنی قەوس وقەزەح سەربەرە ژێر
چەتری هەڵداوە دەڵێی تاوسی نێر
قەد و یاڵ وخڕو شیوو دەرو دەشت
بوونە یەک نوسخە لەباغاتی بەهەشت
نەژمارێکی هەیە نەخش و نیگار
نە حەواڵەی کەرەمی دێنە ژمار
لەسەران مانگەشەوە وشیوان شەو
لە دەران یەک بەدووە قاسپەی کەو
دێ ودەچن قازو قورینگان پۆل پۆل
لە سەراوان و لەدەوری چەم و گۆل
کەیف وخۆشی و نەشەیە وڕەقس وسەما
بەزم وشادی لەزەمین و لە سەما
دەشت وسەحرا بەگوڵی ئاڵ ووالْ
جێی فیکر کردنە بۆ ئەهلی حاڵ
گوڵە خاشخاشکی تەماشا کە لە دوور
خاڵی ڕەش جوانە لەسەرکوڵمەیی سوور
خونچە پشکووتووە هەر وەک دەمی یار
سێو وەکوو کوڵمە ،هەنار وەک مەمی یار

گوڵی سووروەختێ کەدی روومەتی سوور
عەرەقی شەرمی رژا رووبەرە ژوور
شۆڕەبی پرچی پەرێشانی گرت
دی وەکوو زولفی نەچوو مانی گرت
عەرعەرو قامەت و بالای بەرزی
کە نەمامی قەدی تۆی دی لەرزی
نەرگس ئەو ساتە کە یاری دیوە
مەستی و چاوی خوماری دیوە
داری سەروە و بەرێهێنا قەدی یار
فندق وپستە وو بادام و هەنار
دوێ شەوێ بولبولی عاشق نالی
حالیە هەر کەسێ وابێ حالی
بەهەوای خوێندنی سەر پەلکی گوڵ
تێ گەیشتم وتی ئەی ساحەب دڵ
گوڵە سوورێ دڵی پەڕ پەڕ کردم
بە مرادم نەگەیشتم مردم

" بۆکان – ١٣٣٥"

بەهارە و مانگی خۆشی بانەمەڕ سەیریکە بی بینـــە
دەرو دەشت وچیا و کێوو کەژی دنیا هەموو شینـــە
چیا غەملّی،گیا شین بوو، چەمەن رازاوە،گولّ پشکووت
لەهەر لا تێ دەفـکری سوێسنە و بەیبوون ونەسرینـە
وەها نەخشاوە کوێستان، عەقلّی تێدا مات وحەیرانە
بە خەتت وخالّی ئالّ ووالّی شان ویالّی رەنگینــــە
شریقەی هەورە، گرمەی رەعدە، هاڕەی ئاوە،هاژەی با
هوجوومی لەشکری سێلاوە، جەنگەی کانی تــۆقینــە
گولّی ژالە بەعەینی تاوسێکە چەتری هــەلّــداوە
سوپای لالە لەشانی کێوەکان سەرگەرمی تــەمـرینـە
لەسەر چۆم و چیا قاز وقورینگ وقومری پۆل پۆلــن
گولّ ولالەی بناری کێووکەژتیپ تیپ وچین چینـــــە
چەمەن فەڕشێکی سەوزە نەخشەکەی لالەوگولّ وسونبول
لە دەشتێ راخرا وەک ئەتلەس و خارا و پــەشمینـــە
لەپاش بارانە بڕوانە شلێرو شەشپەڕو شـــەوبـــۆ
لەوێنەی وانە وا ئەلوانە رەنگی کۆلکە زێـرینـــە
گولّ ئەستێرەی شەوی نیسانە خاشخاشکـی بەیانـــە
تروسکەی ئاوری شوانە لەنێـو ئەو مێرگە نەخشینە
کزەی بایەک گەلای داران دەبزوێنێ و بریقـــەی دێ
دەلّێی ئاهی منەو گوێی دلّبەرەوگوارەی تـەلاییـنــە
دلّۆپەی شەونمی پەلکی گولّ و بۆنی شنەی شـەوبـــۆ
هەناسەی ساردی فەرهادە و تکەی فرمێسکی شیـرینـە
عەزیزم پایزە، کاتی زەکاتە، وەختی خــەرمــانـــە
بەهاری مەیلەکەت زستانە ئەمما لێرە هاوینـــــە
رەقیبی وردەگر بیستوومە باسی وەردی پــێ وەردە !
دەلّێ ئەو شێوە شێوەی کۆنەیەو دووبارە جاوینـــە

بەڵێ بۆئەهلی دڵ تەوسیفی گوڵ وەک سوونەوەی میشکە
بلێ هەر تازەیە لای بولبولان ئەو رەسم و ئایینە
"حەقیقی" ئەو بەهاری سوور و شین پەندێکە بۆئێمە
بەهاری عومری ئێمەش وا دەمێ سوورە ودەمێ شینە

بەهەشتە نیشتمان فەسلّی بەهاران
لە کێوو کەژ لەنێو خێڵ و هەواران

بە بۆنەی سونبول و نەسرین وشەوبۆ
چڕ و چێوو چیا مەستن لەبەر بۆ

لەنێو باغان دەمێکی باکزەی دێ
بە شووی مووساو بەفووی عیسا بزەی دێ

دوکانی عەترە بازاڕی قوماشە
بخوازە چی دڵت گرتی بەلاشە

لە شاخ وبەندەنان هەرچی رواوە
دەڵێی بە گولاوێ ئاوپڕژێن کراوە

وەهای لێکداوەکوێستان رەنگی ئەلوان
پیازو سیری وەک گوڵ وان لەگەڵ وان

چکۆڵە وگەورە نین لەو مێرگ وحەوشە
لەگەڵ هەوشانی هاوشانن وەنەوشە

هەموو دوو دوون گوڵی سووروسپی وئاڵ
لەدەوری ئاوەکان وەک چاوی قەرژاڵ

بە عەینی بووکی رازاوەن پەل و چێو
جلی حەورەنگیان پۆشی کەل و کێو

بەزەینی من لەشەرمی نەخشی جوانی
نەمانی چاترە "مانی" لە مانی

پڕی چێو وچڕی دەنگی کەوانە
لەگوێن رەنگی کەون رەنگین کەوانە

لە لایەک زاوو ماکە ولایە هاوێر
لە لایەک هاڕەهاڕی ئاوی هەڵدێر

بەشەو رامێنەئەستێر وشەتاوان
جموجۆڵیانە ئەستێران لەتاوان

دەڵێن داخۆ چ قەوماوە لە ئەرزێ
نەهاتوو" زەلزەلەی ساعەت"ئەلەرزێ

فەسڵی بەهارە شینن کەژ و کێو
سوورن گوڵاڵان سەوزن پەل و چێو
جوانی تەبیعەت باغ ودەرو دەشت
پێشانت دەدا مەستوورەی بەهەشت
خوناوکە باری،چیمەن ئاو درا
چڵێ گوڵی سوور بوو بە چلچرا
گوڵی سوور کردن بولبولی ناڵاند
نەمری تەبیعەت ،جوانی لێک هاڵاند
گوڵان پشکووتن لە شاخ و داخان
خۆش بێ نیشتمان بۆتە چراخان
دەشت وتەلانی وەک عاسمانی شین
باغی گوڵانی دەم بە پێ کەنین
گوڵ بووک وبولبول ،زاواوباڵداران
لەسەیرو سەمان سوبح وئێواران
تەرازووی خەیاڵ دەکا سەنگ وسووک
بۆ زێڕوەشانی شانی زاوا و بووک
دەنگی قەڵپەزەی ئاوی هەڵدێرە
تووڕەی تووزەلە ودەنگی بلوێرە
بەهار جامێکی جیهان نومایە
نانا نموونەی بەهەشتی خوایە

بۆکان ـ بەهاری ٦٥

هاوین! گەرمی تۆ گەرمی ئەوینە
دووری بەهارە ئەو تاو و تینە
سێوت دەگاتێ وێنەی مەمی یار
بادام لەدووی ئەو چەشنی چەمی یار
بی مەجنوون گەرچی پرچی پەخشانە
وەک زولفی لەیلم نەکراوە شانە
بەڵام سەروی ناز لە دەم جۆباران
تەنیا وێنێکە لە باڵای یاران
بۆ تێدار چاکە سایەی داری بێ
ئەمما ئەویندار سایەی یاری بێ!
ئەسکەندەر تینووی ئاوی حەیاتە
حەیات ئەوکاتە دڵ والە لاتە
لەرزی دووری یار زۆر دڵ تەزێنە
تینی ئەوینی ئاور بەزێنە!
بلێسەی گەرمات میوەی گەیاندێ
یەکیان دەگاتێ نۆبەی دەیان دێ
میوەی فەسڵی تۆ وا شاد و شیرین
دێنێتە بیرم فەرهادو شیرین!
لە گەرمی تۆیە تینی ئەوینم
لە تۆڕا پێک دێ ئاواتی ژینم

"سەقز- پووشپەری ١٣٦٥"

گەڵاڕیزانە فەسڵی خەزانە
کەوای خەزاڵان کەوڵی خەزانە
قازوقورینگان لەدەم شەتاوان
بە شین وڕۆ ڕۆ ڕۆین لە تاوان
سەرسەوزوبۆرچین لەدەردوداخان
خزین خزانە بن بەردو شاخان
نەما لەباغان نەگوڵ نەبولبول
چریوە نایە چما کوڵی دڵ
نایە ونابیسم لە مەل جریوە
لە شیوو دۆڵان قاڕە و قریوە
نە گمەی کۆتر نەقاسپەی کەودێ
نە لەم سریوە ،نە دەنگی ئەودێ
کوانێ گوڵاڵەی دیوو نەدیوان
سوێسنە وهەڵاڵەی بەرقەدوشیوان
کوا هاڕەهاڕی ئاوی هەڵدێری
کوا بلوێری شوانکوا شەنگەبێری
گوڵی یاقووتی وگەڵای پیرۆزە
لەکوێن لێک بکەن جێژنەپێروزە
گەڵا وەریون زەردو نارنجی
بۆ وا زوو ڕۆیی زەمانی گەنجی

بۆکان ـ پاییزی ٦٥

دیسان بەفرانبار دای دا کرێوە
دیسان رێبەندان سوپای بەرێوە

شکست وبەستی خاتوو زەمهەریر
کەی کەم ئێستەی کەملەهۆزی فەقیر

بای تۆڕ و باڕن بەمۆن و مرچی
سمکۆلێ دەکەن لە غاری ورچی

بە زەبروزەنگی نە پەل ما نە مەل
بەغوولی جەنگی کێ بێ وبلێ لەل

بووزی گرێدار چەند سفت و سەختە
بەستی بەشەختە دەستی لە تەختە

دەشت وبەندەنیکردە بەستەڵەک
باسی کەولێیە! بۆرێوی و دەلەک

چەقەڵ قووڕە قووڕ گورگ لوورەلوور
سمۆرەی برسی نووزەی دێ لە دوور

هاوار هاوارێ کالان وەپێچن!
دەستێ کار وانی کرێوە پێچن

گۆمی تەبیعەت گێژاوی زۆرن
بەڵام زستانان سەد رەنگ و جۆرن

چەرخ دەسووڕێ وەکوو دەبینی
لەبۆ من وتۆن تاڵی وشیرینی

بۆکان — زستانی ٦٥ی هەتاوی

ئەی پاک و تاک وتەنیا ئەی خێوی مەندوجاری
ئەی ئەو کەسەی کە هەرتۆ عاری لەعەیب و عاری
باری نیازمەندی نیتە نیازی یاری
ئەی بێ نەزیر و هەمتا هەرتۆی کە بەرقەراری
    بێ دارو بێ دیاری بێدار و پایەداری

خوای ئەرز و ئاسمانی رازی دڵان دەزانی
ئاوی گوڵان دەدێری مایەی بەری رەزانی
مەیخۆش و مزر و شیرین تام ومەزەی مەزانی
بۆ باغی مەردی باغی سەرمایەکەی خەزانی
    بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری

شایانی تۆیە شایان بۆ سوجدە سەردەکەن خەم
شایی شیاوی تۆیە، تۆ یەم ئەوان لە نەم کەم
تۆ نازمی گەڕانی رۆژ و شەوی مونەززەم
تۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
    بێ سەدر و شانشینی، بێ پەردە پەردەداری

بینای نزیک و دووری بەخشندە و غەفووری
عسیان بەوێ وفووری هەرتۆی کە لێ دەبووری
تۆ "مالک الرقاب"ی ملکت نیە سنووری
جەبباری بێ فتووری سوڵتانی بێ قسووری
    رەززاقی مار ومووری ئاودێری دێمەکاری

ئەو ئاسمان و ئەرزەی پڕ تەنتەنە و شکۆیە
ئەو شەمسی عالەم ئارا ئەو کەهکەشان و کۆیە
ئەو دەشتی وەک بەهەشتی بەوشکڵ و رەنگ وبۆیە
فیرووزە تەختی گەردوون مەسنووعی نەخشی تۆیە
    یاقووت و لەعل رۆژە ئەستێرەکان دوراری

فەرمووتە لەن تەرانی بەلام بەوەی عەیانی
هەرچی لە ماسیوادا تۆ خالقی هەمانی

بێ زەمانـــــی
وەختو زەمانی تۆیە بێ وەختو
بێ مەکــانـــــی
جێ وومەکانی تۆیە بێ جێ و
لەیل و نەهاری تۆیە بێ لەیل وبێ نـەهـاری
لەو ڕۆژەدا دەفەرمووی ئی کێ یە ملک و بـەرهـەم
ئی تۆیە قەهر و قودرەت باکت نیـیە لـەو و لــەم
بێ نایب و وەزیری ناکەی پـــرس بــەو و بــەم
هەر ئەمری تۆمـەدارە بـۆ کـاروبـاری عالـــەم
هەرچەندە بێ وەزیر و بێ سـەدرو کاروبـاری
عەقڵ سەری دەماسێ لـە پـەردەوو حیجـابــــان
باز و هەڵۆی تەفەککور مێشـوولـەیێکـی بـەربـان
فەرمانبەر و موتیعن بـەحـر و بـەڕ و بیـابـــان
سەحرانەوەردە شـەوقـی خورشید وماهی تــابـــان
دووجاریەن شەوو ڕۆژ بێ مەحمەل و عیمـاری
مەخلووقی زاتـی تـۆیـە عـالــەم درشـتو وردی
زەڕڕاتی کاینـاتێ ئـــەڵــڵایـــە زیکـر و وردی
تەنیانەهەر "حەقیقی" حەمـدی سیفـاتـــی کـــردی
مـەعلـوومـە بۆچی " حاجی" مـەدحت دەکابەکوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوەمەدحی باری

"بۆکان – ڕەزبەری ١٣٦٣"

بە ئینعامی تکا ئاواتەخوازم یا رسول اللە
خەسارەتمەند و سەرتاپانیازم یا رسول اللە
غولامم گەر حەقیقەت گەرمەجازم یا رسول اللە
ئەگەر شاهم ئەگەر شاهێن وبازم یا رسول اللە
وەتەن ئاوارەوو هێلانەوازم یا رسول اللە

لە تەوسیفی گوڵی باغی کەماڵت بولبولی لاڵم
فیدای خاکی بەری پێی خادیمانت بێ سەروماڵم
لە رووی مسکین نەوازی گەر بفەرمووی چۆنەئەحواڵم
بە رۆژ پەروانەیێکی دڵ شکاوو بێ پەڕ و باڵم
بەشەو شەمعێکی پڕ سۆزوگودازم یا رسول اللە

چرای دینی موبین رۆشن لە زاتی تۆوەیە قوربان
شەوی ئەسرا لەوێنەی موعجیزاتی تۆوەیە قوربان
سەفای جەننەت بەهۆی نووری سیفاتی تۆوەیە قوربان
لەتیغی قەهر وروتبەی ئیلتیفاتی تۆوەیە قوربان
ئەگەر گەردن کەجم گەر سەرفەرازم یا رسول اللە

پەنام هێنا بەقاپی رەحمەتت ئەی خاوەنی ئیعجاز
کەتەنیا تۆی بەروتبەی "رحمةللعالمین" مومتاز
بەئاوڕدانەوێکی مەیلی تۆ دێنم لە دنیا واز
بەروو چەرخاندنێکی رووت لەعالەم کەوتووم بێ ناز
بە لوتفیکت لەعالەم سەرفەرازم یا رسول اللە

شنەی بای خاک وخۆڵی دەرک وبانت عەنبەری خاون
لەبۆ دینی حەقیقەت تۆزی سۆلی پێت کلی چاون
ئەگەر روحمێ نەفەرمووی نەفس وشەیتان دانەوو داون
لەتێکۆشانی رزگاری منی ئاوارەدا ماون
هەموو باپیرەکانی دڵنەوازم یا رسول اللە

رەزام گەر تەخت وسێدارەم بفەرمووی چونکەهەر خۆتی
ئەگەر بەندی گەر ئاوارەم بفەرمووی چونکەهەر خۆتی

بەڵام لوتفێکی جارجارەم بفەرمووی چونکەهەرخۆتی
ئیتر هەر خۆت دەبێ چارەمبفەرمووی چونکەهەرخۆتی
تکاکارم، موعینم، چارەسازم یارسول اللـه

بسووتێ پەڕوباڵم نەڵێن پەروانە بێ شەم ما
غەریبی دوور وڵاتی خێڵی تۆ بێ یاروهەمدەم ما
لەتیری دوژمنان باکم نیە تانەی ئەوو ئەم ما
دەزانم خۆ خیلافی ئەمری تۆم زۆر کردووە ئەمما
کوڕی خۆتم بە لوتفی تۆ دەنازم یا رسول اللـه

لەبەحری مەعسیەتکەوتوومە گێژی جەهل ونادانی
بەهاوارم بگەی تۆبی وسیفاتی زاتی یەزدانی
خەلاسم کەی لەچنگی مەکرو حیلەی نەفس وشەیتانی
نەجاتم گەربدەی روو بۆتەوافتحازرم یانی
بەکەعبەی رووت رووەخاکی حیجازم یا رسول اللـه

لەتەخمیسی موناجاتی " مەلیک"دا خۆم لەبیر چۆوە
بەیانی تیشکی نووری رۆژی رووتم دی لە ئاسۆوە
کەچی دیتم "حەقیقی" شەرمەسارم دەس بەئەژنۆوە
غولامێکم ئەوا خۆم خستە قاپی غیرەتی تۆوە
بەناو" مەحموودم" ئەمما هەرئەیازم یارسول اللـه

"بۆکان – رەزبەری ١٣٦٤"

*بێخو دەلەزمان شێخ مەحموودی نەمرەوە گوتوویە :

لە شوعلەی رووی کەمەرچین زێڕ و زێوان
چ زەهرەی زوهرە وو کەیوان کە بێ وان
شوعاعی میهر و مەه لاچوو لە نێوان
لەدوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانیدا سپیدەی باغی سێوان

لەبەر ئەبرۆی کەوان و تیری سەر ژێت
هیلال ئەوشۆ بەخۆی گوت تەنگ ئەبێ جێت
خزی رووبەند و کاتێ کەوتە بەرپێت
لەخەوفی تەلعەتت رۆژ هەر وەکوو شێت
بە روو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

شەمیمی عەتری زولفت عەینی شەوبۆ
شکاندی پشتی گوڵ خونچەی دەمی تۆ
نیگارم وەک گوڵە هەم رەنگە هەم بۆ
مەکە مەنعی پەشێوی دڵ کە ئەمشۆ
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان

دوو زولفی عەنبەرینی نافەمیشکن
دوو چاوی مەستی بیمار و پزیشکن
لەچاو من جۆیبار و جۆگە ویشکن
دوو چاوی من کەوا کەیلی سریشکن
دەپێون ئاوی بەحری خوێ بەپێوان

بە ئومێدی قەدی نەورەس نیهالی
قەسەم خۆرە "حەقیقی" بۆ ویسالی
کە بەو دوو نەرگیسی چاوی خەزالی
شەڕابی لەعلی روممانی لە "نالی"
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان

"قوڵقوڵە ـ ١٣١١"

تعالی اللە "کەدوێ شەو چاوی فیکرم چەندە دووربین بوو
لەسەر سەفحەی جەمالت کاشفی تاها و یاسین بوو
خەیالی هەر لەسەر تەفسیری سەرووسێوی سیمین بوو
هەموو ئەشعاری دۆشینم لە وەسفی لێوی نۆشین بوو

دەچەسپا لێو بەسەر لێودا حیکایەت بەس کە شیرین بوو
لەوێنەی روومەتی سێوت لەنێو باغان دەپشکوون گوڵ
لەقاقای پێکەنین و رەوتی تۆ کەو مات و ئاهوو سڵ
لەبەر خونچەی نەپشکووتووی دەمت حەیران دەبێ بولبوڵ
گران موهری دەهانی تۆبڕی بەندی تەرازووی دڵ

دەڵێن یەک نوقتە وەزنی هیچە بۆئەم نوقتە سەنگین بوو
بە شیوەن دێ بەشیوان دالە شوێنی خەیمە وخەیلی
دەبن خاری موغیلان شین بە فرمێسکی وەکوو سەیلی
دەڵێ کاسەی گەدایی بۆ شکاندم گەر نەبوو مەیلی
مەڵێ مەجنوون شکا شانی لەبۆسینی سەگی لەیلی

لە لای عاشق خیلافی عاقڵی ئەم هەتکە تەمکین بوو
شنەی توڕڕەی عەبیرت رەشکی میشکی چین و تاتارە
نیگای چاوی خومارت تورکی مەست و شۆخ و عەییارە
سکوونی گیان لە پێچی پەرچەما بۆ وەسڵی دیدارە
عبووری دڵ بە چینی زولفتا بۆ ماچی روخسارە

قەلەندەر راستە بۆچین چوو وەلێ مەیلی بە ماچین بوو
فیدای بالای نەمامت بم کە خوێنی تورک و تاجیکە
حەلاڵت بێ ئەگەر خوێنم بڕێژی چی دەکەی بیکە
بەڵام سوێندت دەدەم بەو چاوە مەستە ولێوە باریکە
لە کوڵمەت هەرچی خارج بوو سەری ئەگریجە قەیچی کە

بڵێن با سەربڕینی خاریجی بۆ رەونەقی دین بوو
گوڵی یا شەم کەوەک یەک بولبول و پەروانە شەیداتن
بریندارن بە تیرت هەر دوو موحتاجی موداواتن

لە ئەسراری تەبابەت عارف و عامی هەموو ماتن
قەراری عاشق و قانوونی حیکمەت زیددی یەک هاتن
کە تەسکینی برینی دڵ لە نەفخەی زولفی میشکین بوو
" حەقیقی" ئەو بوتەی وا رووی وەکوو ئاوێنە دەنوێنێ
خەراجی چاوی مەخمووری لە نووری دیدە دەستێنێ
سەری تەسلیمە بۆتۆش گیان سپاردن چارە نامێنێ
بە ئیمای دیدەیی مەعشووقە عاشق کێو لەبن دێنێ
لەلای سالم"کەنەندەی بێستوون ئەبرۆیی شیرین بوو

" قولّقولّە ـ ١٣١١ "

بەچاوی تورکی تەورێزی دەبەخشم کشوەری دارا
بەخال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را
ئەمن کوێستانی کوردوستانی خۆم پێ خۆشە بۆچیمە
کنار آب رکن آباد و گلگشت مطلی را
خودا ئامان لەبەر نازی پەریرووبانی بێ ئامان
چنان بردند صبر از دل کە ترکان خوان یغمارا
لەوەسفی دڵبەری مندا کوتوویە حافزی شیراز
بە آب و رنگ و خال و خط چە حاجت روی زیبا را
ئەگەر جارێ جەمالی یوسفت دیبایە دەتزانی
کە عشق از پردە عصمت برون آرد زلیخا را
"تعالی اللە"لەبەرخونچەی نەپشکووتووی دەمولێوت
کەکس نگشود و نگشاید بە حکمت این معما را
دەزانن گەوهەرێکی زۆرگرانقەدرە لەگوێی دەگرن
جوانان سعادتمند پند پیر دانا را
لەلێوت گوڵ دەبارێ خونچە پشکووتن جنێوت دا
جواب تلخ می زیبد لب لعل شکر خا را
"حەقیقی" حافزیش ئوستادە ئەمما پێم بڵێ چت گوت
کە بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریا را

"مەهاباد ـ ١٣٢٤"

سۆزەی بەیان بنێرە بۆ یارم ئەو پەیامە
"انی رأیت دهرا من هجرک القیامە"
دڵ ئیمتیحانی داوە سووتا بە ناری عیشقت
من جرب المجرب حلت بە الندامە
چاوم لەدەردی دووری چاو پڕلە ئەشکم ئەمما
لیس الدموع عینی هذا لنا العلامە
نووکی موژەی بەخوێنم نووسی لە لاپەڕەی دڵ
فی بعدها عذاب فی قربها الندامە
ئەمبیستووە بە عومرم عیشقی بەبێ نەدامەت
واللە ما رأینا حباً بلا ملامە
یارم لەنیوەشەودا رووبەندی رووی وەلادا
کا الشمس فی ضحاها تطلع من الغمامە
وەک حافزی حەقیقی تینووی قومێ شەرابە
حتی یذوق منە کاساً من الکرامە

"مەهاباد ـ ١٣٢٤"

مزگێنی بێ هات سالی نوێ !
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بلێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وەبیروو دێ چمان دی دوێ ؟
زوو راپەڕن مەبن شلوێ !
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە روو خۆشی و کەیف وشادی
کۆشێ گولی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
سەری قەندیلی خالّ خالە
لێی شین بوو سوێسنەو هەلالە
چی دی مەکەن ئاه و نالە
ئیستیعمار سیحری بەتالە
هەوای دەنگی ئەو شمشالە
هاوار دەکا هۆهۆ خالە
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە روو خۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گولی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
لەسەر را دێ ئاوی هەلدێر
سەحرا شینە و مەزرا زەنوێر
حاحای شوانە و دەنگی بلوێر
زۆرمان دی دەوری تالّ و سوێر
کوردینە راپەڕن وەک شێر
وەختە هەلە تا نەبوە دێر

ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە روو خۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
بە حوکمی پادشای جەببار
بە ئیعجازی نەبی موختار
تێک رووخا کاخی ئیستیعمار
خەم رۆیی لەگەڵ بەفری پار
دنیا تۆڵەیە و دار بە دار
رێک وپێک و یەک بن ئەوجار
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە روو خۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە
شینی خوێنی لاوی کوردن
هەرچی گوڵی سوور و لالەن
لە سەر مەزاری شەهیدان
شلێران مەردەنگی و لالەن .
شاری کورد و کوردستانی
یەک یەک وەک مەیدانی ژالەن
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە روو خۆشی وکەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە

" بۆکان - ١٣٥٧ "

قەندیلە وادیارە تەقیلەی سپی سەری
یاخۆ سەرانە سەوزە کەوای،بەفرە مێزەری
کوێستانە مانگی بانەمەڕە دێ لەبەر دەمم
بۆی سوێسنە وهەلاڵە وەکوو میشک وعەنبەری
خەندەی شکۆفە بۆنی هەوای کردە عەتری ناب
یاس و وەنەوشە بوونە هەوادارو یاوەری
بازاڕی گەرمی پارچەفرۆشی لە ساردیە
کڕیاری عەتر وبۆی گوڵ وگوڵزارە موشتەری
ڕەنگین کەوانە ڕێژنەیەکی وردی لێ درا
پەروین دەڵێی ڕژا بەگوڵ وڵالەدا وەری
بێ بۆن لەحاندی تۆ گوڵە بەیبوونەخەممەخۆ
بیستوومە خۆی نواند وەلاتعەتری قەمسەری
چۆڕ چۆڕە ئاوی بەفری نساری سەران ولەند
بێ شک نموونەیێکە لە جۆباری کەوسەری
قاڕەی قورینگ وقازە لەدەشت وشەتاوەکان
نەغمە ونەوای بولبولە قاقای کەوی دەری
زیڕەی هەڵۆیە باڵەفڕەی کۆتری تەقڵەباز
ڕێبازی سەقر و بازە کەل وکێوی مەخمەری
لەمبەر خلەی قەتارەیە خرمەی یەخەوبەرۆک
لێ لێ وقەتارو ناڵەیی شمشاڵە لەوبەری
رووبەندی هەوری ئەوشەوە لادا نیگاری من
مانگی فەلەک هەڵاتەوە بن هەورو سێبەری
دڵ بی قەرارە تاقەتی تاقی بڕوی نیە
چاوی خوماری جووتن وتاقن بە دلبەری
سەروی سنەوبەری سەمەنی یاسەمەن گوتم
فەرمووی نموونەکەم لە هەموو لاوە داوەری
پێم گوت میسالی یاسەمەن ومانگی چاردە چین
زولفی ئیشارە کرد و جەماڵی مونەووەری

بولبول شەهیدە شاهیدە نێرگس کوتم، کوتی
رەددن گەواهی مەستلەدیوانی داوەری
فرمێسکی سوێری چاوێ کەدەڕژێ لەعیشقی یار
نای گۆڕیەوە ئە تۆش بی بەسەدشەهدوشەککەری
سەیری کە باغی تەبعی حەقیقی چ دڵگیرە
سێوو هەناری پێوەیە سەروو سنەوبەری

"بهار ١٣٤٦"

باغی بەهاری زەوقی جەوانی نەما بەری
تەبعم کە نەخلی تەڕ بوو ویشک بوو گەڵای وەری
بۆ فەرقی گەنج و پیری میسالم دوو دێنە بیر
کەوش وکەڵش و جاو و قوماش و بەرابەری
دنیا سەرای فانییە فانی وەفای نییە
هەر دەرد و داخ وژانە ژیانی سەراسەری
دوێنێ دەم وخلێنە لەقینی زەمان لەقین
ئەورۆ دەمی وەرینی ددانە و لەقەی سەری
جنن و پەری دوو حاڵەتی پیری و جوانییە
نۆبەی گەمەی جنۆکەیە ، شەرتی پەڕی پەری
قۆری شکاوە ، چایی رژاوە ، تووواوە قەند
بێ کەلکە تازە جۆش و خرۆشی سەماوەری
هەوری خەمان لە سەر سەری کردم کرێوەپێچ
بەرزی سەری بەفرگرە ، مەڕوانە سەر سەری
نەمدی سەری لەبەردی نەدابێ خولی زەمان
تێی دابێ هەر سەرێ سەرو سەودای سەروەری
دەفتەر بەدەستی خۆیەتی ، نووسیویە رۆژی خۆی
خۆی چارەنووسە ، هەرچی بنووسێ لە دەفتەری
مووسا بژی بلا ببڕن سەر هەزار هەزار
بۆ عیشقی شا دەبا بڕژێ خوێنی زەڕگەری
گەردوون بەمەیلی تۆ نیە بێهوودە خەم مەخۆ
ناگۆڕێ خۆت بکووژی چلۆن بێ موقەددەری
ئەسکەندەریش سەدان دەسەڵاتی هەبێ دەبێ
لەو رێگە چەوتە تووشی هەزاران سکەندەری
گەنج ئەر گەدایە شایەکە بێ تەخت وتاج وگەنج
پیری وهەزار عەیب ئەگەر شای قەڵەندەری

" رەزبەری ۱۳۴۶ هەتاوی"

دڵم ماتی غەمی هیجرانی تۆیە
نەخۆشی دەردی بێ دەرمانی تۆیە

ئەوا عومرێکە چاوم چاوەکانم
خەریکی شیوەن و گریانی تۆیە

برینم کاری یە جەرگم براوە
ئەویش کاری برۆ و موژگانی تۆیە

دڵی بردم نیگای چاوی خومارت
یەکە وگیراوی دوو مەستانی تۆیە

بەقانوون حورمەتی میوانی فەرزە
مەڕەنجێنە دڵم میوانی تۆیە

تەوافی خاڵی تۆ بۆ من حەڵاڵە
دڵم فیدیە و سەرم قوربانی تۆیە

قیامی قامەتت قامی قیامەت
تەرازووی چاوەکەم میزانی تۆیە

هەواڵی ڕۆژی مەحشەر گەر دەپرسی
خەبەر دەستی من ودامانی تۆیە

ئەگەر پەیمانەکەی دەستت شکاندم
دڵم مەشکێنە هاوپەیمانی تۆیە

ئەتۆ سووچت نەبوو چاوت منی کوشت
مەفەرموو چاوەکەم تاوانی تۆیە

بە ئیمانم هەتا مردن "حەقیقی"
بەهیوای دینی چاوی جوانی تۆیە

دەردی دووری زۆر گرانە دڵبەرا هیجران بەسە
دڵ وەکوو پەروانە سووتا چاوەکەم سووتان بەسە
عاقڵان شەیدا دەبن رووبەندی سەر روو لامەدە
عاشقان کوشتەی جەفاتن قەتڵی مەزلوومان بەسە
مورغی دڵ پابەندی دانەوداوی خاڵەوزولفی خاو
گیری بەندیخانە تاکەی بەندی بێ ئامان بەسە
هەرچی بووم بردی بەتاڵان تورکی مەستی چاوەکەت
تاقەت وسەبر و قەرارم پێ نەما تاڵان بەسە
شاهیدم فرمێسکی خوێنینە کەتۆ جەرگت بڕیم
عاشقی رووتم ئەگەر تەقسیرە گەر تاوان بەسە
ئێستەکەش مەجنوون ولەیلێ هەن لەعەسری تازەدا
شێت وسەرگەردانی تۆم ،حەیرانی تۆم ،حیرمان بەسە
گەنجی عیشقت پڕبە وێرانەی دڵە ومن پێم کەمە
تا زیادبێ چاوەڕێی دیشم مەڵێ ئیحسان بەسە
گەر قسەی عیشقی گوڵ وبولبول لەلات ئەفسانەیە
تۆ گوڵی خەندان وئەمنیش بولبولی گریان بەسە
ئاورت بەردا دڵ وگیانی حەقیقی چاوەکەم
دەردی بێ دەرمانە عیشقت دەردی بێ دەرمان بەسە

باڵا نەمامی خونچە دەمی چاو کەژاڵی مـــن
ئاگای لەدەردی دڵمە دەزانێ بەحاڵی مـــن
ئەورۆژە هات وپرسی لەحاڵم بە دڵ کوتـــم
بریا نەخۆشی بایە هەموو مانگ وساڵی من
خەرمانی گوڵ بەنازو بزەوغەمزە هاتەژوور
خۆش بی نەخۆشی بوویە شیفای حاڵ وباڵی‌من
ناچێتە دەر نەخۆشی لەگیانم کەتێ بکـــا
رۆژێ چەلێکی دێی ودەپرسی هەواڵی مــــن
بیماری عیشقی تۆم ونەخۆشی بەهانەیـــە
دەرمان ویسالی تۆیە بەفیکری محاڵی مـــن
بۆحاڵی خەستە ،حەستەمە ژین بێ مژینی لێو
نۆشداڕوو پاشی مردنە ئاواتی کاڵی مـــن
چاوم لەڕێتە ،چۆمەکە فرمێسکە ، دڵ بـووار
سەر بەردەبازە فەرموو ئەگەر دێیە ماڵی‌من
بۆ سورمە چاکە تۆزی بەری پێت وچاوەڕێـم
رەحمێ بکا بەحاڵی دڵم بای شەماڵی مـــن
مەستم بەبێ شەڕاب وتەماشای جەماڵی تـــۆ
وەختاو وەخت دەبێتە شەڕابی حەڵاڵی مـــن
گیان ودڵم بەجووتە شەووڕۆژ بەلاتـــەوەن
دەرناکەوی دەمێکی لە فیکروخەیاڵی مـــن
پەنجەی بەخوێنی ئاڵی دڵم رەنگی گرتـــووە
کاتێ رفاندی ئەوشەوە دڵ پەنجەئاڵی مـــن
هەم سوێرە ئاوی چاوم وهەم لێڵەئاوی چەم
تەنیا خوناوکی رووی گوڵەئاوی زوڵاڵی من
دامێ گوڵێکی سوور ووەری گرت وپێ کەنـــی
زانیم کە پێ کەنیوە بەعەقڵ وکەماڵی مـــن
یانی کەگوڵ چ حاجەتی گوڵ پێوە بردنـــە
خۆم گوڵم وزولف وپەرچەمە سوێسنە وهەڵاڵی‌من

وەختێ کە زولفی ئاڵی لەسەر کولمە لادەدا
وەک مانگی چاردەشوعلەدەدا رووبەخاڵی من
تاڵیم ئەوەندە دیوە لەوەعدەی بەتاڵی تۆ
ترسم هەیە ببەیتە قیامەت وەباڵی من
گەردوون گەڕانی نەبووەحەقیقی بەمەیلی‌کەس
کێ بێ نەڵێ بەداخەوە کافر بەحاڵی من

"بۆکان – ١٣٣٤"

خەت وخالت بەخودا فیتنەیی هیند وحەبەشە
ئافەتی دین و دڵە ڕەونەقی ئەو کوڵمە گەشە
خەلەلی چین و چەگول شۆڕشی ڕۆم و عەجەمی
لەسەر ئاشووبیی زولفت لەهەمووی کەشمە کەشە
چاوت ئەر نێرگسی شەهلا نیە بۆ هێندە خومار
پەرچەمت گەر شەوی یەلدا نیە بۆهیندە ڕەشە
زینەتی کوڵمەتە لەرزینی گوڵێنگی شەدەکەت
گەرچی ئەگریجە کە تەزیینی ئەویش و ئەوەشە
شەشدەری خاڵی سەری کوڵمەتە دڵ نایەتە دەر
سەری سەودازەدە بێ خود بەتەمای پێنج وشەشە
بەو دووسێ شیعرە حەقیقی کە لەمەیدان دەرچوو
تەنگە جەولانی قسە و تەوسەنی تەبعی هەڵەشە

" مهاباد – ١٣١٤ "

لە باغچەی خەیاڵ روومەت گوڵ دەم گوڵ
وەک بولبول دەفڕم لەوچل بۆئەم چڵ

نەرگس بە عەینی دووچاوی کاڵت
گوڵمت وەک سێوە گوڵ لێوی ئاڵت

لەبەر چاووزار دەی لێم بە سروە
مەمکت هەنارە پەیوەندی سەروە

گولێکم دی گولاو لێ ئاژاوێ
گولاوێکی لەشوێن ئەسڵی گەڕاوێ
وەکوو بولبول گوڵی گرتۆتە ئامێز
تەداعی بوو وتاری پیری تەورێز
گولاوو گوڵ کە ئەولەم، ئەملەوی بوو
ئیشارەی بۆ کەلامی مەولەوی بوو
گوتی بەینێکی دوور مابووم لەئەسڵم
گەلێکی بۆگەڕام تا گەیمە وەسڵم
عەزیزم خۆشەویستم نووری چاوم
گولم هێزی دلم جەرگ و هەناوم
چرۆی دەر کردووە داری مرادم
بەوەی شادم کە دایم هەی لەیادم
قیامەت رابوو پێم وابوو شەوێ دی
کە رۆژی رۆشنی رووتم شەوێ دی
شەوی دووری بەقەد دنیا لەمێژە
دەجا کەی رۆژی حەشرێ وا درێژە
حەقیقی هەرکەسێکی ئەهلی دڵ بێ
دەزانێ حەقیەتی بولبول لەکوڵ بێ

من فریزوو نیم و ناکەم نووزە نـووز
سەختە دارێکـم بـە نێـوی دارە بووز
من فریزوو نیـم بـە کێـلاّن و بـژار
هەڵ کەنێم و بـا فڕێمدا ژوورو خوار
من دژێکی مەحکەمـم لێـر و لـەوێ
چەرخی چەپهـەرگیز منی پێ نانەوێ
عونسورێکم بیـور و تەشوێ وتەورو داس
کۆڵ وکول بوون و لەسەختی من هەراس
تەختی خونکاری لەسەر تەختەی منـە
نەرد و شەترەنجی لەسەر مەختەی منـە
من بەنێوبانگم لەنیزیک و لـە دوور
نەک فریزووی دەستەچیلـەم بۆ تەنوور
پەل بڕینم دادەڕێـژێ هـۆیـەکـەم
چون پـەرەی داوێتە ریشا ژۆیـەکـەم
بەو رەگ ئاژۆیەی لـە هەوراز ونەوی
بوومە سینگی سینگی چوارگۆشەی زەوی
هەر پەلێکم وا لە کێو و بـەنـدەنـێ
پێم نەوەستا بەندو شەختەی بەهمەنـێ
باشتەنیومە هەرد وبەرد ودەشت وکێـو
رۆستەمم هەرگیز دەرۆستم نایە دێـو
سەختم و سەربەرزم و ئـازادە ژیـو
سەر نەوی ناکەم بە عـومرم بۆ بژیـو

بۆکان ۶۵/۱۲/۱۷

لەجێی فرمێسکی سوێر ئەوشۆ دەباڕێ خوێن لە چاوانم
لەدووری یارە بالا بەرزەکەی شۆخی موکریانم
بریسکەی دا لە مەغریب تەلعەتی ڕۆژی بەرەومەشریق
قیامەت رابووە ئەورۆ خودا تۆبە پەشیمانم
بەهەشتانی لەخەو تاریکەشەو لاچوو بەیان بەربوو
دەڵێن زولفی پەرێشانی وەلادا ماهی تابانم
سیا پەردەی شەوی لا دا تەلیعەی سوورەتی شەمسی
قەمەر دەرچوو لە عەقرەب پەرچەمی باداوە جانانم
نیگای چاوی خوماری کوشتمی کوا شاهیدی عادڵ
ئیشارەی چاوی مەستی پێم دەڵێ بێ سووچ و تاوانم
شەوی هیجری کەسامانی نەبوو ڕۆژی قیامەت بوو
بەیانی دیم نە دڵ مابوو نە سەر مابوو نە سامانم
نەسیم ئەنگووت و گوڵ پشکووت و بولبول هەر چریکەی دێ
زەکاتی حوسنە ئاواتی دەزانێ سوورە خرمانم
لە لای باغی گوڵان ئەورۆ نەسیمی عوود و عەنبەر دێ
خەریکی گوڵ چنین بن ڕەنگە دەستەی گوڵ عوزارانم
گوڵ وسەروو سەمەن وەک شۆڕەبی بێ بۆن و سەر شۆڕن
لە حاندی نەوگوڵم هێزی دڵم سەروی خەرامانم
قەدی سەروەو مەمی نارە چەمی نەرگیس دەمی خونچە
لەبن لێوانەوە لێوی دەڵێ لەعلی بەدەخشانم
تکەی عارەق لەسەر کولمی بە عەینی شەونمی سەر گوڵ
دەم ولێوی دەڵێ بڕوانە من خونچێکی خەندانم
دەپرسێ چاوی مەخمووری "حەقیقی" چۆنە ئەحواڵت؟
بە نەشئەی چاوەکانت چاوەکەم سەرمەستی مەستاتم

"بۆکان – ١٣٣١"

دەزانی چۆنە واماوم ؟ لە عیشقی دڵبەرە مانم
دەپرسی بۆچی داماوی لە دەستی یارە دامانم
دڵەی پەروانەکەم تینی شەمی رووتی نیە بۆیە
وەکوو پەروانە سووتاوم وەکوو شەم دیدەگریانم
بە شمشیری برۆ و تیری موژەت کاری کرا جەرگم
شەهیدی مەعرەکەی شمشیری ئەبرۆ و تیری موژگانم
لە دووری چاوەکانت چاوەکەم حوکمی نەما چاوم
کراسی یۆسفە دەرمانی چاوی پیری کەنعانم
لەبەر خەم چەم دەبارێنێ لەسەرمەزرای دڵم ئەسرین
مرادم شین نەبوو گەرچی پەڵەی دا هەوری بارانم
تەهومتەن بۆ جگەرگۆشەت گەلێ پێویستە نۆشدارو
بە نووکی خەنجەرت جەرگم برا داماوی دەرمانم
ئەگەرتۆلەیلەکەی بێ مەیلەکەی سەرخێڵەکەی نازی
منیش مەجنوونەکەی ئاوارەکەی دەشت و بیابانم
بەهارە وکاتی گوڵ پشکووتن و دەرکەوتنی خێڵە
بە هیوای دیتنی باڵا نەمامی کیژی کوێستانم
دڵم سووتا وەکوو پەروانە فرمێسکی شەمە ئاوم
وەکوو بولبول لەعیشقی خونچەجەرگی لەتلەتە دانم
"لسان الغیب"ی شیرازی مەیی باقی دەوێ ساقی
منیش موحتاجی تۆم و چاو لە دەستی خێروئیحسانم
لەبەر چاوی حەقیقی باغی میروا موسەللایە
گەواراتر لە روکناباده ئاوی حەوزی بۆکانم

" بۆکان ـ ١٣٣٣ "

کورتە چیرۆکی بەسەرهاتی ژیـــان
چاری ناکا
من گوتم حەوسەد مەنی پێ رادەگا دەفتەری حەفتا مەنی
ئەو سەری لێ راوەشاندم پێکەنی
بەرهەمت چی بێ لەشیناوەردی ژین
کاتێ شین با بردەڵەی بەرباوشەنی
ویشکەڵێ تاوسووتە ، شەمچێکی بەسە
کۆنە کۆخێکی بە چرپیمان تەنی
لای من وتۆ رایجە دنیا ، دەنا ...
رایجێکی نایەنێ دنیای دەنی
غەیری مەڵبەندی ژیانم چونکە ئەو
وەک بەهەشتە دەشت وکێوو بەندەنی
( تحتها الانهاره ) جۆبار و چەمی
رەوزەیی رزوانە باغ و چیمەنی
کاتی خەرمانی گوڵانی کێوو کەژ
بەرزو نزم و شیوو دۆڵ و چرگەنی
نەخشی بێ پەرگاری سەرسینەی زەوین
موستەقیم و موستەتیل و مونحەنی
وردە ئەڵماسی پڕیشکی قەڵپەزەی
ئاوی هەڵدێران کەژی کردن خەنی
سوورە لەم مەستوورەیە باغی ئیرەم
کوا خەوەرنەق کۆخی ئەفگەن ئەفگەنی
ئەی گوڵی ئاواتم ئەی سروەی ئومێد
بۆنی تۆ دێ بۆیە بولبول راچەنی
گەرچی نەوبووکی بەهاری نیشتمان
دڵ رفێنە بەژن وباڵا و دیمەنی
تۆی لەسەرچاوی خەواڵوو تەم رەوێن
تۆ لە قووڵایی دڵان خەم هەڵکەنی

خەمڕەوێنی گیانەکەم زوو زوو وەرە
وا "حەقیقی" چاوەڕێتـــە ئەزبەنـــی

"زستانی – ١٣٦٤ "

دایە ئەی رووحی رەوانم بەفیدات
ئەی سەرو ماڵ و گیانم بە فیدات
تۆ فریشتەی، مەلەکی ، ئینسانی
یا پەریزادەی و خۆت نازانی ؟
شەرتە کردووتە بەرۆژو بەشەوم؟
باسی سەربێ نەخەوی تا نەخەوم ؟
تا دەجووڵێمەوە هێند بێ هەستی
لە خەوێ رادەپەڕی هەڵدەستی
مەم بە دەستێک و دەسی تر بێشک
نیتە بۆو بێشکەیە نۆبە و کێشک
رام دەژێنی بەهەوای بەندی دڵت
بۆ نەخەوتنمە دڵی پڕ لە کوڵت
بە فرۆشتن بێ ئەگەر ئاوی ژیان
بۆمی دەکڕی بەدووسەد رووح وگیان
دایە ئەو دەنگ وهەوای لای لایە
هەوەڵین دەنگە لە دنیا دایە
جا لەبەر خاتری تۆیە مانم
بەفیدات بێ سەروماڵ و گیانم

* * *

مەزمەزەی ئاوی حەیاتە مەمەکەی
دەمی عیسای مەسیحە دەمەکەی
مەمکی پڕ شیر و دڵی پر شەفەقەت
خوای مەزن خەڵقی نەکرد ئی وا قەت
تا دەچم بۆ دەرو تا دێمەوە ژوور
رووحی بە دوامەوە دێ دوورا دوور
چاوی دەیگوت گلەیی کردووە لێم
بۆ لە من خافڵە کاتێ دەگلێم

نرخی دنیایە چڵـــی مـــووی دایــــــە
دڵـــی مـــن بەستەیە بـــەو هەودایــــــە
با قەزای ویـــــم وەدڵ وجەرگی کـــــەویٚ
گشکەسم مەرگی وەپێش مـــەرگی کـــەویٚ

"سەقز- پووشپەڕی ١٣٦٥"

ئەی‌موعەللیم‌ئەی‌فریشتەی‌رووی زەوی
ئەی سروشت و رێ ورەوشتت مەعنەوی
تۆ چرای رێ لێ گومانی بێ گومـــان
تۆ قەرەولی رۆژو کێشکچی شـــەوی
دابی زانین فێـری منداڵان دەکـەی
خاوەنی هەستی نەوەستــی ناکـەوی
تۆ نەبی منداڵ خولن دەخولێنـــەوە
ئەو لەوی دەکوتێ بەمستان ئەملەوی
تۆڕی وا دەگری بەتۆڕی ماریفـــەت
بازی وەحشی ئەهلی یە وکێوی کەوی
بۆ بەیانی باشی دەرسی بێچـــوان
تا بەیانی بێ وچان داتـــاکـەوی
داری خۆشی کەی بەبێ تۆ دێتە بـەر
سەروی نازی نەخلی بەرزی نانـەوی
چالی نازانی لەسەر رێـی کۆرپەمـە
دڵنیام چون تۆ ترووسکە وپەرتەوی
بۆ خەلە وخەرمانی زانین و هونـەر
هێلەگی جێ ورد و بێژنگ و کـــەوی
دەنگی تۆنەغمەی سرووشـی غەیبی یە
زەنگی تۆ خۆشتر لەسەدقاسپەی‌کەوی
هەر ئەتۆ کردووتە هەستی ژانی گەل
هەر ئەتۆ چێشتووتە چێژی بێ خەوی
تۆکە بەرپرسی پلەی فێرکـردنـــی
تەربیەت‌کەمتر نیە پایەی لـــەوی
چاو لەدەستی تۆیە دایکی نیشتمـان
رۆڵەکانی تەربیەت‌کەی نەســرەوی
چون لەسایەی تەربیەتدا زینـدووە
داری ئازادی و تەن ورووحی قـەوی

خوێندنە هۆی راپەڕینی هۆزەکـــــان
هەربەوی خەڵکی زەوی چوون بۆجەوی
باهەر ئی تۆبێ کەلیمەی کۆڵ نەدەر
راپەڕە، تێکۆشە ،باهەر سەرکەوی
گیانەکەم پەندی حەقیقی بگرە گوێ
تا بەفریات بێ خودای بەرزونەوی

" سەقز – پووشپەڕی ١٣٦٥"

ئازاو بەغیرەت کوردە و دیاری
لەعنەت لە ئاهۆی نەخوێندەواری
بەوری بەیانە و لێی وەرکەوتووە
پڵینگی بێشەی شێری خەوتووە
تا خوا حەز دەکا ئازا و نەترسن
بۆ مەرد و رەندی لێ یان مەپرسن
شێری شکارن ئازا و بەکارن
ئەمما داخەکەم نەخوێندەوارن
هەر بۆیەش ئاوا لێک نامۆو سڵن
داوا یەکێکە و تێیدا دوو دڵن
ئەوا رۆژ هەڵات لەو نێو هەورانە
کاکی من دنیا دەوران دەورانە
دیسان بای شەماڵ هات بەویزە ویز
گۆپاڵی تۆشی هێنا دەر لە خیز
هەرات لێ دەکا هارەی بای وەعدە
دەتۆ رادەخورن ئەو بەرق و رەعدە
ئێستا رزگارن هەست و دەست و مست
رۆژ رۆژی کارە، ساڵ ساڵی زانست
زمانی کوردی چلدانەی رازە
چاکی نیازە برۆ بخوازە
چت دەوێ تێیدا وردەواڵەیە
لێشی نابڕێ بنەماڵەیە
گەنجی فەرهەنگی نەغدە و نهێنی
نە گەنجێکی وا نێوی نەهێنی
قامووسی واژەی دەریا دەریایە
دوڕڕ وگەوهەری قەت دوایی نایە
بڕۆن بخوێنن گەورە و چکۆڵە
جەبری مافاتە وەستێنن تۆڵە

بەرەوپێش
مەکەن کێشە کێش بڕۆن بەرەوپێش
برا برایە، برا و کێشە کێش ؟!

تۆ ؟
ئاخر هەتا کەی وابێ بەشی تۆ ؟
کەی ئاوا دەبێ ڕۆژی ڕەشی تۆ ؟

" بۆکان – ١٣٥٨ "

بەری باغی ژیان شیرینە گەر زانینە ئەو ژینە
نەزان وەک هەژگەڵی بێ کەلکە بۆسووتان وپەرژینە
هونەر دارێکی بەرزە دوڕو مەرجانە لق وپۆپی
هونەروەر نامرێ چون باغەوانی عیلم و زانینە
لە خوێندن چاو مەچووقێنە مەبە مایەی پەشیمانی
نەسیبی دوژمنت بێ جاهیلی بارێکی سەنگینە
نەزانین عەیبە ، نازان سووکە ،ژینی نەنگە ،بڕوانە
وتەی زانا چ شیرینە ، وشەی نازان چ نەنگینە
لەبابەت خوێندنێ پێغەمبەری موختار فەرموویە
وەدووی خوێندن کەون بچنێ ئەگەرچوونوولەبۆچینە
خەیاڵێکی نەکەن وەختوزەمانێکی هەیە خوێندن
لە بێشکەی ڕا زەمانی خوێندنێ تا کاتی تەڵقینە
مەڵێن بۆ نێر و مێ فەرقی هەیەفەرموویەتی فەڕزە
لەسەر کوللی موسوڵمانێ چ مێ بێتوچ نێرینە
"حەقیقی" وەک نەزانین ئافەتە بۆ دین و دنیایە
حەقیقەتعیلم وزانین زیبی دنیا وزیوەری دینە

"بۆکان - ڕەزبەری - ١٣٣٥ "

برای بەڕێزم ئاغای ئەفخەمی
بۆ وا دانیشتووی بەکەمتەر خەمی

فەسڵی پاییزە و سەری بورجێ یە
زەمهەرداخستن ئەورۆ بەجێ یە

بڕۆ بنووسە فیشی دارایی
لەخۆت شیرینەژیری و کارایی

لیستی حقووقی نووسی کاک ئەنوەر
بانگیش فەرموویە!گەیی بە دەفتەر

ئیدی گیر مەبە بڕۆ بۆ بانگێ
دوو ڕۆژی ماوە بۆ سەری مانگێ

جیرە و مواجب لەگەڵ ئیزافە
شەش حەوتێک دەبێ بەبێ گەزافە

لەڕێوە بکڕە دووتا گەنمی باش
بە داشقەی دەستی بی نێرە بۆئاش

یەک دووپووت لەپەدووسێ پووت برنج
بەڵکوو بەینێکی دابنیشم دنج

لە نیسک و لە ماش لە دانەوێڵە
هەرچی تووشی بووی بەجێی مەهێڵە

ئەوجار حەڵەبیەک ڕۆنی نەباتی
بە پەلە بکڕە تا نەبوە قاتی

لە سیر لە پیواز لە یارەڵماسی
زەخیرەی داخە بۆ کاکەباسی

بە کابانم گوت بڵێی بەش بکا ؟
هێندە پێ کەنی کەم ماغەش بکا

دوو کیلۆگۆشتی دەکڕم بۆ نەهار
پێ یان ڕاناگا دەبێتە هاوار

لە مەلام پرسی بەو مواجبە
حەوتووی جارێکی پلاو واجبە ؟

بزێکی هاتێ گوتی ناوەڵلا!
ئەگەر لە ماڵێ نەبێتە هەڵلا!
کاری چەتوونتر لەپاش ئەوانە
خەرجی ڕۆژانەی وردە نەوانە
مەگەر بەپیری دەس دەمە تفەک!
بچمە ڕێ گری بۆ خەرجی پفەک
شەیتان پێم دەڵێ بەو گرانیە
دزی و ڕێ گری فێڵی وا نیە
ئەو کوێرە مووشەی مەلعوونەی گێڕە
هەر بەدوا مەوە دەڵێی شوێن گێڕە
بڵێی بێ گێچەڵ بەردا دەورەمان ؟
گەورە دوژمنی بابە گەورەمان ؟
ئەورۆ بەڕێ چوون لەسەر کۆپینە
بەڵام چوونە سەفبرا تۆپینە
بەهای بژیوی یەک و هەزارە
حقووق نابزوێ دەڵێی بیمارە
مەسەلەی مەشهوور جوان و دزێوە
ئاردی دابێژە قوونی مەبزێوە
لە بازنشەستە خراپ قەوماوە
خوا رەحم بکا تەنیا ئەوماوە
بۆچی مووچەیان ناکەن ئیزافە
ئەوانیش تێربن مەگەر خیلافە
ئەرێ بۆ مەحرووم لەگێژنانە بوون
هیچیان نادەنێ مەگەر ئەوان جوون
ئیرادێ مەگرە قەڕنی ئەتۆمە
نە تۆ خەمی من نە من ئی تۆمە
قسەم پێ ماون بەڵام نەهارە
تەبعم شێت بووە وەک داشەهارە

لەبیرتە نووسیت لە کابرای جووتیار
" تشریف بیار و تعهد بسپار" ؟
ئەتۆش برۆ بانگ ئینجا بۆنەهار
" تشریف بیار و اسکناس بشمار" !

" بۆکان ـ رەزبەری ١٣۶۴ "

کزیر دەنگی دێ لە نێو ئاوایی
دەڵێ وەکۆ بن ئامپاو رەشایی
بۆ درونێنەی جۆ وەرنە هەرەوەز
بۆتان سەر دەبڕم گیسکێکی مەرەز
برژۆن شەوەکی پێش گورگ ومێشان
ماڵ و پیاو و کەر بۆ کلۆش کێشان
لەگەڵ خۆ بێنن هەمبانە نانێ
بەرەمەشکەی رۆن بۆ چەورەسانێ
گۆلاوێ بگرن بۆ باقەبێنێ
چاکی بشێلن با نەی دەڵێنێ
قازانجی زۆرە تووتن چەقاندن
نان لە دێمی‌دا و دێمیلەچاندن
شەوی بمێنێ بچنە نۆک رنین
ئامان و ئەستی وخەج و خاتووزین
چیمان هەڵکەنن بۆ بەر ئەستێران
چی مان لە خەڵکی چوونە ئەستێران
"یای ترشکوا" یا "ئارمستراڕنگ"
بە تۆ وبەمن چی چوونە کورەی مانگ
بە ئارمستراڕنگ یا بە گاگارین
دڵوو خۆش مەکەن هەر دوو وەک مارین
مسیۆ خەریکی کەشفی ئەتۆمە
تۆ بمری نالێ من خەمی تۆمە
ورگی مستێڕی پڕ بێ لە ویسکی
خەڵکی بیافرا قڕ بێ بەسیکی
مەی بێ لەجێی "ما "بادرەیای"مانش"
خەڵک لە تینوان دەخنکێن جا چش
ئەگەر بمدەنێ کالیفۆڕنیا
نامەوێ ناچم بۆ ینگی دنیا

ولاّتی کوردی دەلێی بەهەشتە
چەمە ، چیایە ، باغاتە ، دەشتە
قەدی کێوانی جەنگەلّی جوانی
وەک پەری دەچێ و پرچی پەخشانی
ئاوی هەلّدێری، دەشتی زەنوێری
دلاّن ئاو دەدا ، گولاّن دەدێری
لەبەر دەنگی نەی قاسپەی خاسەکەو
نە دێتەدلّ خەم ، نەدێتە چەم خەو
بەهارەدیسان گەشن کەژ و کێو
بە رەنگی ئەلوان کەل وپەل وچێو
لەسەر چلّی گولّ چلّووکی دارێ
لە باتی شەونم عەتر دەبارێ
قازو قورینگان دێن بە قەتارە
مزگێنی دێنن فەسلّی بەهارە
کۆترەباریکە شای تەقلّەبازان
قاسپەی خاسەکەو لەچیا و رازان
دێنە هەلّپەڕکێ کیژان و لاوان
وێنەی هەلّدەگرن کانی و گۆلاوان
کابان ساز دەبن دەچن بۆ هەوار
بەجێم نەهێلّی هەوارچی هاوار
حۆری بەهەشتن دەچن بۆ خێلّی
هاوار هەوارچی بەجێم نەهێلّی
دەچن بۆکوێستان بالاّ نەمامان
مردم نەمامان بۆ مەم شەمامان
سێوە بەهێیە هەنارە هەرمێ
قۆڕغن لەپیران چۆن دەستی بەرمێ ؟

بـرایـەک پـرسـی رۆژێکـی لـە مـــن
کـام شـاعیـرترن هەژار و هێمـــن
گـوتم "اعـوذ" لـە شـەڕی وەسواس
هـەر دوو یـەکێکـن لـە لای کاکـەبـاس
هـەر دوو ئەنگێوەن لـەیەک هەدەف دا
هـەر دوو وەک دوڕن لـەیەک سـەدەف دا
هـەر دوو مامۆستای لـۆمـە لـەوانـن
لـە بەحریتانـان وەک مـەلـەوانـن
ئـەو وەردەگێڕێ واژەی جـزیـری
ئـەم نەقلان دەکا لـە شکسپێـری
بـۆ کـوردوستـانـی ئـەو بـێ وێنەیە
تـاریـک و روونی ئـەم ئـاوێنەیـە
ئـەوین بەزێنە بـەیتـی مەم و زێـن
لای هەواری ئـەم لـەیل ومەجروم کێـن
خەییامی کـوردی چـەنگـی لـە دڵ دا
نـاڵەی جودایی گـڕی بـە کـڵ دا
لـە کوێستانی ئـەو گولان بە بۆکـە
سەمەن وەکۆکـە لـەو پـاشـەرۆکـە
خـولاسـەی کـەلام ئـەوان بـرا مـن
نـاکەم فەرقیان بەمـوو، بـرا ، مـن
منیش چاوێکم لـە دیتـن وێستـا
هـەردوو بە چـاوێـک دەبینم ئێستـا

بۆکان ١٣٦٢

لەحەیفی عومری هیچ و پووچ ونەفسی سەرکەش ویاغـــی
بەرەغمی غەم بەکوێرایی حەسوود و دەستو چۆماغـــی
برایمئاغا برۆ میهمانێکی سازکە دەزانـــی چـــۆن ؟
وەکوو میهمانێکەی حاجی سمایل ئاغا لەنێـــوباغـــی
لەبەر تاچین پلاوو گۆشتی بەرخی رێی نـــەبێ رێـــدار
لەبەر دۆکلێوو سالادو لەبەر دۆی سارد و چای داغـی
مەزەی دۆترشەکەی باوەڕ کە خۆشتر بوو لە کـانـــادا
لەزگ دا جێ نەما تێی کەم حەیف بۆ مەشکە پـــالاغـی
بە خۆرشتی فرووج و روببی رێواسی زگـــی مـــاســـی
ئەوەی دەت دیت و دەتناسی لە خانەخوێ و لەقۆناغـــی
لەبەر زۆری دروشم و داغی کەللەی بەرخی پێم وایـــە
نەماوە دانەیەک زستانەزێ ئەوسالێ لـەنێــو شـاغـــی
لەرێی بان هۆبەتوو ئەو رۆژە تووشی دەستەیەک مەڕبووم
شوان دەیگوت ئەوا هەردێن جەلەبدارانی گەلباغـــی
دەلێن میهمانێکی سازکردووە حاجی سمـایـل ئـــاغـــا
کە تەنیا بۆنەهارێکی بەشی ناکا مـەڕی تـــاغـــی
لەپیاو ماقوولی شارو دێ ئەوەی نەتدیوە دەی بینـی
لە ئەعیان ولەئەشراف ولە بۆکانی ولە سابـــلاغـــی
رەفیقان جەمع وگەرمی قیل وقالن داخەکەم "قـــالـــە"
بە تەنیا تۆ دیارنی ولێرە نی جێت خالی "دەبباغی"
منیش دەعوەت کرام وچووم و دیم و ئافەرینـم گـــوت
وتم بیهۆنەوە خۆ تۆ لە شیعران گـورج و قـوچـاغـی
لەداخی شیعری نوێ کردوومە تەرکی شاعیـری ئـەمـــا
وەکوو شیر هەلدەچێ تەبعم گەلێ وەختان بە قاچاغـی
دەمێ ئەو مەجلیسی سیدق و سەفایە و باسەفایـەم دی
وەبیرم هاتەوە دەورو زەمانی راستـــی و ســـاغـــی
حەمامیان سەردەمێکی مەرکەزی عیلموشەریعەت بـــوو
قەلای سەرداری بۆکان هەر بلێندە وبەرزە بەیداغـــی

ئەتۆش هەروا نەهارێکمان دەیە ئەمما بەشەرتێکـــی
ئیتر نەی هێنیەگۆڕێ سوحبەتی بـارگیـن و داشـاغـی
زەمانیئیستیشێن و لەندەوێر و جیـپ و پـەیکـانـــە
نەماوە شوێنی راوو ئەسپی بۆرەو زین و قەڵتـاغـی
نەهارێکی کەبابی بەرخ و تاچین و شـــرو شـــالات
لەگەڵ عەسرانە تۆراغ و لەگەڵ سوبحانە قەیمـاغی
مەبەسلەو نەزمە شۆخی بوودەنا تێرم "بحمداللـــە"
هەمە "خیرالاموراوسطی" واشنا بـم یـــاغـــی
مەرامم مەجلیسێکی ئونسە خاڵی بێ لە بێگانـــە
بە قەولی سەعدی ناحاوێتەوە تـووتـی لەگەڵ زاغـی
لە گۆشەی ئینزیوادا ماومەوە بێ یار و بێ هەمدەم
رەفیقی زوو نەبانن لێم وەکوو وشتـر لـە دەیلاغـی
کە دەمبینن دەکەن خەندێکی نابەدڵ و دەپرسن لێـــم
حەقیقی چۆنە ئەحواڵت؟ دەڵێن بەینێکە ناسـاغـی

سمایل ئاغا بە ئەو حەججەی کە تۆ چووی
لە تاوی متفەڕک وەک مار دەدەم پێچ
خوسووسەن وەختێ دیم دابووتە بۆڵندا...
شەکانم هەر یەکی یەک پارچە بۆ بێچ
حەقیقی ئیدی خۆی پێ را نەگیرا
وەک ئەیلێن کەوتە کەوڵم بێ درۆ کێچ
دەگەڵ تۆشمە جەنابی کاکە رەحمان
" گتردک لاران بیرشی منەسێچ "

ئەی خودا چەندە خۆشە گیان کێشان
شەو لەبەر کێچ ورۆژ لەبەر مێشان
مەعدەنی ئەو دووەن بەقورِ گیرێن
قەرەدا و پاشبلاغ و دەروێشان
ئەوە نەقلی هەزارو سێسەدیە
گەر بەشەمسی سەنەی بدەم پێشان
زۆر وەڕەز بووم گوتم دەڕۆم دەگەڕێم
دەچمە نێو خزمو تایفە و خوێشان
چای سبەینێم نەخوارد و ڕێ کەوتم
بۆ نەهارێ گەیشتمە گامێشان
هەلگەڕام هێندە بەندەناو بەندەن
ڕێک قول و قاچ و بەندەنم دێشان
خانەخوێ هاتەوە ئەویش وەک من
کفت و ماندوو بوو لاقی راکێشان
تەختەنەردێکی کۆنی بوو هێنای
تەقە تەق وەرگەڕا شەش و بێشان
خەلکی ئاوایی دەورەیان لێدام
هەر لە سۆفی هەتاکوو دەروێشان
جگەرەم پێبوو بەستەیەک دەم ودەست
لێم تەواو بوو لەسایە لاکێشان
چوومە خزمەت مەلا لە مزگەوتێ
بردمیە مالەوە بەراکێشان
گوتی پارەم نیە دەنا موفتە
پیاوی وەک تۆ بەپارە هەلکێشان
لە هەرای دا " حەقیقی" میوانە
بە ئەدەب بن مەکەن هەرا و کێشان
شێوی لێ نێن سەماوەرێ تێ خەن
هۆدە راخەن بە فەرش و لاکێشان

دا مریشکێکی سەربڕن مردیبـن
بە لەپێنە و بە چێشتی بڕوێشان
هەر کە بۆ شەو سوپای گەنە وقوڕنوو
مشک و دووپشک و کاکڵەمێشان
حەملەیان کردمێ خودا تۆبە
ناشکوری چۆن لە پیاو دەدا نێشان
چوونە بانی دەگەڵ جەنابی مەلا
هەر دوو کەوتینە فیکر وئەندێشان
مێش ومێشوولە شەڵغەیان دابوو
رێ نەما بۆ هەناسە هەڵکێشان
ئێمە چەنگ و ئەوان نەیان لێدا
سووت ئەوان، ئێمە قەنەمان کێشان
پڕی گوێم بوو لە وردە مێشوولە
پڕی چاوم لە وردە مووی جێ شان
پیس بە پیسی دەچێ گوتی بێنن
دووکەڵێ سازبکەن تەپاڵ کێشان
قسەمان کرد هەتاکوو ئاوا بوون
مانگ و ئەستێرەکانی کاکێشان
قیل سپی بوو دەمێ بەیان بەربوو
زەردە سوبحی هومێدی دا پێشان
ئەو شەوەی تاکوو رۆژ مەلا نەخەوت
خزمەتی کرد و زەحمەتی کێشان
دەسەڵاتم بووایە دەمدایە
دانگ ونیوێکی گوندی و رمێشان

" هاوینی ١٣٠٠ "

الا لا تحزنن " قالە قەندە"
هەتا تۆبی حەمام نادەن بەبەندە
لە حەممام و لە کاراژ و قەپانێ
ئەوی بۆی چووم سەری تۆی پێوەبەندە
سەرێکت وا لە تەورێز و مەراغە
سەری دیکەت لە خەلخال و مەرەندە
ئەتۆ بازیگەری قەرنی ئەتۆمی
شەش و بێشت هەیە هەر تۆی بەرەندە
نەماوە ئیعتیباری ئەهلی دانش
دەنا کەمتر نیە شەندە لە مەندە
مەتاعی من قسە و هەڵبەست و شیعرە
ئەویش لای خەڵکی ئەم عەسرە چەرەندە
نەما بەرگ و بەری باغی مەحەبەت
تعصب حالی حازر ناپەسەندە
ئەوێستا نان لە راستیدا نەماوە
ئەوی کەلکێکی بێ هەر فێڵ و فەندە
بەسەر چوو داخەکەم دەوری کەرەوزەنگ
ئەوێستا کاتی رۆنی شاپەسەندە
لە بێکاری سەرم ماسیوە قوربان
بەڵێ بێکارەیی کارێکی گەندە
وتم واباشە گوێی کارێکی بگرم
کە پیاوی تەنبەڵ و بێکارە پەندە
معاشم بۆتە ماشەڵڵا فلان کەس
بوێژێکی بە نرخ و قورس و مەندە
لە کاتی نوکتە سەنجی تەبعی شیعری
بە وردی عەینی بێژینگ و سەرەندە
وەلێ وای کردووە دەستی تەبیعەت
کە شاعیر هیممەت و تەبعی بڵەندە

فریشتەی رەحمەتی غەیبی لە ناکاو
هەرای لێ کردم و فەرمووی بە خەندە
بەغەیری خوا "هەباسە" کەس مەناسە
ئەوی من پێت دەڵێم ئەندەرزوپەندە
مەڕۆ لای ئەوکەسەی ئینسانە وەک تۆ
عەزیزم هەر یەکە رۆزی دەهەندە
قەناعەت کە بەوەی خوا پێتی داوە
مەبە عەبدو عەبیدی عەبد و بەندە
بەدەوری ماڵی خەڵکیدا لەمەولا
مەبە چیدی بە بۆشقابی پەرەندە
حەقیقی منەتی خەڵکی زەمانە
پەتە، زنجیرە، زیندانە، کەمەندە

" بۆکان – ١٣٤٢ "

سەدانت لێدا مانگا پیوازی
ساڵت بردە سەر بە حوققەبازی
هەشت نۆ دە مانگە دەڵێن ئاوسی
ئەستوور بووی دەڵێی مەشکەی گاوسی
زۆر درۆزن و سەگ و سەگ بابی
بۆچی دی نابی غەیری قەسابی
چی دیم توورە کەی ئاڵفت لێ دەبڕم
شاخت دەشکێنم کلک و گوێت دەبڕم
ئەو ڕۆژەی ئەمن چووم ئەتۆم کڕی
نەمزانی ئاوا نان و دۆ بڕی
بوویە زڕدایکی نوێنگینە بەڵەک
نەمدیوە مانگای وەک تۆ بە کەڵەک
دەت فرۆشمەوەدەتدەم بە بزن
عومەر و سەلاح بە بێ شیر کزن
سەلاح بێ مەمکە عومەر بێ شیرە
داخی بەجەرگم بۆ مانگا پیرە
مانگا زەردی خۆم تەواو بەشیر بوو
عەیبی ئەوەبوو یەکجارزۆر پیربوو
ڕۆژێ حەو درەم ڕۆنی کەرەی بوو
سەد سەگی وەکوو ئەو ماکەرەی بوو
جووتێ گای دامێ کردمە قوربانی
هەزاری وەک تۆ بێ بە قوربانی
هاتە جواب گوتی من بێ تەخسیرم
قەولت دەدەمێ بش زێم کەم شیرم
گوتم چووزانی ؟ گوتی منداڵم
بۆچی کەمشیری ؟ نوێنگینی کاڵم
قەت زاوی ؟ بەڵێ پار بەبیژۆکی
ئەدی قەحبەباب بۆ دەڵێی لۆکی ؟

گوتی من چیکەم منداڵت گزن
لەسوێی چۆرێک شیر قەبندی دەدن

ئەگەر دەتزانی بۆ شیر وا شڕی
ئەوت بۆ فرۆشت منت بۆ کڕی ؟

گوتم چووزانم تووشی تۆ دەبم
بۆ شیر و کەرە وماستودۆ دەبم

پێشینان دەڵێن کە هیچ نەزانی
لائەقەل پیری بدە بە جوانی

گوتی ناوەڵلا ئاغای حەقیقی
لە سەودایەدا زۆر نادەقیقی

تۆ سەوداتنەکرد دیاری بوو بردت
سندان لە خۆتدا بۆکاری کردت

بۆکان ١٣٣٤

بەهاری ئەوساڵ قەدەم بەخێرە
شین بوو وەنەوشە وشەوبۆ شلێرە
سوێسنە و هەڵاڵە و سووسەنبەرو گوڵ
باغی ئێرەمیان داناوە لێرە
کوڵی دڵی هەور شینی کرد زەوی
باری بارانە و تەرزەو گلێرە
هەر ڕۆژە ئاوێ هەر شەو شەواوێ
وەستای باغەوان قەدیم ئاودێرە
شەونم لە باغان عەینی چراغان
وەختێکی هەڵدێ مانگ و ئەستێرە
ڕەنگی کوێستانی وێنەی بەهەشتە
جۆگەی سەلسەبیل ئاوی هەڵدێرە
قاقای قەتاری قاز و قورینگە
کاڕەی بەرخ و مەڕ دەنگی بلوێرە
قاسپەی خاسەکەو دەنگی مورغی حەق
بانگی سبەینان گوێ رابدێرە
لەو نێوە بولبول دەگری لەسەرگوڵ
دەرمانی عاشق فرمێسکی سوێرە
ئەو زەرد و سوورە پۆڕی گوڵانن ؟
یا پۆلی بێری داویانە سێرە
من ماتی نەخشی پەروەردگارم
کوا ڕەنگ و ئەلوان دێنە ژمێرە
ئەمما لە ناکاو خووداری کردم
فیکری نەزانی گامێشە کوێرە
زان و نەزانی لێم بۆتە دمدم
یاخۆ نەزیلەی مام ڕێوی و شێرە
داماوم ئێستا بۆ ئەهلی حاڵێ
مەعلوومی کا لێم مێ یە یا نێرە

بە کلک وبە گوێ بە خشەو مشـــــە
وەک گامێش دەچێ ئـەمما پانێـرە

ڕۆژێ گوێم لێبوو کابرایەک دەیگوت
خودا داینا وە بـۆ پـانێر گێــــرە

قەراری زانت مانگـێ بەهار بـــوو
ئەوا سێ مانگ چوو ئاخر ساڵ دێـرە

ئەتۆ ومام ئەحمەد بۆ پێتان وایـە
درۆ سەوابە و تەفــرەدان خێـــرە

عومری سەگت بوو لـە عـەلیابـادێ
خراپەم نـەکرد هێنامیـە ئێـــرە

جێگاکەت نـەرمـە تەویلەت گەرمـــە
تفاقت خۆشـە مـەزرات زەنـوێـــرە

خزمەتت دەکەن پیـاوی ئاغـاکـــان
عەلی و ئا رەحمان دەڵێن زۆر تێرە

تلـتەی بۆ ناردی "مستر تـرۆمـــەن"
دەڵێن دەستووری "ئایزەنهـاوێـرە"

پێموابوو ئەو سـاڵ بە شیروماستت
دەپچڕێ مەشکە و دەقەڵشێ نێـــرە

تا خاوەنی تۆم بێ ماست وبـێ دۆم
پارشێوو شێـوم نانـە وکـولێـــرە

تێری ونا پرسی لـە حالـی بـرسـی
لۆقت درێـژە و دەنگـت دلێــــرە

کاتی بەیانان پاش دوو ڕەکات نوێژ
دەست وزمانم بەو زیکـرە فێـــرە

دادەی مامۆستا ڕۆنـم بـۆ بکـــرە
تـۆخـوا مـەلاژن دۆم بـــۆ بنێــرە

عەیبە حەیات بێ بۆ قاپـە دۆیـەک
ئەم ماڵ و ئەوماڵ چی دیم مـەنێرە

جوابی دامەوە دەزانی چی گـوت ؟
ئەو شاخ زەلامەی بەدەن تاوێـرە ؟
ئاغای حەقیقی بـەس چـاوەڕێ بـــە
سەرفی نەزەرکـە لەو خێـرو بێـــرە
ژینی بـەمننەت مەرگی بـە نـەنگـــە
ئینسانی قانع سـەربـەرزو مێـــرە
تـا گامێش دەزێ حەوجار ساز دەبێ
حەمامێک لـە نـوێ بـەنمرە وشێـرە
" بـۆکـان - ١٣٣٥ "

ئەی دۆ لەدووریت دوورم لە خۆشی
گرتوومە بێ تۆ دەرد و نەخۆشی

ئەی دۆ بەبێ تۆ دەردم گرانە
گشت خۆراکێکم وەکوو سندانە

ئەی دۆ بەبێ تۆ جەرگم کەبابە
دڵی پڕخوێنم کاسەی شەرابە

ئاوی حەیاتی ئاواتی ژینی
سوکنایی دڵی گیانی شیرینی

تا تۆم نەماوی ئەمنیش نەماوم
سووتا لە دووریت جەرگ و هەناوم

تۆ تا ترش بی لای من شیرینی
رووحی رەوانی ئاواتی ژینی

مەزەی مزری تۆ شەرابەن تەهوور
گوڵ و قەزوانت نووری عەلا نوور

کاسەیەک لە تۆ پڕ لە شیوت و گوڵ
ئاوی حەیاتە و دەوای زامی دڵ

بە ئاوی کەوسەر دەژێ مەشکەی تۆ
پیسی و کانادا کەی دەگەن بە دۆ

تەعام گەر یەکە و ئەگەر هەزارە
بێ تۆ خۆش نیە وجێی تۆ دیارە

ئاوی کەوسەری یا ئاوی زەمزەم
بۆ خواردنەوەی تۆ نیە ژەم و دەم

پڕیشکی مەشکەت بارانی رەحمەت
کەف و کوڵەکەت لافاوی نیعمەت

بە گرمەی مەشکە و بە خرمەی بازن
نە هەر من گش کەس ئاواتەخوازن

دۆ یا بە کاڵی یا بە کوڵیوی
هەردوو نیعمەتە و هەر دوو بژیوی

ئادەم حامێکی دۆکولێوی یەک جەم
نە بە تاجی کەی نە بە تەختی جەم

" بۆکان - ۱۳۳۳ "

تا ئەمەن پێنج و شەشە دایە نەبێ
بە گڕی ئاوری دادەپلۆخین
لە شەش و حەوتەوە تا پازدە و بیست
قیت وقۆزین و لە زەوق و شۆخین
بیست وسی گوڵمەزی ژن هێنانە
بۆ دەرێنانی منالی پۆخین
نەفسی ئەمماره بە شەیتانی دەڵێ
چل وپەنجا ئەمەیان پێ شۆخین
تۆ بەماڵ لایدە لەرێ من بە مەقام
ئێمە وێرانگەری کاخ و کۆخین
حاجەتی کۆنەیە شێست و حەفتا
وەک چەلان دەوری نیە دار دۆخین
گەرمە بەزمی گەلی هەشتاد و نەوەد
ساز و سەمتووره ...ین و کۆخین
لە سەدی گەر لەسەدی یەک مابین
فاتیحەی دادە سەد ویەک یۆخین
چ لە پاش مامە حەقیقی جێ ما
نوشتەیەک وەک تەتەڵەی سەرجۆخین

" بۆکان – ١٣٦٠ "

ناوی مانگەکان بەکوردی خۆمان

بەهار و هاوین پاییز و زستان
ئەووەڵی بەهار خاکەلێوەیە

دووهەم بانەمەڕ سێهەم جۆزەردان
هاوین پووشپەڕە دوای ئەوگەلاوێژ

بەئاخرمانگی دەڵێن خەرمانان
پاییز رەزبەرە ئەوجار خەزەڵوەر

سێهەمین سیخوار هەموو بەیانان
زستان بەفرانبار لەگەڵ رێبەندان

ئەوجار رەشەمە ئاخری هەموان

ئاخری پاییز مەڕ و بزنێکی لەڕ
چوونە چیایێکی چەپەک بۆ لەوەڕ
لاپەڕ و بزوێن حڕ و جێی مانەوە
بۆ لەوەڕ و خەوتن و بووژانەوە
بزنە گوتی نیوەشەوێکی بە مەڕ
خوشکە هەتا کەی لەوەڕی بێ کەوەڕ
هەولێ کەوێلێکی بدەین لەودەرە
ئاخری سەرماوەزە باسی سەرە
بێجگە لەوەش روونە وەکوو رۆژ لەمن
گورگە لە دوومان دەگەڕێ گون بەگون
مەڕ بەهەوای دووگ و بەبۆنەی خوری
رووی لە بزن کرد و بەسەریا خوڕی
دووگ و خوری من وەکوو سۆبە و پەتوون
تۆکە رەش و رووتی دەلەرزی بەتوون
هۆڵی بینانا بزن و تێ خزی
شەختە کەوت قاچ و قولی پەز تەزی
چونکە لەلای فەرقی نەبوو چۆڵ و هۆڵ
گورگی چڕی، ورگی دڕی وەک دەهۆڵ
کارەیە هات و وتی چم کرد لەخۆ
بارە وتی تازە لەدووی چوو مەچۆ

تاران رێبەندانی ١٣٥٩

## باز وراوچی*

دەڵێن بازێکی تیژباڵ وتوانا
چەلێکی بێچوە کۆترێکی رەپێ نا
فڕی چۆ نێو لق وپۆپی چنارێ
لەسەر بازی دەدی وراوچی لە خوارێ
تەمای بوو قووتی‌دا ئەمیان لەسەرچڵ
نیشانەی گرتبوو ئەویان بەرە و دڵ
لە حەق هاواری کرد وچاوی قووچاند
خودا فەوری لەهەر دووکان حەقی ساند
ترازا تیری راوچی بازی پێکا
ئەویش مار گەستی ماسی وەک خەشەی کا
نەجاتی بوو لە چنگی راوکەرو باز
عەیان بوو رازی شوکرانەی لە ئاواز
ئەتۆش حاڵی دەبووی وەک ئەهلی حاڵی
لە هاژەی باڵ و ناڵە و گاڵە گاڵی
دەپارێزێ خودا خۆی پێ سپێری
لە بازی کۆتر و کەروێشک لەشێری
بەسەرهاتی ژیان هەم خێرو هەم شەڕ
بە فەرمانی خودان "اللەاکبر"

جومعە ـ ٥ی رەشەمەی ١٣٦٣، بۆکان

* لە شیعرێکی فارسی وەرگیراوە

جارێکی دەڵێن ژنی فەقیرێ
چۆ خزمەتی خانمی وەزیرێ
پێی گوت شووەکەمگەلێ فەقیرە
پێ ویستی بە کۆمەگی وەزیرە
کارێکی مناسبی بداتێ
بێچارەیە زۆری خێر دەگاتێ
چوو پێی گوت وبیستی،ناردی هێنای
دی موستەحەقە گوتی لەرێی خوای
دەت نێرمە ڕەوەی بەنێوی بەیتار
مەخولێوە لەوانە چیدی بێکار
گیا زۆرتری خاوەنی خەواسن
گیا هەڵکەنەکان ئەوان دەناسن
لەو بەندەنە هەڵکەنە لەمانە
ویشکی کەوە بیخە ناو هەمانە
هەر ماین و ئەسپی دیت نەخۆشە
واسەی مەکە شین ورەش مەپۆشە
نەختێ لە گیاکەتی بنێ دەم
چابوو ئەوە چاک، نەبوو جەحەندەم
دوای ماوەیەکی فەقیری تایین
بۆ نەبوە پزیشکی ئەسپ و مایین
ئەمجارە کە فیلی شا نەخۆش بوو
شا خۆشی دەویست و بۆی پەرۆش بوو
گوتیان لە ڕەوەی هەیە پزیشکێ
عەقڵی بە هەموو شتێکی دەشکێ
شا گووتی وەزیر بنێرە بابێ
دەرمانی بداتێ بەڵکە چا بێ
سوارێکی هەنارد و پیادەیەک هات
وێستا بوو جەمات و فیل و شا مات .

کابرا سەری لەو جەماتە سوڕما
قەت فیلی نەدیبوو واقی وڕما
دەم داچەقی لووتی فش بوو، چاو زەق
وەک خول خولەیەک لە دەوری مەزرەق
سووڕا وخولی‌دا نە شەش نە حەو جار
ترسی هەبوو بۆی بەرێ پەلامار
شا پرسی ئەرێ وەزیر چ باسە ؟
ئەو دوکتورە بۆچی وا هەراسە ؟
تێ فیکرە قسەی وەزیری دانا
چ جوان و عەقڵ پەسندی دانا :
لێی سوورە کە فیل هیلاکە قوربان !
چارەی نیە خۆی دەکاتە قوربان
شا رۆیەوە ژوور و ئەهلی دەربار
رۆیشتن و ما وەزیر و بەیتار
پێی گوت ئەرێ ئەی پزیشکی نادان
پێم نەگوتی دەوا بە چارەوا دان
ئیتر خول و سووڕەکەت لەچی بوو ؟
قوربان بەسەرت خەتا لەوی بوو
خۆ من قسەکانی تۆم لەبیر بوون
بۆم لێک نەدەبۆوە لای سەر وقوون
دەخولامەوە لای سەری پەیا کەم
تا بیخەمە ناو دەمی گیاکەم
هەندیلە سەرێکی ئەو سەری میل
فەرقێکی نیە سەروبنی فیل
پاشی وەکوو سەر دەچێ و سەری پاش
پێی پانی بە عەینی لینگە بەرداش
لەو مەسئەلەدا هەمانە وێنە
ئەعما گەلی مەسنەوی وەخوێنە

گوێ هەڵخە لە کوێرەکان ببیسە
فیل کۆڵەکەیە و بەڕە وگوریسە
تۆ ژیری لە خۆت مەکە قیاسێ
زۆرکەس هەیە کا بە گوێ دەناسێ

" بۆکان - ١٣٥٥ "

وێژەری بەیتی مەڕ و بزنۆکە
وادەگێڕێتەوە ئەم چیرۆکە
پایزێ کاتی درێژن شەوگار
شەوڕەوی خۆشە بە کەلکە شەوکار
دوور لە ئاوایی لەنێو پۆلەمەڕێ
هەڵبڕان پیرە مەڕ و بزنە لەڕێ
تاکوو رۆژ ئەوشەوە رۆین بەلەوەڕ
نە لە دز باک ونەترسێ لە سەوەڕ
هەر وەها تا دەمی رۆژ ئاوابوون
لە تەلان و لە کەلان ئاوا بوون
رێگەیان کەوتە بناری زەردێ
رەوەز و چڕگەن و شاخ و بەردێ
نوچکەیەکی هەبوو رژد وهەڵەموت
پێش قولەی قافێ هەتاولێی دەنگووت
سەرەوەی بەرز و بڵیند و هەڵدێر
بەرەوەی دەشت وزەمەند و زەنوێر
چەشنی ئەو مێرگ و چیا بژوێنە
رووی زەوی نەخشی نەبوو لەو وێنە
ئێستە هەر شین بوونەدیوو دیمەن
مەخمەری رەنگی نەچوو بوو چیمەن
ئێستە بەیبوون وهەڵاڵەی گەش بوو
گوڵی خەشخاشی دەروونی رەش بوو
سێوەڕەی شیو و خڕی ساوا بوو
بانەمەڕ هێشتە لەوێدا، مابوو
سوێسنە و نەرگس وشەمعی وشەوبۆ
لە هەموو بەرقەد و شیوان کۆکۆ
هیچ کەسێ نەخشی وەها جوانی نەدی
"مانی" ڕامانی بوو رێی مانی نەدی

تۆ کە پێت وایە نموونەی ئیرەمـــە
کەرەمی خوایە چەنێ بێژی کـەمـــە

بەرجە بۆی یاسی حەیاتی بـەدەنـە
جاترە کێویلەشی میشکی خـوتــەنـە

لـە پـەنـا دۆڵ و خـڕێکـی لاپـەڕ
کانی ئاوێکی هەبوو وەک سـەڕ سـەڕ

ئەم بەرو ئەوبەری ئاوی هەڵدێـر
هەموو شت سازبوو، چکەم بوو؟بلوێـر

لابەلاو سەربـەرەژێـرو بـەرەژوور
کەرەمی خوا بوو چ نیزیـک و چ دوور

نەشە بوون چون مشەبوو خواردن وخەو
خوان کەما وهەلێز وحیکایەت خوانکەو

گا لەبەرعەتری هەڵاڵان سـەرخـۆش
گا وەکوو دوانە لەبۆ یەک تێکـۆش

هەر وەکوو دیوتە لەسەر حەوشە بەشەو
موتەکای یەکتری بوون سەردەمی خـەو

هەر شەوەی حەوشەیە بوو هۆبەی وان
چون ئەجەل دوور بوونەبوو نۆبەی وان

ماوەیە مانەوە بێ خاوەن و خێـو
پووش پەڕی،شینی تەواو بوو کەژوکێو

بای خەزەڵوەر سەرەتای هات وخزی
چاوی لێ بز بوو بزن دایـە کـزی

کێو وزریان وشەو و پیـرە بـزن
زۆری سەرمایە بە سەرمایە کـزن

کاتی وەرکەوتن و وادەی کـاوێـژ
بە مشەو مرخە وو سروە و راوێـژ

رووی لە مەڕ کرد و گوتـی بزنۆکـە
ئەی نەرمتر لە حەریـرو لـۆکـە

پایزە کاتی گەڵا ڕێزانە
ساوی سەرماوەز و ڕێبەندانە
ئاخری فەسڵە گەلێ ساردە هەوا
مانگی سیخوارە دەبارێ بە شەوا
من وتۆ پێکەوە ژیوین و دەژیین
هاودەم و هاوقەدەمی کێووکەژین
وەرە با هەولێ بدەین بۆ هۆڵێ
کۆنە زنجێ لە نەدیوو دۆڵێ
هەربینا هات و شەوێکی باری
کێ خەبەردارە لە کاری باری
بە سەرن دێ مەبەسی خوسرەوی کەی
بە کرێوەی دوو چلەی بەهمەن ودەی
تا نەکەوتووینە هیلاکی و پەلەپەل
بۆ دروستکردنی هۆڵێ هەیە هەل
گورگی برسی لەپەنامان ماتە
لە بەڵا خۆوە پەنادان هاتە
دوای گەلێ چارەرەشی ودەربەدەری
دێتەڕێن چەرمەسەرەو دەردی سەری
تووڕە بوومەڕکەئەوەی بیس لەبزن
وەک لەسەرنۆکەری خۆی میری مەزن
وتی ئەی چاوزەقی دم چرچی رەقەڵ
ئەی رەش وبرشی چەرمپیسی چەپەڵ
من چ باکم لە چلەی زستانە
من خوریشم هەیە دووشم پانە
شاوگەدا هەر دوو بەئاواتی منن
دەوڵەمەندی من وداهاتی منن
لە خوری من دەکەنە بەرگ ولیباس
گۆرەوی ودەسکێش و زەنگاڵ وکراس

جێ هەوارم لە سەهەند وسەبەلان
بستووە و شیوو خڕە ودوندوتەلان
لەوەڕم هەڵز و کەمایە و مەندێ
لەسەران و لە گەدە و سامڕەندێ
قووتی رووحە دەڵەمە و ماستی مەڕم
جەننەتە جێگە هەوار و لەوەڕم
جۆیی شیر و عەسەلن خامە و شیر
خۆشترن یەک لەیەکێ لۆرک وپەنیر
قووەتی قەلبە کەنابی بەرخم
بەربەسێڵ ئاوی حەیاتە ، بەرخم!
سەروپێم سورمەیی روونی چاوە
کەشکەکم باسی لە عالەم قاوە
بێ گومان موعجیزەیەرۆنی کەرەم
خوای مەزن کردی بەئینسانی کەرەم
چاوەکەی ئاوی حەیاتە مەشکە
چاوبزی ئاب و نەباتێ کەشکە
ئەوە وا پێشی دەڵێن ئاوی ژیان
دۆی منە پڕ لە شویت و قەزوان
پشکەڵم دارە بەرووی تەندوورە
سەقەرەی خوارووە کەمرەوکوورە
گەلی بێری وەکوو پۆلی ئاسک
شۆخ و شەنگ و تەڕو تازە وناسک
هەر لەبەر خاتری من دێنە هەوار
کیژی چاوباز و کچانی نازار
خێروبێرن دەمی بێر و هاوێر
خواز و ئەستی و شەمۆئامان ومێر
خوا منی کردووە خەڵقی بێ عەیب
شوانی من بوونەچمووساچ شوعەیب
خۆشە جێم خۆشی لەخۆم لەو هاتە
خۆم لەخوام خواستووە ئەوئاواتە

چاوەڕێم ئێستە بەشوێنما بێ شوان
خاوەن وشوان دەگەڕێن لێم بەدوا ن
تۆ بڕۆ تا زووە لەو مەڵبەندە
هەڕەتی هاتنی شەختە وبەندە
کاتێ بزنۆکە ئەوەی بیس ناچار
چاو بە فرمێسک و دڵی پڕلە پەژار
چوو بینانێ بەدڵی پڕ خەم وداخ
بەشی خۆی هۆڵێ بەیاری سم وشاخ
ئەولەوێ مەستی وڵاتی بژوێن
لێرە ئەم دڵ پڕو چاوی پڕ خوێن
ئەو لەوێ وەک مەڕی دابەستەقەڵەو
ئەم سموشاخی سوا چاوی بە خەو
ئەو بە کەیفی لەوەڕی تەنیایی
ئەم پەرێشانی گەڕی تەنیایی
دوای گەلێ مەینەت ورەنج وتەقەلا
هۆڵی ساز کرد و حەساوە لەوەلا
وەک نەخۆشێکی بە دەرمانی سەحەت
بەدەنی کفتە وەلێ گیانی رەحەت
کاتێ بووژاوە حەساوە هەندێ
هاتەوە بیری لە پیران پەندێ
رۆڵە خۆ کۆکەوە پایزە وگژە گژ
تا پەیا نەبووە پرووشەوتەمو مژ
دەسی ماندوو سەبەبە بۆ زگی تێر
زۆر بووە شەڕ بووەتە مایەیی خێر
هەمیسان کەوتە تەلاش و کڕوکاش
پێکی هێنا بەشی خۆیپووشوپەڵاش
تێ پەڕی پایزوسەرما ئەنگووت
لە پڕێ بەستەڵەک و شەختە بزووت

سایەقەو بەند وکرێوە و تەم ومــژ
مۆن ومرچ و لەشەڕ و تــووڕە ودژ
هەورو مژ ماتوسڕو گرژ وعەبووس
چاڵ وچۆڵ پڕ لەبەفر سەحرا لووس
کەڕەسیسە بە هەوای بــەفـرانبـار
شووی بەدار کرد وخەڵف بووبەچنار
بەڕنووی بارن و هۆی سەرما وسۆڵ
بوو بەیەک،شاخوتەلان و خــڕ ودۆڵ
مەڕ دەمێ وردەوە بوو قەوما بــوو
دەم لەدەسچووبوو هەلی ساوا بــوو
دی نە ئاغەڵ نە کەوێلێکە نەهۆڵ
چلێی هەر موویەکی یەک شیشە سەهۆڵ
نە گەوەڕ بوو نە لەوەڕ مانەکەما
ئەوی پێی دەخوڕی وتێی دەخوڕی نەما
دەوروبەر کردیە بەر بەرگی سپــی
بەرد وگڵ پێکەوە نووسا چەسپی
دایکوتا باکوتو سەرما چیمکــوت
بیری بزنی بووکەچی کوتچیم کوت
کەیفی ئەو ماوە لەکوێستان کردی
وەکوو پووشێ کوتوپڕ با بــردی
مەینەتە مان و ژیان دەردی ســەر
عەیشی دنیا نیە بۆکەستا ســەر
گەر بەکەیفوگەمە سەد ساڵی بژی
کەمە لای ئەودەمە خەمبــار ودژی
تاڵ و شیرینە ژیان شادی و شیـن
تێکەڵی ژەهر وزەقوومە هەنگویــن
کورتی ببڕینەوە وەختــێ وای دی
چاوی نا سەریەک ودی دنیــای دی

گەرچی رۆژی تەمەنـــی ئـــاوا بـــوو
ئێستـــە هیـــوای بـــە ژیانـی مـابـــوو
کـــەوتـــە بیـــری بزن ئەمما بەکزی
پشتی دەستی لە پەشیمانـــی گـــەزی
وەکووشوێن گێرێ لەدووی شوێنی کەوێڵ
دەگەڕا وەک مەڕەشەلکەیدووی خێــــڵ
شەوو رۆژێکی نەخواردن بوونە خەو
ئەو شەوو رۆژە قیامەتبـــوو لـــەو
سەری سوڕمابوو، ورەی بەردابـــوو
کوڵی گریانی دە ئـــەوکـــی مـابـــوو
زۆرگەڕا تاکووبە هۆی شوێن و رەد
ئاخری دیتیەوە " مـــن جد و جـــد"
دی ئەوا گەرمی گـــەمـــەوکـا وێـــژە
زنجی ساغیاری‌یە لای پێـــی لێـــژە
گەوەڕی گـــەرم و گـــوڕە بـــزنـــۆکـــە
لەوەڕی خـــۆشـــە، بەکـــەیفـــە، کـــۆکـــە
خـــەوو خۆراکی بە کـــەیفـــی خـــۆیـــە
لۆگەنە و هـــەڵـــز و کەمای کۆکۆیـــە
دوای سڵاوێکی گـــەلێ گـــەرم و گـــوڕ
هـــاتـــەخـــوار ئاوی بەچاوا خـــوڕ خوڕ
وتـــی ئەی هـــاودەمـــی تەنیایی مـــن
ئـــەی قەزای تـــۆ لـــە دووبینایی مـن
ئـــەی رەفیقی سەفەر و دەربەدەریم
وەرە بـــڕوانـــە مـــن وخیـــرە سـەریم
مـــن خـــەتـــام کـــردووە تۆ بمبووورە
لێم مەپرسە چیـــــە نـــــەقڵم دوورە
گەر خەتابارم ئـــەگـــەر روو زەردم
هەر بەتۆ بەستەیە چـــارەی دەردم

بێ پەنا ماوم و پەنام هێناوە
ڕۆژی لێ بووردنە لێم قەوماوە
سەخڵەتم جێمکە لە سەرما مردم
وەرە تۆ مەیکە ئەوەی من کردم
چاو لە چاوم کە چەنێ سەر چەوتم
چاڵ لەبەر چاومەوە بوو تێ کەوتم
سەروقاچ و قولی دی بزنە مەرەز
تێ گەیی فەوری چ قەوماوە لە پەز
وتی ئەی هاودەمی شەوگاری ڕەشم
هەر بەحاڵ بۆتەوە جێی شاخ ولەشم
خۆم کوتاوە شەوو ڕۆژ وەک پاڵە
تاکووهێناومەتە دەس ئەو ماڵە
سم سووا تاکووگەییم بەو هۆڵە
شاخ نەما بوومەتە بزنی کۆڵە
شەوەکەی نایەتە بیرت هەرچەند
پێم وتی سوودی نەبوو وەعزوپەند؟
وات دەزانی کەبەهۆی دووگ و خوری
تاکوودنیا هەیە بیمە و نەمری
بەری چاوت بە هەوای کوێستانێ
تەم بوو نەت دی ڕەشەبای زستانێ
زەحمەتی خۆ مەدە جێگەت نابێ
لێ گەڕێ ڕۆژی ڕەشت ئاوا بێ
وتی ئەی هاولەوەڕی کێوو چیا
ترسی گورگم هەیە چارەم لە چیا
بەو دەم ودەستە لەهیچ کوێ نیەجێم
یا سەرم جێ کەوە یادەس یا پێم
تا زووە جێمکەوە ئەی هاودەمی ڕاز
وا لە دوومە کەلە دووم بگرێ گاز

بکە یادێکی لە رابردوومان
لە غەریبی و لە رەفیقی زوومان
دۆستی جاران و خزر و شیوانم
حورمەتم فەرزە ئەمن میوانم
هەڵبڕاوم لە گەل و قەوم و کەس
هیچ لەبیرم نەبوو لێ قەومان هەس
وتی نەت بیستووە کاتی قەومان
لە ژەهر تاڵترە شەکری قەومان؟
رۆژی تەنگانە رەفاقەت بایە
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە
دەمی خەم تاڵە لەدەم نوقل ونەبات
دۆستی بایە برا ، کاتی نەهات
وەختی بەدبەختی برا دوژمنتە
رۆژی رەش دوژمنی ماڵی ژنتە
شێت ونادانی ئەگەر لوقمانی
قسە نازانی ئەگەر سوحبانی
ئەو وڵامی ئەمی وا داوە بەداخ
ئەم لە ناخی دڵی هەڵکێشا ئاخ
ئەو کەمێ داخی دڵی بوو خاڵی
ئەم بەجوابی رەق و تاڵی ناڵی
گیان گەلێ سەختە دەنا دەیزانی
ژانە ئەو ژینە نەمانە مانی
بەدەژان چوونی دەموگوێ ودەسوپەل
تێگەیی رۆژی ئەجەل گەیوەتە کەل
کاتێ پەیدا بوو نیشانەی مەرگی
ئاخی مەڕ ئاوری بەردا جەرگی
نەشتەری تیژی هەناسەی مەڕی پیر
دڵی بزنی لەرِی پێکا وەک تیر

بکە یادێکی لە رابردوومان
لە غەریبی و لە رەفیقی زوومان
دۆستی جاران و خەڕ و شیوانم
حورمەتم فەڕزە ئەمن میوانم
هەڵبڕاوم لە گەل و قەوم و کەس
هیچ لەبیرم نەبوو لێ قەومان هەس
وتی نەت بیستووە کاتی قەومان
لە ژەهر تاڵترە شەکری قەومان؟
رۆژی تەنگانە رەفاقەت بایە
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە
دەمی خەمتاڵەلەدەم نوقل ونەبات
دۆستی بایە برا ، کاتی نەهات
وەختی بەدبەختی برا دوژمنتە
رۆژی رەش دوژمنی ماڵی ژنتە
شێت ونادانی ئەگەر لوقمانی
قسە نازانی ئەگەر سوحبانی
ئەو ولامی ئەمی وا داوە بەداخ
ئەم لە ناخی دڵی هەڵکێشا ئاخ
ئەو کەمێ داخی دڵی بوو خاڵی
ئەم بەجوابی رەق و تاڵی ناڵی
گیان گەلێ سەختە دەنا دەیزانی
ژانە ئەو ژینە نەمانە مانی
بەدەژان چوونی دەموگوێودەسوپەل
تێگەیی رۆژی ئەجەل گەیوەتە کەل
کاتێ پەیدا بوو نیشانەی مەرگی
ئاخی مەڕ ئاوری بەردا جەرگی
نەشتەری تیژی هەناسەی مەڕی پیر
دڵی بزنی لەڕی پێکا وەک تیر

دی رەفیقی لە هیلاکەت دایە
بێ کەس و بێ دەرو بێ ئەنوایە
وتی ئەی هاودەمی نەرم ونۆڵم
ئەی رەفیقی خڕ و شیوو دۆڵم
جێژنەپیرۆزە لەگەڵ هاومالان
شادییە، شینی لەگەڵ ئاوالان
هەیە لای پێشەوە جێی سینگ وسەرێ
بێتە ژوور نیوەت ونیوەش لە دەرێ
پەزی کز لارەمل و بێ دەسەلات
وتی "لبیک" بە ئومێدی نەجات
مایەوە یەک دووشەوێ ماوو نەماو
تا شەوی سایەقەیەکی لە نەکاو
گورگە هات و پڕی دایە و بردی
ئەوە بوو نەقلی منالی کوردی
دووگەکەی لێ بووە کۆلی چەرچی
کەولەکەی لێ بووە کەولی قەرەچی
لەت وپەت بوو لەشی نەرم و لووسی
تکە تکەخوێن دەڕژا و دەینووسی
ئەی بزن سادە بژی بۆ ورگی
وەکوو من خۆ مەکە پارووی گورگی
ئەو بەسەرهاتە " حەقیقی" پەندە
بۆ کەسێ عاقڵ و ژیر و مەندە
شایەتی تەختی سولەیمان بایە
خاوەنی ملکی قەناعەت شایە
کەم بە خەم زۆر نەبووە کاتی ژیان
بەش کراوە لە ئەزەل بەرگ و نان
غەیری دەرکێ مەدە تا هەی لەچدەر
تەک وتەنیایە خودای رۆژی دەر

قافڵەی نیعمەتی رەنگا رەنگی
بێ منەت دێنیە دەنگ و زەنگی
پاک و پێک هێنی نیازەو بەخەبەر
لە چەرەندە و لەپەرەندەولەبەشەر
گیان لەبەرهەرچی لەسەررووی زەوی یە
سەرلەبەر جیرەبەری خوانی وی یە
بە زمان ودڵ و گیان ودەس و پێ
قەدری ئەنعامی خودا نایەتە جێ
ناژمێرێ بە زمان وزاری
شوکری ئیحسان و سوپاسی باری
تۆ کە نەیگۆڕی خودا نایگۆڕێ
عاقیبەت خێر ئەوەیە نایدۆڕێ
تۆوە ئاکار و ژیان شێوەردە
سوورە خەرمانی کەسێکی مەردە
کەم و هەوراز و نەشێوە ژینت
مەکە سەودایە بە دنیا، دینت
باری ناسینی خودا " اولی"یە
ماڵی تۆئێرەنیە ئەولایە

سوپاس هەر بۆ خوای توانا و زانا
ئەو خوایەی ئەرزو ئاسمانی دانا
لە رۆژی خیلقەت تا رۆژی مەحشەر
تا ئەودەمەی سەر لە خاک دێنە دەر
هەموو پەڕی گول هەموو گەلای دار
هەر گەلا و گولێ ببنە سەد هەزار
هەموو زمان بن هەموو زەمانێ
تا ئاخر زەمان نەوەستن ئانێ
هەموو سەناخوان هەموو بوێژ بن
هەموو خەریکی تەحیات ونوێژ بن
لە حاندی حەمدی سیفاتی باری
شایانی قەدری پەروەردگاری
دەنکی هەرزنە و زەمین و ئاسمان
قەترە و دەریایە و ئاسمان و ریسمان
بێ وێنە و هاوتا واحیدە و ئەحەد
هەر بووە و دەبێ ئەزەلە و ئەبەد
تاک و تەنیایە و کەسی هەموو کەس
سوورەی ئیخلاسی نموونەیە و بەس
لەهەوا ، لەکێو ، لە دەشت و دەریا
ئەو پێ رادەگا ،ئەو رۆژی دەدا
سالێ چوار فەسلان دێنێ و دەگۆڕێ
هەزاران نیعمەت دێنێتە گۆڕێ
جارێک پایزێ دەکاتە زستان
زستان دەکاتە باغ و گولستان
دەخەو دەمێنن چلەی ناهەموار
لە خەو هەلدەستێ سالێ دوو بەهار
بچۆ تەماشای باغات و دەشتێ
هەتا ببینی وێنەی بەهەشتێ

خونچەی پەل و چێو بزەی لەسەر لێو
کەوای سەوزپۆشتەل و کەل و کێو
بەرەوپیرت دێن نیسان و ئەیار
ناخۆشی دەڕۆن دەگەڵ بەفری پار
جارێک بە ئەمری حەیی زولمینەن
مانگی ئەسفەندێ دەبێتە بەهمەن
هەرەس بەبارن دەبێتە سەنگەر
دوو چلە هێرش دەبەن بۆ ئەوسەر
ساڵێکی ئەوتۆ گەییە ئەودەمە
بوو بە زەمهەریر مانگی رەشەمە
بەردە لعەجووزی هێنا بۆ نەبەرد
کەژ و کێو و هەرد گشتی بوونە بەرد
فەرشی زومورڕود رەنگی لە دەسدا
سەرما و شەختەوبەند هالاوی هەسدا
بولبول دەناڵی بە سەد کوڵ وجۆش
بۆ بووکی پەردەی گوڵی کەفەن پۆش
ساڵێکی ئاوا پیاوێکی فەقیر
دنیادیدە وپیر بەتەجرەبە و ژیر
بۆ نان و ئاوێ لەو خاک و ئاوە
ماسی دەگرت و تەپکەی دەناوە
داوێک لەنێو ئاو داوێک لە دەشتێ
تاوێک لەنێو چەم تاوێک لە دەشتێ
دەعبای دەگرتن جارێ بیست و سی
جوورڕە و قازوو سی بەجەللە ماسی
رۆژێ دەستێکی دەبردە شاری
دەستی بە حەستەم دەگەییە زاری
دەیدا بە رزق و بە نان و پێخۆر
شوکرانە بژێر بە کەم و بە زۆر
تەپکەی نابۆوە رۆژێ لەو دەورە
دیتی فەقێیەک خەریکی دەورە

لە دەنگە دەنگی هەی ئالێ بابا
فرسەخ تا فرسەخ نەمابوو دەعبا
بەهۆی هات وچۆی نەمامی لاوێن
ببوون بە داوەڵ سۆرانی و داوێن
چۆ پێش و پێی گوت مەلا بە دینت
چوونە: کێوی قاف مەلان بە دینت
پۆلی بالندان تۆیان دی شێوان
تاری دەستی تۆن لە دەشت و کێوان
ئەی خۆ بە زۆرزان منت لە لا با
دەبا عەدالەت لە لای مەلا با
فەقێ نی مەلای ، مەلانی قازی
تۆ بی لە جێی من بەمئیشە رازی
ساحەب خێزانم مندالم برسین
بترسی باشە لە رۆژی پرسین
ساتێ لانەچی و نەفەرمووی سکووت
پێم پەیدا نابێ قووتی لایەمووت
وەلامی داوە یا ئەخخولموٚمن
تەقیلە چلکن برای دینی من
پەستەک نەباتی پێلاو رەشۆکی
تۆش بێ خەتانی گەلێک سەکۆکی
پاساری شاخی لە تۆ بەداخن
لە کۆخە کۆخت پەڕیوەی شاخن
زەمینی ئەللا وەسیع و پانە
تەپکەت راگوێزە و مەگرە بەهانە
دەنا تۆ لەولا ئەمن لەو لایە
بۆ تۆ مەسلەحەت بۆ من ئەولایە
من خۆ ساز دەکەم بۆ ئیمتیحانێ
دەبێ حیفز کەم مانای قورعانێ
دەبێ عیلمەکان هەموو لەبەر کەم
لە ئەمری شەرعی خەلک خەبەر کەم

ئاگادار بکەم لە دین نائاگا
رێ لێ شێواوان بێنمە سەر رێگا
لێیان حاڵی بێ ئیرس و بەشە ماڵ
بزانن کامەن حەرام وحەلاڵ
شەوی نەوروزێ ئاخر ساڵمە
شەرع نەزانم ، شەیتان زاڵمە
لێم تێکەڵ دەکا حەلاڵ و حەرام
رێم لێ ون دەکا دەگا بە مەرام
زانین بەرهەمی گەرما و سەرمایە
بێ زەحمەت نابێ مایە وسەرمایە
ببوو بە ویردم لە دەشت و گەشتێ
راتبەی فەقێیان بچنە بەهەشتێ
مۆڵەت دەخوازی شەرعەن جایزە
نە جایزێکی بەبێ جایزە
یەقین بیستووتە و دڵت نائێشێ
نەقڵی قشقەڕە و پشتی گامێشێ
هەرچی پێوەبێ دەبێ بەشم دەی
عەزم جەزم کە خێرابە زوو دەی
پاساری،قاژوو،یا کۆتر یا کەو
بەشێک و دوو بەش من لێی دەخەم دەو
کەمی بەشی من زۆری بەشی تۆ
لە نۆ باڵندان سێی من شەشی تۆ
هەی ئالێ بابە هەی ئالێ بابە
رێگایە مەگرە تەپکەت وەلا بە
کوتی مامۆستای لەسەر ئیجازە
با بۆت وەگێڕم نەقڵێکی تازە
ئەوساڵ فەقێیەک ئیجازەی وەرگرت
چۆ کوێرە دێیەک لەوێ رایان گرت

خەڵکی ئاوایی دایانێ بۆ دۆ
شەش بزن وماڵیش دەپووت گەنم وجۆ
ماڵی مەلا هات دوو سیپاڵی بوو
بەڕە کۆنێکی سەر هەرزاڵی بوو
مەلایەتی وا بە نەمر نەژی
بەخوا من ئێژم قەرانێک ئەژی
بە تەکبیری من یەک و دوو مەکە
بە ئالیێ بابا خۆ ماندوو مەکە
زەوێک بسێنە ببە جووت بەندە
عەبدی خودابە، نە عەبدی بەندە
نانی پەیدا کە بەهۆی کشت وکاڵ
پاتاڵ رابگرە با نەڵێن پاتاڵ
لە دێش وەڕەز بووی ماڵت بچتە شار
ببە بە تاجر وەخرکە دینار
حەجی پێ بکە زەکاتی لێدە
لە رێی خوداً دا هەر ئەو هومێدە
وەباڵی خەڵکی مەهێنە ئەستۆ
نەکەی پێت بڵێن ئەمان لەدەس تۆ
منیش خەتامە تۆ ناکەم لۆمە
زۆر موستەحەقم گوناهی خۆمە
بێ تۆڵە نابن فێڵی من و تۆ
گەنم لە گەنم دەڕوێ جۆ لە جۆ
داوم نابۆوە حاسڵ بە تۆوە
واخۆم پێوە بووم بە داوی تۆوە
کاتی گوفتوگۆی عەمامە و ریشوو
ئێستا ئالەکۆکنەی کردبوو شوو
لەو کێشە دابوون دایدا کرێوە
بوو بە تەپ و تۆز لەو دەشت وکێوە

سەرما وسایەقەکەی کەم ئێستەی کەم
تەزی دەژان چوو قاچ و قول و دەم
دۆستت نەبینێ بۆران و بارِن
زریان و بارِن بەردی دەهارِن
مەرگی بە چاو دی کاتێ بەرمەلا
بە ناعیلاجی هەرای کرد مەلا!
ئەوا من ئەمرم لێرەم بنێژە
هەر کەس لێی پرسی کێیە پێی بێژە
خێوی ئەم گۆرِە پیاوێ فەقیرە
شەهیدی رێگای نان و پەنیرە
تەلقینم دەکەی بە کوردی بیکە
لێت حالی نابم زمانی دیکە
ئەمیان کەسیرەی دەس بەفر وبابوو
ئەویان خەریکی ئالێ بابا بوو
قاچ و قول و دەم هی ئەم تەزی بوو
غوولی تەبیعەت بۆ ئەو بەزی بوو
تێی فکری نەخێر چارەی تەسلیمە
مەلا گوێ نادا بە نیمە نیمە
ئەوجار بانگی کرد بەتەقیەو پارێز
عەرزێکم هەیە مامۆستای بەرِێز
دەلێی چی ؟ دەلێم حوکمی خودایە
ئەگەر قەزا هات عیلاجی نایە
ئێستا کە نارِۆی ئیلان و بیلا
بەش بەو کلابە ئەلحوکمولیلا
سولحی لەگەل کرد مەلا سەرئەنجام
گوتی " الصلح سید الا حکام"
با مۆلەتی دەم خێرم دەگاتێ
بەزەیی پێ هات بزەی دەهاتێ

مەلا کلابوو بۆ دیوی نەدیو
کابرا داخزا بۆ لای خرو شیو
مەلا وێوە چوو مەلان پێوە بوون
دە پازدە بیستێک بەیەک کفلەکوون
دانە ئاشکرا دانەر نەدیوە
دەعبا چووزانێ تەپکە فریوە
لە تەپکەی داریـن پۆلێک داوەریـن
دەتکوت داوەریو لەبۆ داوەریـن
حەشری نیشان دا ئەو داوەرینە
تێ فکرە مەحشەر چەندێ بەرینە
بوو بە جیکە جیک بەفیکەونیشتن
بە هەلفڕ هەلفڕ خۆ هەلاویشتن
لە قاژو قیژان لە پەلە قاژان
دەنووک داچەقان دلان دەهاژان
بە جیکە وفیکە و گمە و گالە گال
دەپاڕانەوە بە زمانی حال
یەکیان دەیگوت من جووتەی شێلاقەم
بەهارێ دایکەی چەند سوورە ساقەم
دەزرینگێتەوە گوێچکەی خەیالم
بە جووکەی جووچکەی بێ پەڕو بالم
لێم خڕ دەبنەوە بێچوولەی خڕخڕ
بۆیان دێنمەوە جیکلدانەی پڕ
یەکیان دەهاژا لەبەر چلی دل
یەکیان دەسووتا دلی وەکوو کل
یەک خەونی دیبوو لێی رووخا لانە
یەک دەیگوت ئەوڕۆ ئاخر زەمانە
دوویان زاواوبووک دوویان جیران بوون
دوانی جوانی دی بەدەسگیران بوون

دەستە و داوێن بوون بەچنگ ودەنووک
جووتەی دەسگیران ،جیران ،زاوا و بووک
باقی لە حەسرەت گەشتی بەهاری
فرمێسکی خوێنیان لەچاو دەباری
بە داوی ئەجەل پێیان لەبەس چوو
هیوا وئاواتیان هەموو لەدەس چوو
پیر وپیاوچاکان گوێیان لێ بوو بوو
دەنگێکی غەیبی ئاوای فەرموو بوو
بیهێنە بەرچاو جەنابی مەلا
رەحمەت بنێرە بۆ ئەبولعەلا
با حەلاڵیش بێ گۆشتی باڵندە
چاو چەندە گەندە ئەو فێڵ و فەندە
ویژدان بڕوانە ئەو فریودانە
خۆ دان نەچوو بۆ نێو جیکڵدانە
ئەو موستەحەققەی مشت و ددانێ
بۆ مشتە دانێ ئەو دەردەی دانێ
تۆڵەی باوکی سەند بەچکەی بەنیادەم
گەرچی خواردی ئەو ئەمما نەیخوارد ئەم
زۆر دڵ تەزێن بوو تەپکە نانەوە
بێچوو دەرهێنان لە هێلانەوە
لە دایک و باوک هەڵیان داوردن
حەوت و هەشت و نۆ لێیان دەخواردن
سەریان هەڵدەبڕی دایان دەمالی
جەرگ دەبرژا بە گرفەی بالی
بۆ کەس نەی دەکرد سەرکۆنەی ئەولاد ؟
بۆ کەس نەی دەکوت ئەی داد و بێداد
ئاخر ئەو دەعبا جوان و نەخشینە
کەیفی لە ژینە . گیانی شیرینە

ئەو لاق باریکەی دەنووک چکۆڵە
دایک و بابی هەن پێی دەڵێن ڕۆڵە
خەزاڵە سووتا بە ئاوری جگەر
شکاتی بردە خزمەت پێغەمبەر
کۆتایی دێنم بەو کێشە کێشە
با نەبێتە هۆی دەرد و سەرئێشە
تەواو بوو چەقێ رازی بوو فەقێ
کابرا نەقە نەق بۆ دانی هەقێ
فەقێ لێی ئەستاند لە سێ بەش بەشێک
کابرا لێی ماسی زگ بە قەد خەشێک
لەبەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵی بوو
بۆ وەسەر کردن هەولی خۆڵی بوو
ورێنەی دەکرد وەک نۆبەتێ دار
ناڵە و زاڵەی بوو دەیکوت ئەی هاوار
من چی و فەقێ چی لەو کێوو تەپکە
کەنگێ رەفیق بوون عەمامە وشەپکە
رۆی و گەڕاوە، فەقێ راوەستا
گوتی دەڵێی چی ؟ گوتی ماموستا
توخوا قەدیمی بۆ فەرموویانە
نیزیکی زانا خێری نەزانە
ئەورۆ تۆ لەمن بەهرەت پێ گەیی
غەیری زاتی خوا کێ تێمان گەیی
لێت خالی کردم هەمبانە بۆرین
پێچەوانەیە مەسەلەی گۆرین
ئێژن دەستەوا کارێکی خاسە
خۆتان ئەفەرموون دنیا تەقاسە
ژینی ئەم دنیا گاڵتەیەو گەمە
بۆ لە خۆت ناکەی رەددی مەزلەمە

لەو قیل و قالەت فێرم کە حەرفێ
با منیش پێم بگا لە تۆوە سەرفێ
گوتی خوێندووتە گوتی ناوەڵڵا
پێم بێژە بەڵکوو فێربم ئیشەڵڵا
گوتی فێر نابی بەم دەم و دەستە
بەرۆکم بەردە هیچ رامەوەستە
بابێکی شەرعە فێر نابی بابە
باسی موخەننەس دەکا ئەو بابە
چی چی مامۆستا دادەی بی لێوە
دێوە درنجە ؟ چیە ئەو نێوە ؟
خۆ زۆریش چوومە حوجرەی فەقێیان
ئەمما لەفزی وام نەبیستووە لێیان
گوتی موخەننەس نەنێر نەمێیە
فێربی و لەجێی خۆی بیلێی بەجێیە
بۆ خۆی بە خۆی گوت ئەی خاکت بەسەر
بۆ سەودای کردت ئەویش سەر بەسەر
بە ناسەرسەنگی فێر بوو ئەو ناوە
ئەمما ئەو ناوە خێری بۆ داوە
مابوو دژ و مات بۆ کەسری داهات
نەخشەی دەکێشا بۆ جەبری مافات
مەلی بژاردن یەک و دوان و سیان
دیتی تێیان دا دەعبایەکی جوان
زیت و زرینگێ دەنووک بچووکێ
بەربووک نەدیوێ رازاوە بووکێ
پاوانە داوین تەوقی لە مل دا
چاوی نەرشتووی تانەی لە کل دا
خەرمانی سووری شەنەی نەدیوە
نینۆکی ئالی خەنەی نەدیوە

هەر پەڕ لە ڕەنگێ بۆ ڕیزەکاری
هەر تارو پۆیەک نەخشێکی باری
ئاڵ و چێرەیی سەوزو زەرد وسوور
هەر یەک بە لەونێ دەدرەوشا لە دوور
ژاڵە و گوڵاڵەی باغ و حەساران
ڕەنگین کەوانەی دوای ڕێژنە باران
جەرسە و حەریر و داماسی حەوڕەنگ
نەخش و نیگاری ئەرژەنگ وئەوڕەنگ
سەد نەخشی دیکەش بێنی لەمانە
باڵێکی دیقەی چاوی هەمانە
بەو جلک و بەرگە و بەو چاوە چاوە
شای نەوعی خۆیە و تەختی نەماوە
مامات و عاجز لەو نەخشە مانی
ڕامانی پێ ما کاتێ ڕووانی
نەخشی بێ گیانی مانی چ دێنێ
نەقاشی ئەسڵی ڕووحی بەردێنێ
نەدی وبدی نی،بیزانی ڕەنگە
وەستای نەدیوە ئەو نەخش و ڕەنگە
ساتێ لەمەوبەر حاڵی سەخت بوو
کاتێ ئەمەی دی کەیفی تەخت بوو
ڕۆیی بۆ دەریای ئەندێشە وخەیاڵ
عەین وەک منداڵ بەربۆ گرو گاڵ
گوتی واباشە بیبەم بە دیاری
بۆ کوڕە چکۆڵەی پێ ڕاگەی شاری
زۆری خۆش دەوێ و ئاواتی ناوە
خێزانم جارێک مەمکی پێ داوە
سەوقاتی چاکە مەلێکی جوانە
خەڵاتم دەکا باوکی تاقانە

پێشینیان کوتیان تۆ مەیلێ هەورە!
خۆڵیش وەسەرکەی لە کۆمای گەورە
رۆیی رێ وو راست بۆ خزمەتی میر
بێ رێ پێگیران بێ گرفت و گیر
لەبۆی گێڕاوە نەقلێ و بەسەرهات
مەلی جوانیشی دابە دەس ئاوات
دەستووری فەرموو میری خاوەن بیر
سەد دینار بدەن بە خاوەن نەچیر
پارەی پێ گەیی مێری بێ تاوان
گزیری میری شێت بوو لەتاوان
وەک گولی بەخیل ئەو کابرای تایین
هیچی لا نەما نە دین نە ئایین
چوو پێی گوت میرم تەپکەچی زۆرە
زۆرت بۆ دێنن دەعبای ئەو جۆرە
ئەو بێنەوبەرە بۆت دەبێتە شوێن
لالێ بم نەشی دەی دەس دەکەن بەجوێن
بۆ میری وەک تۆ میللەت کچە و کوڕ
سەر سوڕ دەمێنێ یەک قڕ بێ یەک پڕ
ئەوان خوازە خواز تۆ بێنە بێنە
تێی دا نامێنێ شاییەک خەزێنە
پێش گیریم نەکەی لێی دەستێنمەوە
"غبن فاحش"ە "بدعت"ە ئەوە
گوتی چون ؟ گوتی بە فێڵی ئەوتۆ
ئیرادی نەبێ بۆ گەورەیی تۆ
دەڵێم ئەو مەلە نێرە یا مێیە
کامی گوت دەڵێم جووتەی لە کوێیە
لێک هەڵبڕاون بڕۆ بۆی بێنە
بە ڕەنگ و نەخشە عەین لەو وێنە

ئەو پوولەش دانێ هەتا دەیهێنی
بەهیچ کەس مەڵێ رازی نهێنی
بۆی پەیدا نابێ و لێی دەستێنمەوە
چەپە شیعرانی لەبۆ دێنمەوە
حاکم کەوتە بیر فەرموودەی فەقێ
تۆ گەیی گزیر لە قورِ ئەچەقێ
زۆری پێ خۆش بوو وەبیری بێنێ
پەندێکی بەسەر گزیری بێنێ
گزیر دەنگی دا کاکی تەپکەچی !؟
راوەستە ، گوتی قوربان دەڵێی چی ؟
دەڵێم ئەی برای دیاری پەرِەندە
لە ئەتڵەس جوانتر دەڵێی پەرِەندە
نێرە یا مێیە ئەو دەعبا جوانە
مەبەستم هەیە بێژە کامیانە
وەلامی داوە نە نێر نە مێیە
بابێکی شەرعە ، وتەی فەقێیە
ئەو فێری کردم هەر لەبیرم هەس
بە نەنێر نەمێ ئێژن موخەنەس
وەهای جواب داوە گورج و توند وتۆڵ
گزیر مەحتەل ماوەک گای سەرسەهۆڵ
میر ئاگای لێ بوو قاقا پێکەنی
لە ماڵی دنیا کابرای کرد خەنی
کەلیمێک زانین ئاوا بە کەڵکە
نیزیکی زانا قازانجی خەڵکە
برِۆ بخوێنە رۆڵەی شیرینم
سوکنایی دڵم سەرمایەی ژینم
خودا فەرموویە ها لە قورئانا
ئایا وەک یەکن نەزان و زانا

بۆ زانین فەرزە وەک مامرچینە
ئەمری پێغەمبەر بۆ چوونی چینە
مەودای خوێندنیٚ کیٚ خاوەن مێشکە
تا گۆڕیچەیە لە بانی بێشکە
تۆ پێت وانەبێ خوێندن بازی یە
خوێندن کارخانەی ئادەمسازی یە
خوێندن سەرمایەی ژین و حەیاتە
خوێندن پێک هێنی هیوا وئاواتە
خوێندن ئاوێنەی بێ وێنەی هاتە
خوێندن ئاوێنەی نوقڵ و نەباتە
لە دەشت و دەریا عەسای مووسایە
وەبیرت دێنیٚ " هی عصا "یە
لە ویشکی و ئاوان مەل وماهی یە
وەدەستی بێنە و بێژە "ماهی"
نە کێو نە چێوە بڵیند و بەرزە
سەری لە ئاسمان بنی لە ئەرزە
زەوی ئاوا کرد بەبیٚ هەراو بانگ
دای لە شەقەی باڵ چوو بۆ کورەی مانگ
وێستاون لەوێش بە سەف موشتەری
دەڵێن چاوەڕێن زوهرە و موشتەری
هیوا پێک هێنە مایەی بژیوە
وەک رۆژی روونە و لە چاو نەدیوە
نێوی زانینە و بە بۆنەی وینە
لە بەحریٚ بینە و لە جەو سەفینە
بەرێی زانین دا رۆین بۆ سەما
بێگانەی زانا بە رەقس و سەما
بیٚ زانین و زۆر ناچیتە ئاسمان
لە " الرحمانا الا بسلطان "

ملکی ڕاستی بێ حەدد و مەرزە
ئینسانی ڕانا ماقووڵ و بەرزە
تۆماری وەسفی دوور و درێژە
حەفتا مەن کاغەز قسەی لە مێژە
خەرمانی سووربان ڕاداوە ئیدی
بۆ تۆ "حەقیقی" نەماوە چیدی

بۆکان ١٣٥٧

بووکی شارانە شاری بۆکانێ
کانی زێڕینە گەوهەری کانێ
دیمەنە، چیمەنە، چەمە، باغە
خوار سەقز رۆژهەڵاتی سابڵاغە
سەددی زێڕینە روودە لای شەرقی
بۆ شیمال رووکە میاندواو بەرقی
لە هەوەڵیان مەلەی بکە بە دوێ
لەوی تریان بە ئازەری بدوێ
دەوروپشتی کەل وتەپە و دەشتە
دڵگر و دلڕفێن و جێ گەشتە
جۆیە، جۆبارە، کانی یە، ئاوە
وەک بەهەشتێ دەچێ لەگش لاوە
حەوزەکەی چەشنی حەوزی باغی ئیرەم
نەبە دیناری سازبووە ونە درەم
شانەهەنگوینە ئاوەکەی بەخەواس
پوورە پەروینی ها تیا رەققاس
دوڕڕ وئەڵماسە خیزەکەی تەختی
گەوهەرئەفشانە بەو دڵی سەختی
یەک دوو مستان وەخۆوبلێ ئۆخەی
"ومن الماء کل شیئ حی"
ئەو قەڵا بەرزە کاخی سەردارە
سەربەرز لەو دیارە ئەو دیارە
چوارەکان رووحی هەرچوار روو شاد
چوار یار یارو بێ وعەداڵەتو داد
لێو ببوورێ خودا هەزاران جار
هەڵبژاردن وەها دەبێ جێ شار
چۆمی سیمینە روودی پێ دادێ
ئەم بەری شارە ئەو بەری لادێ

وەک مصلآیە باغی میراوا
هەر بخۆ میوە بێژە مالآوا
ئاوی چاوان وەخۆنە روکناباد
کلی چاوانە خاکی عەلیاباد
شاری بۆکانە جێی ئەدیبانە
شاری میوانگر و غەریبانە
کێ دەبینی لە شارو ئەترافی
لە کەمالْ و هونەر نەبێ مافی؟
هەموو مزگەوتەکانی پێنج فەرزە
بانگی "اللەاکبر"ی بەرزە
حەوزو ئاوی تەواوی جێ نوێژن
نوێژ نەکەر هەرئەوانی بێ نوێژن
خۆشە ئاوو هەوای نەگەرمە نەسارد
پڕە عەمبارەکان لە گەنم و لەئارد
باوکی گشت ئەوهەموو کوڕونەوەبوو
عاشقی نانی گەنمی"یەکشەوە" بوو
شاری بۆکان"حەقیقی" لێرە ئەژی
شوکری ئاووهەوات نەکا چ ئەژی

" بانەمەڕی ١٣٦٣ "

ئەو نوختەی پەرگاری کێوە تەنیایە و دنیایەک نێوە
تۆماری سووری گەردوونە گەردوونەی چەرخی ئەزموونە
مەڵبەندی شیفای ئالامە دەرمانی سارێژی زامە
رۆڵەی شێری وەرکەوتووە بەوری دەوری سەرکەوتووە
مهابادی هیوا بەرزە سەربەرزی پارێزەر مەرزە
کانوونی شیعر و هەڵبەستە نەختێ ئەهلی دڵ بی بەستە
وەفایی دڵداری عیشقە شیعری شیرین شاری عیشقە
باغی سیسەی گوڵی گەشە دڵی بەخەم دەکا نەشە
دەم چۆم و باغ و گوڵزاری بەهەشتێ دێنن بە دیاری
بێ بایەخە بەیبوون لەوێ نەسرین وگوڵ بێ بۆن لەوێ
کەژوو کێوو ماه وزەردی دارو چێوو هەرد و بەردی
خەمتارێن و خۆشی هێنە جێ ڕاوی باز و شاهێنە
کانگەی میرانی سەربەرزە دەنگی بەرزە لەوسەر ئەرزە
گوڵ دایم بازاڕی گەرمە بولبول بێ دەنگی پێ شەرمە
لەو باغانەی رەنگاورەنگن مامڵێ وشاروخ بۆبێ دەنگن
گەر پردی سووری خاپوورە سەددی چەشنی دەریای نوورە
لاوی شێری پێ مامزە کیژی بە مامزی دێ بزە
ئەو جەرگی هێندی میرقازە ئەم سەروی ناز و چاوبازە
بترازێنێ دوگمەی یەخە عوود و عەنبەر بێ بایەخە
لەداوێنی "مەحموودکانی" لەنێو باغ و چۆم و کانی
مردووی لێ زیندوو دەبنەوە دەرد وخەم لەبیر دەچنەوە
"مزگەوتی سووری" جومعانە قوببەی نووری تا کەیوانە
لەمەر قەبرستانی کۆنە کاکی رێبوار بیرت چۆنە ؟
بداق سوڵتان ، مەلا جامی شێخ تەها و ئەوانی نامی
هاتف پێی گوت نیشتمانی کورد ستان بە تۆیە مانی
شێری لانی خاوەن هەستی سووری گەردوون پێت ناوەستی
وەک ئاسمانی حەو نهۆمی بەگرمەی هەوری ناچۆمی

هەورازت هێلانەی بازە — بن بەردت جێ ژوانی رازە
گەرچی تالێ وسوێریت دیوە — چاوت روونە وکوێریت دیوە
بەلام ئێستا رۆڵەت زۆرە — خزمەتت دەکەن بە نۆرە
دەڵێن ئێمە تیرەی مادین — برسی نین تینووی ئازادین!

"بۆکان – ١٣۶۴"

دەستی حیکمەت دوای چوونی چین
لەسنەی دانا یانەی زانین
کۆتری چینەی ئەو زانینە
چەشنی پوورەی مێش هەنگوینە
ڕەستەی ژیر و زانابانە
هەستەی واژە و مانابانە
جێی میری مەزن و مەشهوورە
گەنجینەی تێدا مەستوورە
شاخ و داخی بەزمانی حاڵ
دەیڵێن و حاڵین ئەهلی حاڵ
ئەی راوێژگەی خان و میران!
تەکیەی شێخ و چاک و پیران!
تۆ مانگی ئاسمانی بەرزی
ئەستێرەی رووناکی ئەرزی
بێ شک مێشکی ئەفلاتوونی
چۆن لوقمان و ئەرەستوونی؟
کوانێ سولەیمان و تەختی؟
کوا ئاسەف وەزیری وەختی؟
لە حاند ئامان اللەی والی
کێ بوو خێوی بابی عالی؟
نێوبانگ و نێوی "ئەردەڵان"
لە مێژوودا بەرگی تەڵان
کێیە دی لە حاندی مەردۆخی
دەفی دەنگیدا یا کۆخی؟
" سیّدقطب" ئەودەم کردی گوڵ
چەپکێکیدا دەس " خرّم دڵ "
دەنگ خۆشی داود پێغەمبەر
بو "سەیدئەسعەر"جێما و"مەزهەر"

بۆ مەدحی "دارالاحسان"ی

کێ بێنم وێنەی "حسّان"ی
نووری عەینی بەیتی قودسی
دەدرەوشێ تا عەرش و کورسی
ئەم وەک رووحە وجیسمە "ئەزهەر"
بەڵگەی ناوێ شەمسی ئەزهەر
روانگەی شارو چۆم و باغی
سەیرانگەی سەددی قشڵاغی
پێتی دەنوێنێ دنیای دی
پێی ناوێ گەشتی دنیای دی
بورجی پۆڵای رووییندژی
هەر سەربەرزو خۆش بی و بژی

"بۆکان - ١٣٦٤"

دوڕدانەی خۆشی سەردەشتە
باغ وسەیرانگە و جێ گەشتە
سەرزو سزم و شاخ و داخە
کاخ و کوخ و دار و ساخە
بووکی رازاوەی ئاواتە
شاباشی بەهرە و داهاتە
خشڵی یاقووت و ئەڵماسە
خلکی حەریر و داماسە
خوا ئەرزی قودسی پێ داوە
پیتی هەنگاو بە هەنگاوە
نۆ نەوعی بەهرەی مازووە
عومری نووحی تێدا زووە
گەڵای گەزۆیە و گوڵ میوە
خۆرایی بنێشت و حیوە
مەستوورەی باغاتی "خولدە"
هەرتێیدا هەڵسووڕێ و خولدە
باغی ئیرەم وابوو واچوو
ریشەی لەسەردەشتێ ڕاچوو
"بێورانی" دیقەی بێڕووتە
رەشت و گێلانی پێ ڕووتە
کەس نەیزانی ئاوی ساردی
کەوسەر کێ هێنای کێ ناردی
"خدر" ئاوی ژینی هێنا
کێ شانەی هەنگوینی هێنا
بۆ وێنەی "تەنگی گرژاڵی"
"مانی" باسکی لێ هەڵماڵی
پەشمی پەمبە و زێڕی مس سوو
رەنگی چوو ریسی پس پس سوو

گوێزم! بۆ باغت "زمزیران
نەخشە و نوخشەی لێ هەڵگیران

" ئیرەم" لەحاندی بێ ڕەنگە
باغچەی بەهەشتی بێ، ڕەنگە

دوای سەیری سەرچۆمی"کەڵوێ"
فەرموو بۆنێو باغی "هەڵوێ"

قاسپە و گمەی ئەوناو چڕە
کەوبارە، کۆترە، کورکورە

لەبەر چەشنی میوەی زۆرە
کیژی جوانی چەشنی حۆرە

سەروەو جووتێ سێوی پێوە
سەر وی خونچەی دەم و لێوە

قووتی رووحن مەم و دەمان
دڵ چووزانێ ژەم و دەمان

پۆلی مامز لە گەڵوانن
کاروانی دڵ لەگەڵ وانن

کاتێ دێن بۆ بەڕوو رنین
"کاروانکوژ" دێ بە روو رنین

بۆ دین و گەشتی بەندەنی
کوێرن پاریسی و لەندەنی!

سەردەشتی منداڵ و گەورە
لەحاندی دوژمن وەک بەورە

باغات و ئاوی هەڵدێری
حەوزی بەرز و چۆمی ژێری

زستان، هاوین، پاییز، بەهار
"تجری من تحتها الانهار"

" بۆکان ــ ١٣۶۴"

سەقز بەهۆی ئەژماری " ئەب"
" جەد" یانی" جای علم وادب"
شارێکی مێژوویی کوردە
جێی ئەندێشە و فیکری وردە
بەڵگە و شوێن و شوورەی شاری
سی چل قەرنی داوە دیاری
شێخ و زاهید، زانا و مۆمن
زۆرن نائەژمێرێ بۆ من
دەدرەوشێ نووری عیرفانی
وێنەی غەزایی و عوسمانی
حەسەن شێخی " مەولاناوا"
مەولا لە ناو مەولا ناوا
هۆنەر چەندی بێژی زۆرە
هونەرمەندی کەش بەو جۆرە
شاگردی خەت و نەققاشی
بە موقلە و مانی گوت: ناشی
شاعیر زۆرن جێی شانازی
وێنەی "شپرزە" و " شیرازی "
پارکی شاری لەو داوێنە
دەنوێنێ وێنەی ئاوێنە
جێ گەشتی گەنج و پیرانە
راوێژگەی رۆشن بیرانە
" قەڵای زێویە" و "ناری قەڵا "
لایان مسن نوقرە و تەڵا
گوڵی کێوان " وەنەوشە"یە
چرای ئەو حەول و حەوشەیە
چوارساڵ لە باوەشی دابووم
بە بەر دەمیا هاتووم و چووم

ئێستاش بە بۆنی وەنەوشە
دوای هەشتا ساڵ دڵم گەشە
" مەرخوز" بێشکەی منداڵیمە
جۆلانەی شیرنی و تاڵیمە
گڵکۆی سولەیمانی لێ یە
برای گەورەم هالەو دێ یە

" بۆکان – ١٣٦٤ "

ئەو ساڵەی وا ئارمسترانگ
سواری سەفینەی بوو چۆمانگ
بەهۆی تلسکۆپی قەوی
سرنجیدا کورەی زەوی
سەفینەی دی وەک سەیارە
لەنێو دەریاچێکی دیارە
لەبەر حیرەتکەللەی ماسی
باڵندەی لێ ببوە ماسی
مانگیش دەتگوت بووکی ئاوە
ئاوێنەی بۆ راگیراوە
شاباشی نوقرەی ئەستێرەن
ئەستێرەی عاسمانێ لێرەن
حاسڵ سەرسوڕمانی هێنا
بە یەزدان ئیمانی هێنا
ڕاما و داما داخۆ کوێ بێ؟
ناکا سەیارێکی نوێ بێ؟
جێ بەحرەو دەدرەوشێ ماسە؟!
یا کانگەی دوڕڕ و ئەڵماسە؟!
دەستی مووسا و کێوی توورە؟!
یا مەستوورەی دەریای نوورە؟!
عەرزە و لای رۆژئاوا بوونە؟!
یا بەرگەردانی گەردوونە؟!
سەرلێ شێواو بوو ئەندێشە
" کامپیۆتر" سرنج راکێشە
بە وەرگێڕانی ئەژمارە
بڕیاریدا زرێبارە
دەریای مێژووی مەریوانە
شاری ژووړووی کوردستانە

بە گوێرەی چیرۆکی کۆنە
حێ شاری دەروێشی خۆنە
حاشا بە غەدرو ئاهۆ چوو
زانستی سەنگین بوو ڕۆ چوو
میفناتیسی کەشتی جەوی
تەنیا لەحاندی وی نەوی
مرۆیان بڕوایان وایە
"مریوان" "واو"ی پێش "یا"یە
گشتی زیر و دانشمەندن
نائەژمێرێ بێژی چەندن

"بۆکان ـ ١٣٦٤"

بۆکان مانای سووکی شاران
بنکەی خانان و سەرداران

مەڵای تاقی کیسرا تەرزی
تاقە و چوارن بورجی بەرزی

بۆ پێشوازی عازیزانی
بیستووتە و دیوتەودەیزانی

کاتی هاتی چەرخی گەردوون..
سەوری دێنا بۆ گاو گەردوون

لە حاندی سەرچاوە و چۆمی
چاوەی چۆمی جەیحوون چۆمی

نێوبانگی " گۆمی سەر سەکۆ"
رۆیی بۆ "کۆ"و"باکۆ"و"ماکۆ"

" دەریاچەی ورمێ" و "شاگۆلی "
وان لە قەراخ شار و چۆلی

ئەم ، قەلبی باغات و شارە
عەرز و ئاسمانی لێ دیارە

ئاوی روونی "حەوزی گەورە"
وەک ئاوی کەوسەر بێ غەورە

پانا وکێکە بەحری قولزم
پەرژینی گوڵ! عەینی زمزم

ئاوێنێکی بالا نوێنە
لە مانگێ هەڵدەگرێ وێنە

تەرزەی هەوری گەواڵ گەواڵ
تیشک بێ ئەنگێوێ بەحاڵ

لە تەختی حەوزی بێ غەوشی
چەشنی ئەڵماسێ دەدرەوشی

ئەسکەندەر سەر لێ شێواوە
ئاوی ژین یانی ئەو ئاوە

لە سەر باسکی "ناڵەشکێنێ"
"حەسەن زیرەک" خۆی دەنوێنێ

قووتی رووحە دەنگی خۆشی
خۆش بێ بانەش مابێ خۆشی

دەنگی هەر بزرینگێتەوە
مردووی پێ زیندوو بێتەوە

سی مزگەوتێکی تێدایە
جومعە و جەماتی بەرپایە

شار و دێهات ئەمبەر ئەوبەر
خەتتاتە و نەققاشە و هۆنەر

چۆم و باغ و قۆرغ و مێشە
تەرخان بۆ فیکرو ئەندێشە

" حەقیقی" ماڵی ها لێرە
چاوەڕوانی دووعای خێرە

"بۆکان – ١٣٦٤"

جارێکی بتبینم بانە
دەڕوا لەسەر چاوم تانە
نەخشی خۆکردی داداری
بەهەشتی و نەختیٚ ساکاری
لە سەر نووچکەی روانگەی دیمەن
دیاری وەک باخچەی نێو چیمەن
ئەفسانەی گۆرین دێنیە بیر
مانگی چاردەی کەوتوویە بیر
هەرچی خوا بەو بەندەی داوە
لەو مەلبەندەیدا خولقاوە
دارستان و لێرەوارە
سوختی پوختی بەڕوو دارە
رەز و باخ و شاخ و کێوی
لک و پۆپی ، دار و چێوی
میوەی رەنگا و رەنگی پێوە
لێی شین نەبووە ئێمە وئێوە
هەنار و هەرمێ و سێوو بێ
قاوتلێ دەکەن ئێژن بێ !
مێوژ و گوێز و گەزۆ و مازوو
بەدوای یەکدا دەگەن زوو، زوو!
تووی شیرن خەرمانی سوورە
نوخشەی هەنجیرو هەنگوورە
شان و یالٚ و شیو و دۆڵی
هەرد و بەرد و خاک و خۆڵی
خێرو بێر و بەهرەو پیتە
خەڵکی وێ بی فیکری چیتە
شارێکی زۆر میوانگرە
قەتنەی دیبی پێت ئۆگرە

میـــری و مـەزنـــی"یۆنس خـــانـــی"

" رەزا " نـــووسی لـە دیـوانـــی

" ئـاربـابـا " فەخری "سەیوان"بوو

ئـەو دەم "کاک ئەحمەد" میوان بوو

دەریـــای زانســـتو عیـــرفـانـــە

شـــاری عـەقیـــدە و ئیمـــانـــە

" بۆکان – ١٣٦٤"

شاری شنۆ بورجی بەرزە
قەڵای پۆڵایینی مەرزە
ئەو کێوانەی دەورەی داوە
حەسارە و بۆ دوژمن داوە
رووکاری ئەمدیو ئەودیوی
زەرد و ماە و دۆڵ و شیوی
بانوو بانوو ئەمبەر ئەوبەر
ئەسکەندەر لێی گرتوون سەنگەر
نێوبانگ و نێوی سمکۆیە
گەیبۆ پاریس و مسکۆیە
میر و مەزنی لێ میوانە
مەنزڵگەی شێخی بارزانە
ئەوانەی قوتبی عیرفانن
" عبدالعزیز"و " سوڵتانن "
"ئەحمەد" کۆری بینادڵ بوو
لە باغی عیرفاندا گوڵ بوو
" عەلی" زەرفی عیلمی سەرفە
عالەم لەوڕا بردی سەرفە
بۆ کەس نەی پرسی لەو ناوە
شیعری " ئەمین" لای کێ ماوە ؟
خاکی پاکی بەهرە و خێرە
"شام" وێنەی هەڵگیرا لێرە
چۆمی "گادەر" حەوت و هەشتن
دەشتی گشتی وەک بەهەشتن
یەک دوو رووبار و جۆبارى
جیران بۆی ناردی بەدیاری
باغی دین لەو دەشت وکێوە
رووسووری و سەربەرزی پێوە

شنۆ ! پیری بەڵام شادی !
نۆسەد ساڵی پێش میلادی
ئەگەر دەشڵێی شاهید بێنە
بەردی " کێلەشین" وەخوێنە

" بۆکان - ١٣٦٤ "

خۆشی لەخۆت شاری پاوە
ناوت لە دنیادا قاوە
کورتەی بێرووت و لوبنانی
چاوی راستی هەورامانی
حەول و حەوشت تاکوو سنە
بابولسەر و رامسەر چنە
مەلبەندێکی خوا پێ داوی
وەک باغی شەدادێ ماوی
بۆ گوڵ بۆ لالە و نەسرینی
بولبول کێشکە و تۆ پەرژینی
ئەودەم سەییاح بووم گەشتی بووم
لەگەڵ نووح سواری کەشتی بووم
دیمی لەسەر کێوی جوودی
وێنەی بەهەشتی مەوعوودی

"بۆکان – ١٣٦٤"

گەر مەردی و رەندی تاوانە
وەستۆی دەگرن خەڵکی خانە

کوردی گورد و مەردی مەرزن
لەحاندی دوژمن نالەرزن

دەشت و کێو و هەرد و بەردی
شادەن بۆ جوامێری و مەردی

لە چاکی و راستێدا تاکن
یەکڕەنگ و دڵ ساف و پاکن

لەوێ میوان خانەخوێیە
خانەخوێ نازانی کێیە

پیر و جوانی پیرانشاری
وەک پیرانی وەیسن کاری

"بۆکان – ١٣۶۴"

لە ئەحوالّی ئیمامی گەر دەپرسن چۆنە بێ ئێـــوە
سەری سوڕماوە لەم کوێستانەدا بێ هەمدەم وخێوە
بکەن رەحمێ بە حالّی هەر بەحالّ هێزی لەبەردایە
عەجایب گیری کرد لەم سەرزەمێنەی پڕکەژو کێـوە
مەلّێن کوێستانە جێگای لێی گەڕێن قشلاق وبژوێنە
بەئینسان چی کەحەیوان تێرئەخوات وخەلّقی بێ شێوە
ئەگەرچی گیاوگژی ئەم سەرزەمینە سەوزو تێرئاوە
بەلاّم بۆمن لەدووری ئێوە ویشک و پڕ چڕ و چێـوە
فیداتان بم وەرن لوتفوو هەبێ رۆژی هیلاکەتمــە
نەیەن بێ نێو نیشانم،بێنە لام هەر کامیلم نێوە

.....................................

ئەمە وچەند شیعـری دیکەکە لە مامۆستا سەید کاملی ئیمامی ـ یە ولەو کتێبەدا چاپکراون چەند نامەیەکن بە شیعر کـە مامۆستا لە بەینی سالاّنی ٣١ و ٣٢دا کاتێ مالّی لە کانـــی بەن بوو بۆی ناردوومەتە بۆکانێ کەمنیش هەر بەوشێوەیـــە و لاّمم داوەتەوە.

ئیما مینامەکەی نامی گەیشت و نامە سەرچاوم
لە دووری تۆ دەباریٚ دایما فرمێسکی خوێناوم
بەبیٚ مانگی مبارەک لێم حەرامە چاوەکەم بیٚ تۆ
پڵاوو گۆشت ودۆڵمە و مەشکەفی و فرنی و هەلیماوم
لەبەر رۆژوو نیە، دووری لە دینی تۆیە گەر مردووم
ئەجەل دەورم دەدا هیوای ویسالی تۆیە گەر ماوم
رەفیقانت لە هیجرانت بەجارێکی هەموو سووتان
بەناری عیشقی پاکی تۆ بە تەنیا من نەسووتاوم
کە فەرمووتە فیداتان بم وەرن رۆژی هیلاکەتمە
چ حاجەت هات و چۆ بەینی من و تۆ بۆیە داماوم
لە قوڵڵەی قەلبی یاران خەیمەیی نازت وەها هەڵدا
لە خانەخویٚ و لە میوان غەیری تۆ نایێتە بەرچاوم
لە رێگای عیشقی تۆدا رەهرەوانت هیچی ناوەستن
هەموویان کامیلن وەک تۆ نە هەرمن سەرلەپێناوم
ئەگەر وابیٚ ئەوەی دۆستی حەقیقی بیٚ لەبیر ناچیٚ
بە قەولی کاعەزیز بێت ونەییٚ پێڵاوی سەرچاوم

چ خوش بوو قاسیدی یار شیعری ئاوداروتەڕی هێنــا
ژیاوە باغی ئومێدم ئەوا بــەرگ و بەری هێنــا
هەزار ئەحسەن حەقیقی عەنبەرئەفشانی دەکا شیعرت
فیدات بم قاسیدت موژدە و نەویدی خۆشتــری هێنــا
خەریک بووم من نیساری رێی بکەم هەرچی مەڕومالــە
کەچی دڵ هاتە پێش ماڵ ومەڕی لابرد ســەری هێنــا
لە جوابی شیعری ئاودارو تەڕی تۆ عاجزن شاعیــر
بەسەد زەحمەت بچووکی خۆت دوسێ شیعری شڕی هێنــا
بەعەزمی کوشتنی دوژمن عەجەب غەوغاوو ئاشووبــە
بروی تۆ خەنجەری کێشا موژەی من نەشتــەری هێنــا
لە دووریت مردبووم ئەمما نەسیمی لوتفی تۆ دیسان
مەسیح ئاسا لەگەڵ خۆی نەشئەیی رۆح پەروەری هێنا
کەوا پارچەی غەزەل دەبڕین لەدیوانی مەحەببەت دا
ئەتۆ پشتی غەزەل دەبڕی ئیمامی ئەستەڕی هێنــا

ئەوا سۆزەی بەیان دیسان پەیامی دڵبەری هێنـــا
نەسیمی رووح پەروەر عەتری عوودوعەنبەری هێنـــا
شنەی بای مەرحەمەت دیسان لەلای کوێستانی کانی بەن
چ خۆش بۆنی هەڵاڵە و سوێسنە و سووسەنبەری هێنـــا
نە زیندوو بووم نە مردوو نامەکەت ئاوی حەیاتی دام
نە قاسید بوو نەکاغەز ساقی ئاوی کەوسەری هێنـــا
لە وێنەی سونبول و لالە وگوڵ وگوڵ ئەتلەسی وشەوبـــۆ
حەریروئەتلەس و جەرسە و قەنەوزو مەخمەری هێنـــا
لەرووی نەخش و نیگاری پیرەکوێستانـــی تەبیعەت بـــوو
موهەندس چوو نموونەی رامسەر و بابولسەری هێنـــا
سزد گر زندە گردد مـــردە از نـامـت مسیـح آســـا
کەوابۆ مەسکەنی سەردار نامەی ســەروەری هێنـــا
عەزیزم شەرحی دووری تۆم شەوێکی تاکوو رۆژ نـــووســی
سبەینێ زوو قەڵەم ئیعلانی خەتمی دەفتـــەری هێنـــا
قیامی قامەتت بۆ ئەهلی دڵ قامی قیـــامـــەت بـــوو
قەتاری کۆچ و بارت بۆ موکریان مـەحشـــەری هێنـــا
گڕی دڵ زۆر بەتینە وازوو ناکووژێتـــەوە کـــامیـــل
حەقیقی دەستەچیلـــەی دڵ ئیـمامی ئـاگـــری هێنـــا

گەر دەپرسی چۆنە کامیل کاکە دەردی کاری یە
برسی یە ، بێ هێزو گێژووێژە کاری زاری یە
رۆژ حەواسی پێ نیە شەو خەستە ووتەنبەڵدەڵێی
کۆڵەکێشی کردووە تاکوو سەحەر هاواری یە
وا بڵاوو دەرهەم ولەت لەت بوو وەک زولفی بوتان
فیکر وئەحواڵ و حەواسی عەینی تۆوی شاری یە
غەیری کوندی ماڵ خراپ وویشکەسۆفی ریش درێژ
کێ دەڵێ ئەم وەختە خۆشە گەرچی ئەمری باری یە
مامەلاش رەببی کوت وپڕبێ هەدادانی نیە
کاری هەر قوولە وهەرایە ئەم سەروئەوخواری یە
خۆشی یە لەو چونکە مانگی خێرە سەرفترەی هەیە
دەک بەزووخاوی رەشی بێ هەر بەفیکری زاری یە
نان دەخۆم ئەمنیش بەقوززەڵقورتە ،چا زووخاومە
گەر دەپرسی چۆن دەژی کامیل ئەویش بێ عاری یە

کامیل ئەو مانگی مبارەک فەرزو ئەمری باری یە
مانگی نوێژ وتاعەت وسەرفترە وو دینداری یە
لەززەتی رۆژوو ئەتۆ تێ فیکرە عەینی رەحمەتە
خواردنی رۆژێ ئەتۆ بڕوانە ژەهری ماری یە
دەنگی قورئان خوێندن و اللەاکبر دێ مودام
کەی لەمانگی دیکەدا تۆ گوێت لە دەنگی قاری یە
بیست وحەوتەم حامیلی قورئانە جەبڕیلی ئەمین
حامیلی وەحیی موبین بۆ ئەحمەدی موختاری یە
لەیلەتولقەدری کەوا سەف سەف مەلایک دێنە خوار
دەرکی رەحمەت بازە عاسی وەختی گریەو زاری یە
دەرکی دۆزەخ داخرا دەرکی بەهەشت ئاوالەیە
موژدە بێ رەحمەت دەبارێ باری عامی باری یە
سەیقەلی ژەنگی مسی سالێکە سەرفترە و زەکات
مشت ومالی نەفس و مالە سوننەتێکی جاری یە
مام مەلای بێچارە چبکا ، کاروبارێکی نیە
یازدە مانگان خەوتووە وئەومانگەوەختی کاری یە
کاکەگیان ئێستا "حەقیقی" زەوقی جارانی نیە
تەبعی تۆ سەرشارە ئەمما شیعری من ئیجباری یە

ئەڵڵاهە شوکرێلەکێ عەمەلدەن قوتولموسەن
دوکتور گوتی حەقیقی دێیگوێرم نەئیستەسەن
روون بێ گوتم گلێنەم وبی بینم و بلێم
سەرچاوی من قزلجی بەخێرێی مەلا حەسەن*
جبران هجر سی وسەسالت چەسان کنم
کاین مدّە در فراق تو کم شد ز عمر من
فەسلی بەهارە بولبولی باغی ئەدەب وەرە
حازر لەبۆ نیسارە گوڵی یاس و یاسەمەن
بارانی شەوق ئەبارێ لەهەوری گەوالْ گەوالْ
خەملێوە دەشتو بەندەن و کێووکەژوچەمەن
فەسڵی گوڵانە ، خونچە دەمی دا گەیشتە جێ
خێڵ و قەتاری خەیری و خەتمی ونەستەرەن
فەسڵی گوڵانە کاتی بەیانە بلێم چیە
مەستی تەبیعەتن لە گوڵی سوور هەتاگەوەن
یا سۆزەیێکی دێ ودەشەکێ شۆڕەبی بە ناز
یا سەروی ناز ،ناز دەفرۆشێ بەنارەوەن
لای سوێسنە وهەڵاڵە و بەیبوونبەدینی من
سوێزە خەتایە سوحبەتی میشکی خەتاوخوتەن
قاقای قەتاری قازوقورینگی سەر ئاوەکان
لەو دەشتەپانە مەحشەری کوبرا بەپادەکەن
دڵ نەشئەیە بەباڵەفڕەی کۆتری تەقلەباز
سەرمەستی قاسپە قاسپی کەوی نێوچڕودەوەن
لێم سوور بووە بەهاتنەوەکەت ساڵی دووبەهار
بەو نوکتە باوەڕم نەبوو دەمگوتفشەوقسەن
شەوگاری تارو رۆژی رەشت دی لەڕێی گەلا
ژینێکی چەوت وپڕلە پەژارەوخەمو میحەن
قوربان زەمانی ئێمە مەحەبەتپەڵەی دەدا
ئەوڕۆ کەڵەک بەبارە ،چ شت بۆڵەفێڵ وفەن

تۆ خاوەنی فەزیلەت ومن موخلیسی قەدیم
ئەمما بەکیانی تۆ قەسەم وزانی ذوالمنن

مردوویەرستە جامیعە قەدری سەن ومەنی
وەختێ دەبێ کەشوێنی نەمێنێ نەمەن نەسەن

دووچاوە چاوەکەم هەیەدڵتەنگەجێی نیە
کاولاشی تۆیە هەردوو حەنانی مەلا حەسەن

" سۆکان - ١٣٥٨"

---

لە هاتنەوەی مامۆستا حەسەنی قزلّجی نووسەری بەناوبانگ
- دا گوتویەتی .

سوڵتان برای بەرێز و فیداییم بەگیان ودڵ
دڵ بێ قەراری تۆیە دەسووتێ میسالی کڵ
فرمێسکی چاوەکان و چزەی جەرگی لەتلەتم
وەک قرچە قرچی سیخی کەبابن لەسەر سکڵ
بۆکان وئاوی شۆرەتی یە وبێ وجـــوودی تـــۆ
باغێکی ویشکە دڵ وەرە بڕوانە چڵ بەچڵ
زگماکی ئولفەتی من وتۆ وەک دووانـــە وان
دوو رووحەیەک تەبیعەتەدووجبسمەیەکشکڵ
بەینێکە تۆ نەدێی نە دەپرسی لە حاڵی من
عاقڵ سڵە ببینێ لە یەکتر دووانـــە سـڵ
خاکی دەروونی باغەکەت و دارو چێوەکـــەی
بۆ چاوی دۆستان کلە بۆ دوژمنان چقـــڵ
دنیا چیە لەیەک نەدوێن ونەدیو بـــژیـــن
تۆخوا وەرە هەتا نەکراوە زمان قفـــڵ
ئاوێتەیی محەببەتە ئاوو گڵـــی دڵــــم
تائەودەمەی کەئێسک وپڕووسکم دەبن بەگڵ
تیشەی ئەوینە تیژە نە فەرهادی کۆهکـــەن
شیرینە بێستوونی رەقی کردە خاکی مـــڵ
پێنجن فیداییانی حەقیقی لە رێگـەتـــا
سیپەلک وسیکەتۆرە ووجەرگ و دڵ وسپـــڵ

" بۆکان ـ بانەمەڕی ١٣٦٠ هەتاوی"

جەنابی قازی وەعدەتدا شەوێ دێــم
کەچی وەعدەت شکانـد وشەونەهاتی

حقووقی پازدە رۆژانم خـەرج کـــرد
کە قازی دێ فەراهەم بێ بیساتـی

ترێ و کاڵەک بەپێی فیلان کـڕابــوو
چ کاڵەک هەر وەکوو قەندونەباتی

وەتەییارەی دەچوو هاڕەی سـەمـاوەر
خوڕەی چایی وەکوو چۆمی فوڕاتـی

گەلێکت مونتەزیر بووم ولە پاشـــان
خەبەریان دا کە قازی چۆ دێهاتی

خیلافی وەعدە رەسمی جاهیـلانـــە
لە تۆ عەیبە ئەتۆ قـازی وڵاتـــی

شەماڵ ئەی قاسیدی چالاکی هەوراز و خڕو لێژم
بڕۆ شاری غەریبان و بەرە پەیغامێ پێت ئێژم
بڵێ ئەورۆ لە باغان شینی بولبول بۆ گوڵی سوورە
لە دووری ئێوە ئەمنیش خوێن دەخۆم فرمێسکە دەیڕێژم
عەزیزان گشتو وەک بینایی چاوم بوون لەدەستم چوون
دەسم ناگا بەداوێنوو پلاری کوێری داوێژم
وەکوو نەی کون کونە جەرگم لەبەر ئێشی جودایی تان
لەبەر تاسە و سەرم تاسا لە گێژاوی خەما گێژم
بە یەک یەکیان بڵێ گیانە قەسەم بەو عەهدو پەیمانە
کە بەستوومانە تا ئەودەم چ دەم نێژن چ دەونێژم
لە دروێنەی خەمان شەرتم پەڕیوە سوورە خەرمانم
کەو و بێژنگی تەبعم بوونە هێلەگ چۆنی دابێژم
دەوای زامی دڵم بوون کات وساتی سەردەمی پیری
ئەوا کردی تەشەن دیسان برینی کۆنە ساڕێژم
کراسێکە بەبالای من بڕاوە تاڵ و سوێری ژین
کەهەر ئەسرینە دەیڕێژم کە هەر زووخاوە دەیچێژم
خەزان هات و نەما گوڵ ، ماینەوە تەنیا من وبولبول
نە ئەو یار و نە من هەمدەم خەمی دڵ چۆن دەراوێژم
نزیکی جێژنی قوربانە رمێنی خێر و ئیحسانە
دوعای دەوری حەرەم فریا و کەوێ وپاڕانەوەونوێژم
" بۆکان - ١٣٦٥ "

فیکرو ئەندێشە خەریکی لەوەڕن
هەر وەکوو کاوڕەلەڕی سەرگیشێ

تا قەڵەو ببنەوە بۆ قوربانی
بە دوو کاوڕ بگرن جێی میشێ

پێش ئەوان خۆشە "حەقیقی"لە "منا"
زیبحی تۆ بێت و ملی ڕاکێشێ

پیر دەبێ دارو کەسیش نەی دیوە
کەرەتێ بازی لەسەر هەڵنیشێ

قەدەمت هاتە لەمن بوو بە نەهات
نەشتەرێک بوو لەدڵی دام نیشێ

دڵی من کون کونی ئەو نەشتەرەیە
تەشەنی کردووە جەرگم دێشێ

تا یەڵێ قەهرە لەگەڵ من گەردوون
تا سەروماڵ بکەمە گاوگەردوون

شنەبای رەحمەتی "بین الحرمین"
وەکوو تەشخیسی دەدەن ئەهلی حاڵ

لە"صفا" و"مروه""منا"و"مزدلفه"
واجب و موستەحەب و بەرزوچاڵ

کزەیەک لەو شنەیەت بێ بەنەسیب
شارەزاتر لەدەلیل و ئاواڵ

گەرچی حەج فەرزە بەعومرێ جارێک
لێت قەبووڵ بێ بەتەوافی سەدساڵ

لە شەڕوتیری بەڵای چەرخی چەمووش
کێوی "ثور" و"احد"ت ببنە مەتاڵ

شادی یە خۆشی یە جێژنی رەمەزان
شینە شادی من وشیرینبمتاڵ

بەتەمام سێبەری پیرۆزی هومای
ئەوچەلیش بێتە سەرم لێکدا باڵ

نا یەڵێ قەهرە لەگەڵ من گەردوون
تا سەروماڵ بکەمە گاوگەردوون
لەحەجی "متعە" دڵت تەئمینە
سەرەتای دینی مەدینەی دینە
بارەگای خەتمی روسوڵ مینبەرو بەیت
جەننەتە رەوزە مەلەک پەرژینە
مەقسەدی وەحیە مەسیری جەبریل
مەرکەزی عیززەتە جێی تەمکینە
لەرەسوولانی "اولوالعزم" وخەواس
سەفی ئەرواح لەوێ چین چینە
کاتێ دەستەونەزەری بن مەلەکووت !
پادشایان و سەلاتین چینە ؟
کلەسوبحانی یە خاکی کەل و کێو
پەل وچێو عوود وگوڵ ونەسرینە
خۆڵی بەردەرکی بەدڵ جارووکە
گەسک وئاو ، کاری موژەوئەسرینە
یادی یاران بکە لێت وەردەگرن
مەرکەزی رەئفەتە جێی بەخشینە
فیدیە بێ عەیبە ، خەتابارم من
بۆیە سەهمم نیە لەو ئایینە
نا یەڵێ قەهرە لەگەڵ من گەردوون
تا سەروماڵ بکەمە گاوگەردوون

گوێ لە پەندم گرە کاکی ئاشێر
چت لە نۆبە و مزە ئاش و کەرو تێر

وەکوو بیستوومە دەڵێن ئەو نامە
شیعری هێمن نیە زۆر بێ تامە

نانی ئاردێکی گەلێ بێ پێزە
خاوە بێ پیتە کزە بێ هێزە

چون دەڵێ داری خەزایی ماوە
جا نەمابێ چیە چی قەوماوە؟

داری ئازادی یە ریشەی لە دڵا
داری دی جێی لە تەنوور و لەکڵا

کۆلکە دارێکی رزیو با لاچێ
داخی ئەو دارە لە دڵ دەرناچێ

خۆ شەهیدی وەتەنیش دوو وسێ نین
لاپەڕەی دەفتەری مێژوو خوێنین

یەک و دوو نین وبنەی نایە شەهید
نیشتمان حوجەتە مێژوو شاهید

تا بزانی چیە شوێنی مەردان
خوێنی کوردانە پەڵەی سەر بەردان

بە گرین تازیە لەبۆیان مەگرن
نصی قورئانە شەهیدان نەمرن

ئەوەیە پەندی من و نامەی من
بۆ برا شاعیرەکەم کاک هێمن

سەری سەرکەوتووەکان بێ تووکە
بۆچی پێت وایە قسێکی سووکە

کەچەڵیش هەر وەکوو بارانی پەڵە
مەسەلەی زۆرە هەیاسیش کەچەڵە

ئاوەژووی هێمنی یە تەوس و پلار
تووڕەیی عەیبە برای خۆتە هەژار

ئـەو دەڵـێ هێمن ومن هـا ودەردیــــن
چـونکـە لێـدا ن و هـەڵاتــن مـەردیـن
عیللەتـی چوونە وەشـی بـۆ کـوێستـان
مەسەلە فیـل و هەوای هینـــدوستـــان
لـەو هـەرامانە نیـە چۆتـە کەرەج
لـە ستوونێ بـە ستوونێکە فـــەرەج
کاکی مـن بێنـەوە بیرتکـەم وبێـش
لە گوڵستا ن سـەفـەری دوو دەروێـــش
نیشتنی بـا زی بـەختهـەڵکـەوتــــە
ڕێـی وەهـا بۆ مـن و هێمـن چـەوتـە
کەڕەتێکی بـە نـەسیـم گـوتبــــوو
پێـتبڵێ تازە لـەجێی خۆت مـەبـزوو
گـەلـەکـەی ناسکـە دنیـا خـەتـەرە
پـێ لـەتاتی مـەکـەوە باسی ســـەرە
چونکـە دنیـاکـە هەر ئـەو دنیا بوو
وەکـوو دیبووتلەوەپێـش هەر وابـوو
ئەوە بەینێکـە چـەرخ ســــووڕاوە
من کە لـەو سووڕە سـەرم سوڕماوە
ئـەوکـەسـەی چەرخی فەلەک بووتەختی
روو بـەزوڵمـاتـە ستێـرەی بـەختـی
ئەوکەسەی تـۆ لە دەسـی دەربـەدەری
وا نەوی کەوتە زەوی تەوقی ســــەری
تۆ گوتتنیوەیی ڕێـی بـەغـدا بـــێ
بە پشووی ماوە لـە "ڕۆژئاوا" بـــێ
لە پشووی ئاخری ئـەوجـــار وەرەوە
دوژمنـی نارەحەتـــتبـــۆ دەرەوە
وەرە با ئەو کەڕەتەش بـــتبینـــم
شاعیری شـۆخـی ڕەزا شیـــرینـــم

وەرە بڕوانە دڵی خوێناوم
پێ بنێ بانی گلێنەی چاوم
لە حەقیقی بکە یادێک جار جار
چاوەڕێتم بە ئومێدی دیدار

"بۆکان ـ زستانی ١٣٥٧ "

جەنابی حاجی ماموٚستا مەلاحمەد
بە قورئانێ کەواهادی و موبینە

بەوەی کەم شافیعی روٚژی جەزایە
بەوەی کەم مەهبەتی رووحول ئەمینە

بەدڵ مەمنوونی توٚم چونکی گەیاندت
عەریزەی من بەخزمەت شای مەدینە

بەدینم دینی توٚ ئاواتە بوٚ من
من و توٚ هەردوو ئاواتن بەدینە

ئەگەر بەینێکە مەحرووموم لەخزمەت
قەسەم بەخوا ،نەپەرژانە ، نەکینە

دەڵێن فەرمووی نەبی یا "بوهورەیرە"
بەدووی یەکدا هەموورۆژێم مەبینە

مەحەببەت بازیاتربێ لە بەینا
زیارەت بەینە بەینە گشت ئەوینە

بڵیندی وگەورەییت لەخوا دەخوازم
بەسەربەرزی بژی لەوسەر زەمینە

بروٚ هەر تایفی دەوری حەرەم بە
ئەتوٚ حەجحت قەبووڵە لێم یەقینە

نەسیبت بێ نەسیمی شاری یەسریب
موقەرەب بی لەخزمەت شای مەدینە

ئەتوٚ مەولا منیش دەروێشی سالیک
بەخەرقێکی شروٚڵ و پینە پینە

دەخوێنێ بولبولی تەبعی حەقیقی
دەمێکی دەشت و سەحرا سوورو شینە

قانوونی دنیا هەر وایە
خۆشی ناخۆشی لەدوایە
ئەو بانەی شاری بێ وێنە
ئەوسال چەشنی گۆمی خوێنە
ئەو بانەی وا خۆش و دڵگر
ئەو خەڵکی دڵ زیندوو و نەمر
"با"ی بابردی هەر"نە"ی ماوە
بۆ شین گێڕان هەر نەی ماوە
تەرزەی بۆمی پێدا باری
ون بوو شوێنی شوورەی شاری
لەو شارەی سەرسەوزو شینە
ئەجەل کردی وەک مەل چینە
بێ هیوامان کیژو لاوان
بەچکەی بێ تاوان بێ باوان
شەوی شایی بووک وزاوا
ڕۆژی هیوایان بوو ئاوا
خوێناوی بوو دەسرەی هەوری
پس پس بوو زنجیرەی دەوری
گوڵ پەڕپەڕ بوو بولبول ناڵی
پەروانەم دی سووتا باڵی
بۆمی بەعسی جەرگی بڕین
خاراو تارای لێ هەڵدڕین
ئێستا گشت ئەو دارو چێوە
پەڵە و شوێنی خوێنی پێوە
خزم ودۆستی تازە و کۆنە
کوژران کێ ما بێژی چۆنە
با ڕەش پۆش بن هەورازو چڕ
شین گێڕبن کەوبارو کوڕکوڕ

بـی مەجنـوون بـا خـۆی راژێنـــێ
فـرمێسکـی شـەونـم بـــرڕژێنـــێ

جەرگم سووتـا بـەسکەم بـەحســـی
یـاخــوا مــاڵ وێران بێ بەعســی

برای بەرزم لەپاش تۆ من ئیتر سەیر و سەفا ناکەم
بەمەرگی تۆ بەدڵ مەیلی کەژ و کێو چیا ناکەم
بەداخی تۆ وەها جەرگم بڕاوە حەستەمە ژینم
بەزامو ئێشەوە مەرگم دەوێ دەردم دەوا ناکەم
ئەوا دەشت وچیا شینەو لە خاکی نیشتمان شینە
وڵاتی کوردی غەمگینە دەڵێ تەرکی عەزا ناکەم
لەباغان پەڕپەڕن گوڵ ،بولبول وقومری دەناڵێنن
منی دڵ خەستە جا چۆن مەحشەری کوبڕا بەپا ناکەم
هەوارچی تازیەدارن چادروچیغ رەشپۆش و خەمناکن
هەڵاڵە وسوێسنە دژ ماون بە لالەی گەش بەقا ناکەم
هەوایە دەشت وسەحرا مەیلی کوێستانم لەلا بایە
هەوای تۆم تا لەسەردایە،هەوای ئاوو هەوا ناکەم
کەلاوی کردووە ئەستێری خەم بۆنێو کەلاوەی دڵ
هەموو شینگا زەلن خاکی پەتی تێدا پەیا ناکەم
فیراقی تۆم وەکوو " حج الوداعێ" دێتە بەر چاوی
ئەگەر فیدیەت دەوێ فەرموو بە غەیری سەرفیداً ناکەم
لەنێو گەل قاوی مەرگت شوێنەوارێکی وەهای دانا
لە خوێناوی خەما غەرقم ئەگەر چاکی ئەدا ناکەم
بەهارە وبولبولی باغی ئەدەب "هێمن"دەڵێ ئەوجار
لەباغان بۆگوڵی نەورەس ئیتر نەغمە ونەوا ناکەم
بەسروەم دێتە گوێ دەنگی سەلاح الدینی ئەییووبی
دەڵێ کوردێکی دڵسۆزی لە هۆزی خۆت جودا ناکەم
پەژارەو مەینەتت زۆر دی لەدنیا خاترت جەم بێ
خودا فەرموویەتی رەنجی عیبادم بێ جەزا ناکەم
وەکوو دیوانی تۆ " تاریک وروونە" ژینی من ئەمما
لەبەر ناڵەی جودایی تۆ،خەیانی خەم بەبا ناکەم
لەسەر کەیکی تەمەن شەم نایسێ جارێکی دی قوربان
ئەجەل مەودای نەدا دەیگوت بە عەهدی کەس وەفا ناکەم

" حەقیقی" چاوەڕێی دیداری تۆ بوو داخی داخـــانـم
نەنیشت ئەوبازە بەختی من لەبەختی بەدنیا ناکەم

مەهاباد ـ ١٣٦٥/١/٣٠"

کەوو کوڕکوڕ لەسەر دوندی چیای شیـــن
دەناڵێنن لە شینی مەرگی هێمـــن
لە باغان بولبولی غەمگین دەناڵێ
دەڵێ لەو شیعر و هەڵبەستم دەوێ مـن
گوڵی باغی ئەدەب ژاکا لە ناکاو
بەبێ وی زەردە رەنگم وەک بەهێ مـن
لەنێو باغی گوڵان شەونم دەبارێ
دەڵێی فرمێسکە دیتم دوێ شەوێ مـن
وەهای دادا هەور بارانی ئەسرین
بەراوو شینە هەرچی ویشکەدێمـن
بنەوبارگەی تەمەنمان گەییە ئاسۆ
لەوێ ئەو تێ پەڕی ماوم بەجێ مـن
لە دووی ئامانجی دڵ نەسرەوت و ڕۆیی
لەژانی ئەو دڵم چۆن بسرەوێ مـن ؟
لەپاش تۆ شاعیری بەرزو بەڕێزم!
قەت ئاواتی دڵم نایێتە جێ مـن
لە دووریت تازە دڵخۆش بم محاڵە
بەنەغمەی بولبول و قاسپەی کەوێ مـن
بەبێ تۆ جەرگی من سووتاوە "هێمن" !
ئەمن ئاوام ،ئەتۆ چۆنی بەبێ مـن
ڕەفیقان !دڵ بریندارە " حەقیقی "
دەوای ئەو زامە داوا کەم لەکێ من

---

ئەم هەڵبەستە بۆ شین گێڕی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن لە شاری مەهاباد لە "مزگەوتی سوور" خوێندراوەتەوە .مامۆستای پایەبەرزی کورد هێمن لە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٦ی هەتاویدا لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کردو لەشاری مەهاباد بەخاک ئەسپێردرا .

ئەو دەمەی دەشت و چیا رەنگین بوو
کێو وکەژ پڕ لەگوڵ ونەسرین بوو
بولبولی باغی ئەدەب گوڵچین بوو
لە کەمین دا بوو خەزان غەمگین بوو
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەرەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
لە غەمت رەنگی خەزەڵوەر زەردە
دڵی دەی ئاوە ئەگەر وەک بەردە
بە تەبیبانی بڵێن بێ پەردە
بۆچی دەرمانی نەبوو ئەو دەردە
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەرەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
لەشکری غەم بە دەروونم وەربوو
گڕی ئاور لە دڵ و گیان بەر بوو
مەرگی بێ وادەی تۆ مەحشەر بوو
ئێشی ئەو نێشە بەسەد خەنجەر بوو
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەرەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
لە دڵی باب و برا غەم بارە
لە هەموو شوێنەوە جێی تۆ دیارە
چیە ئەو شین و هەراو هاوارە
کۆچی بێ وادەی " کاکەسوارە "
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەرەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
خوێنە فرمێسکم و چاو بێ نوورە
بۆیە داوێنی فەلەک واسوورە
رۆژی روونم بە شەوی دەیجوورە
" سوارە" دیداری قیامەت دوورە

چیمەنی تافی جوانیت شین بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو
بووی لەنێو باغی گولان تاقە گولێ
چ گولێ سەد خەم و سەد دەرد و دڵێ
داخەکەم ئێستە " حەقیقی" چ بڵێ
چاوو دڵ چۆن نەگری چۆن نەکوڵێ
چیمەنی تافی جوانین شین بوو
هەڕەتی ژین بوو چ وادەی شین بوو*

---

ئەم شیعرە لە شین گێری سوارەی ئێلخانی زادە ،پێشەوای ڕێبازی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا گوتراوە. سوارە لە ساڵی ١٣٥۴ی هەتاوی لە تەمەنی ٣٧ ساڵی دا جوانەمەرگ بوو و بەو کۆچە بێ وادەیە نەمامی سەرسەوزی شیعری نوێ بێ باغەوان مایەوە

لە کوێن ئامادەکانی خزمەتی دیــــن
لەبەرکەن کوێن و سۆرانی بکەن شیـــــن
لەکوێن ئەو باب و مامانەی کەدوێنـێ
بەشی وان بوو بەتەنیا عیزز وتەمکیـــــن
لەکوێن کۆ ببنەوە عێـل وعەشیـــرەت
ئەوانەی تالبی نێوبانگی بــەرزیــــن
ببینن چۆن شەمی گـەلیـــان کـــوژاوە
چلۆن سووتا وەکوو پەروانە پەرویـــــن
لە مەرگی "موهتەدی" هاونێوی"صدیـق "
فەلەک دەگری ،مەلەک بۆچی نەکا شیـــن
کوڕی هاونێوی "بەستامی" بلێ کــێ ؟
کتێبی جلدی پێنجی نـاشـــری دیــــن
بەهۆی فرمێسکی خـوێنین لالــە سـوورە
لەحاندی جەرگی رەش‌دامـاوە نـەسریــــن
عەزیزم ! مەرگی بێ وادەت لە ناکاو
لە نەیزاری دڵانی دا گــڕ و تیـــــن
خەمت شادی بــەزێــن و دڵتـــەزێنـــــە
عەزا بۆ کۆتەڵت ئەسپان دەکا زیـــــن
شەل و کوێر وفەقیران بێ پەنا ، مـان
هەتیو ماون ، سەغیرباران و مسکیـــــن
بە حەق ئەو ئیرسە هەر بۆتۆ بەجێ مـا
سیفاتی یاری غاری سەروەری دیـــــن
گەلێ مزگەوت و میحرابت بینـا نـــــا
لە بۆ دینی موبین و شەرع و ئـاییــــن
ئەتۆ و مردن ،، ئەتۆ مردن محالـــە
ئەوانەی ئەهلی عیرفان و مـەعـانیــــن

دەڵێن : قەت نامرێ مەردی نکوو نام
کە خێراتی ،حەیاتی جاویدانین
وەپێشت خستووە تێشووی قیامەت
گوڵی و ئاکارەکانت بوونە پەرژین
لە چاکەی چی خودا فەرموویە کردت
لە رێی حەقدا ، خودا بت بەخشێ ئامین
" کرام‌الکاتبین " نووسی لە نامەت
سەوابت بۆ " لقاء‌الله"یە کافین
لەپاش تۆ ئەی گوڵی باغی سەداقەت
ئەتۆخوا پێم‌بڵێ مێهر ووەفا چین
حەقیقی ! ئولفەتی رۆژاتی لاوی
بە پیریش‌هەروەها گەرمە ودەدا تین

---

ئەم پارچە هەڵبەستەی لەشین گێڕی حاجی ئەبووبەکری موهتە ـ دیدا گوتووە.خوالێخۆشبوو حاجی ئەبووبەکرئاغا کوڕی حاجی بایزئاغای ئێلخانی بوو. بنەماڵەی ئێلخانی (موهتەدی) لە ناوچەی بۆکان دا زۆر بەناوبانگن وپیاوی گەورەیان زۆر لێ هەڵکەوتووە. حاجی ئەبووبەکرئاغا زۆر سەخی وبەدڵ ودەروون بوو. زۆر خواناس و بەئیمان بوو وزۆری یارمەتی فەقیر و لێ قەوماوان دەکرد و لە موکریان دا زۆر بەناوبانگ وهەڵکەوتوو بوو.

ئەو مێرخاسە لە ساڵی١٣٦٦ی هەتاویدا لەشاری بۆکان کۆچی دوایی کرد.

هەی بێنە شەراب و کاسەکەی لێ پڕکەن
زانیوتە چیە تێی کەن و خوێ لێ مڕکەن ؟
هێندێک تولۆخە و ترێ ڕەشە و کەرخنکێن
شێلاویە بە پێخواسی جوێکی...کەن

بڕوانە سەروسەکوت ودەم و لەوسی مەس
لاکەی سەری دێ بۆگەنە ،عومری سەگی هەس
مەیخانەچی وەک جوو خمی لێ شێواوە
مەی تێ کەر ومەس دەبێتە هەرکەس هەرکەس

چایچی وەرە چای تازەدەمم بۆ بێنە
دەم خونچەگوڵم دەمێ دەمم بۆ بێنە
گەر شێخ ومەلا بەسێوو مێو هەڵخەڵەتان
من شێتی شەمامەتمەمم بۆ بێنە

چاو مەستە بەیانە ڕاپەڕە هەستە لەخەو
بۆم لادە لەسەر رووی مەتی رۆژ پەرچەمی شەو
چای دەمکە بنێ دەمم دولێوی قەندت
گوێ هەڵخە لەدەنگی بولبول وقاسپەی کەو

چایچی وەرە بەو پەنجەوفینجانی بلوور
چای تێکە نەڕەش بێت و نەزەرد،خالس سوور
شیرین کە دەمم بنێ دەمم قەندی دەم
نەشئەم کە بە یەک چای ودوچاوی مەخموور

چایچی وەرە چای تێکە نەوێژی چای چی
باسی کەروگا بەسیە کەری چی گای چی
کەللەی دەهەزار قەیسەر و دارا بووە خاک
خۆڵت وەسەری قەیسەری چی دارای چی

چایچی رەمەزانە ویشتە سۆفی گێژن
چا خواردنەوەم دەگاتە سێسەد ئێژن
سی روژە لەبۆم تێکە ژەمێ سێ چایی
با سیشی قەرز بێ تاکوو رۆژی جێژن

بۆم پڕکە سەماوەرێ لە ئاوی سیروان
بۆم بێنە لە چای ئاخپەڕ و قەندی شیروان
تاق لێ مەدە دیوتە تاقی کیسرا رووخا
ئەو عومرە وەفای نیە نەما نۆشیروان

دنیا کە تیا ژیانی شێوو وەردە
هەم شیرن و تاڵە هەم شیفا هەم دەردە
داخۆ چیە چاندووتە چ دەدروویەوە لێی
داخۆ چ دەبێ بەرهەمی ئەو شێوەردە

دنیا کە تیا مانی کش و ماتێکە
سەدساڵی ئەگەر تیا بژی ساتێکە
رابردوو نەما نەهاتوو نازانی چیە
ئەو هاتن و چوونە هەر یەک ئافاتێکە

بارام کە بەور سڵ بوولەشوێنی گۆڕی
چەرخێکی فەلەک نەشان نە شوێنی گۆڕی
لەو رۆژەوە نیشتە سەرملی بەوری ئەجەل
نە شوێنێ لە بارامە نە شوێنی گۆڕی

عومرێکی ئەمانەتی بە خۆڕایی چوو
فایدەی چی پەشیمانی بە پەککوو ،پەککوو
بۆ کوێ دەچی بۆ هاتی ئەرێ چت بە چ کرد
نەقدێ بوو لەدەس دەرچوو بەهیچی یا هوو

خۆت باخەبەری لە کردەوەو ئاکارم
زۆر نامەسیام خراپە کار و بارم
غەیری کەرەمت هومێدی دیکەم نیە من
ناگاتە کەسی دی غەیری تۆ هاوارم

سەدخۆزگە دەمێکی تۆوی گەنمی دەڕوا
باپیرە بە شەیتانی نەبووبا بڕوا
لەوساوە منالی‌دا کەواو بابە دەمێ
رۆژی لە شەوی رەشترە هەر دێ و دەڕوا

چایچی وەرە چای دەمکە نەکەی باسی مەی
ئەفسانەیە مەی،کۆنەپەرستی تا کەی
کەی کێ بوو، چلۆن بووکەی بووە،خوسرەوی کەی
قەتخۆ مەکە ماندوو بەکەی و مەی تا هەی

تا فەسڵی بەهارە باغ و دەم چەم خۆشە
شیر و شەکەر و شەوو شەم و مەم خۆشە
هەمدەم سەنەمێ خونچە دەمێ چاومەستێ
دوو مەم بە دوو دەستودەم لەسەر دەم خۆشە

دەرمانی هەموو دەرد و خەمێکە چایی
ئاکامی هەموو ژەم و دەمێکە چایی
چای دەمکە دەمێک ودەم بنێ نێو دەمی یار
دەمسازی هەموو خونچە دەمێکە چایی

شەوگاری درێژی پایز و ڕۆژی بەهار
زۆر کورت و کەمن ئەگەر لەگەڵتا بێ یار
چاییش یەک و دووی زۆرکەمە مەشهوورەدەڵێن
یەک کەم ،دووخەمە ،سێژەمە ، بۆم تێکە چوار

دەرمانی هەڵامەتێ حەب و دەرزی نین
چای دەمکە بەزەنجەفیل و هێل و دارچین
زستانە ئەگەر ، بڕۆ لە کورسی بخزێ
عارەق بڕژێنە نێوە نێوە و چین چین

خزم وکەس وکار و باب و باپیری ئەوان
هەرکەسکە ببێ لە شاو گەداو پیر و جەوان
ڕۆژێکی دەبێ بچێتەوە شاری عەدەم
سەد حەیف کور و نەوەی ئەوان هەر لەخەوان

ڕۆژانی ژیان هەڵاتنە و ئاوا بوون
ڕێگایەکە دایک و بابی تۆی پێداچوون
ئەو ماوە کەمەی بە تاڵی رامەبوێرە
بێهوودەیە خواردنی خەمی بوون ونەبوون

تۆ خاوەن و خانەخێو منیش میوانم
بۆ هەر شتێ رێم نیشان نەدەی نازانم
لێم سووره دەبووری لە گوناهم چونکە
لێت سووره کە من بە تۆ هەیە ئیمانم

رەحمان و رەحیمی بە غەزەب مەمبینە
زۆر دووره لە رەحم و میهرەبانی کینە
من عەبدی گونەهکارم و تۆ بەخشندەی
بمبەخشە نیشانەی کەرەمێ بەخشینە

سەد شوکری بکەی ئەگەر بە هەنگاوێکی
قەت ماندوو نەبی لە تاعەتی تاوێکی
سیفرێکە لە راستی نیعمەتی دوو گوێچکە
نیوسیفرە لە شوکری نیعمەتی چاوێکی

شێخێ بەژنێکی فاحشەی گوت مەستی
هەرتاوە بەدەس یەکێکەوەی ناوەستی
پێی گوت بەلێ من وەکوو دەفەرمووی ئاوام
تۆ چون؟ وەکوو خۆ نیشان دەدەی بێ هەستی ؟[1]

گوێ بگره لەگەلّ تۆمە رەفیقی گیانی
رووخۆش و زمان خۆش بە لەگەلّ میوانی
ساردی و سرِی وو درِی بەشی حەیوانە
خۆ دوور خەرەوە لەوانە تۆ ئینسانی

داخ و کەسەرت ئەگەر یەکە مەیکە بە دوو
خەم بێ سەمەره لەدووی شتی رابردوو
چت چاندووە توو، هەر ئەوی لێ هەلّدەگری
ئاواتی عەبەس خەیاری ناکاتە کەدوو

پێت خۆشە نەبینی هەیبەتی رۆژی بەرێ
دووربی لە بەلاّی زالّم وفیتنە و خەتەرێ
پێویستە لەگەلّ خەلّکی زمانت خۆش بێ
چون مار بەزمانی خۆش لەکون دێتە دەرێ

١- ئەم چوارینە وەرگێراوی شیعری خەیامە

ئای لەو هەموو نیعمەتە تەماشا چاو چاو
سەد جۆرە غەزاو میوە لەگەڵ نان وئاو
شوکری کەرەمت چلۆن بەمن دەژمێرێ
ئەی ئەوکەسی تۆ داوتە بەمن گوێچکە وچاو

**کۆچی بەشەو**

مانگی گولانی هەزار وچوار سەد وحەوتە
ئایەتی "مازاغ" باسی چاوی بە خەوتە
نووری جەمالێت جیهانی کردە چراغان
رۆژی هەلاتووی چ هەولێ کۆچی بەشەوتە

بۆکان ـ بانەمەڕی ـ ٦٦

**داری تەمەن**

بە توانجی لچ و لێو ، چاو و برۆ
رۆژگار قەلسە دەگێرێ لە مرۆ
گەرچی گەندەڵ بووە داری تەمەنم
دەردەکا مانگی گولان وردە چرۆ

بۆکان ـ بانەمەڕی ٦٦

## تووکی شۆرەتی

کەوتم دەسم شکاو بە عەمەل رۆیی حوکمی چاو
باوم نەماوە باوە، بەفوو بەندە عومری ماو
تەنیا لەمن کراوە دەڵێی تووکی شۆرەتی
ئێستا بە چاوی کوێرەوە دەگرم دەسی شکاو

بۆکان ـ ٦١

## شاعیرنوما

نەکەی باوەڕ بەوەی شاعیر نومایە
نە سەرمایەی هەیە چونکە نەمایە
دزیت بۆ هەڵدەڕێژێ پڕ بە تێرێ
لەبەر خۆی شینی ئاوالان دەگێڕێ

## هەرمێشک

نانی برشتە و کەرەی دۆ لەسەر
لەگەڵ لە مەشکە وتەنوور هاتە دەر
تێکی هەڵشێلە و بیکە هەرمێشک
بیخۆ قازانجە بۆ خوێن و مێشک

**نام کتاب :** دیوان حقیقی
**نویسنده :** عباس حقیقی
**ناشر :** مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی
(انتشارات صلاح الدین ایوبی)
**تیراژ :** ۳۰۰۰
**چاپ اول :** ۱۳۶۷

دیوان حقیقی

آدرس : ارومیه : صندوق پستی ۷۱۷ . تلفن ۳۵۸۰۰

قیمت ۸۸۵ ریال